تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6009) سێشەممە 22ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

ڕۆڵی مامۆستایان و گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە بەرەودانی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و قبوولنەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارە و لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە



سەرۆك بارزانی بەبۆنەی ٥٠ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند «پێزانینم هەیە بۆ ڕۆڵی بەرزی مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی گەلەکەمان چ لە ڕووی بڵاوکردنەوەی بیروڕای خوداناسی و قوولترکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تووندڕۆیی و ئینکار لە ناو خەڵکی کوردستاندا، جگە لەوانەش ڕۆڵی مامۆستایان و گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە بەرەودانی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و قبوولنەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارە و لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە».

(دەقی پەیامەکە لە لاپەڕ 3ـدا بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئیسپانی کرد



سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢١ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز خوان خۆسێ ئیسکۆبار باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق و شاندێکی بازرگانیی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ئیسپانیا بەتایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا تاوتوێ کرا و سەرۆك نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەك پێشکەش بە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرانی ئیسپانی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی کار و سەرمایەگوزارییان بۆ بڕەخسێت و هاوبەشی و بەشداری لە بنیاتنان و پەرەپێدانی کەرتە جیاکانی هەرێمی کوردستاندا بکەن.

دۆخی ناوچەکە بەگشتی، پرۆسەی سیاسی لە عێراق، پەیوندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، مەترسییەکانی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

محەمەدی حاجی مەحمود:

هەقە ئەگەر لەگوندێکیشدا بێت ئێمە کارتی ریفراندۆم بەکاربهێنین و دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنین



محەمەدی حاجی مەحمود کەسایەتی سیاسی دیاری کورد لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکادا باس لە ساڵیادی ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠١٧/٠٩/٢٥ دەکات و دەڵێت، من پێم وایە ئەگەر ئێمە تەنها گوندێکیشمان لە کوردستان هەبێت حەقە کارتی ریفراندۆم بەکاربهێنیین و دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنیین لەیەك گوندیشدا بێت لای من گرنگە نەك ئەوەی کە ناوچەیەکمان لەدەست نییە و ناوچە دابڕاوەکانمان لێ دوورە، کە لە گوندێك ڕامانگەیاند، من پێم وایە خۆی بۆ خۆی دەگاتەوە هەموو شوێنەکانی تر، چونکە ئەو ڕۆژەی کە دەنگ درا، ئەوانەش کە ناحەزی بوون و دوژمنی بوون نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم ئیرادەی خەڵکدا بگرن هەموویان چوون دەنگیاندا و پەنجەشیان بەرزکردەوە.

(زیاتر لە لاپەڕ بخوێنەوە)

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سەنتەری هەماهەنگیی فریاکەوتن (122)و بانکی خوێن دەکات

مەسرور بارزانی: سوپاسێکی گەرمی هەموو پزیشک و فەرمانبەر و کارمەندانی تەندروستی دەکەم کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەترسیی دەبنەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هاوواڵتییان



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە چوارچێوەی بەسەرکردنەوەی دامودەزگا حکومییەکان و نرخاندنی کۆشش و ماندووبوونەکانی کارمەندانی تەندروستی ، لە شاری هەولێر سەردانی سەنتەری هەماهەنگیی فریاکەوتن (١٢٢) و بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنیی کرد. سەرۆکی حکومەت بەشەکانی سەنتەری فریاکەوتن و بانکی خوێنی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە لە کێشە و خواست و داواکارییەکانیانی کۆڵییەوە و سوپاسی ماندووبوون و شەونخونی سەرجەم کارمەندانی تەندروستی کرد کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە خزمەتکردنی هاوواڵتییان هەیە، بەتایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

(زیاتر لە لاپەڕ 2،1 بخوێنەوە)



ئاڵۆزییەکانی شنگال پیلانی پەکەکەیە دژی ئێزدییەکان جێبەجێ دەکرێت

(زیاتر لە لاپەڕ 4،1 بخوێنەوە)



وەبەرهێنانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ساڵ دوای ساڵ بەرزتر دەبێتەوە

ئەمڕۆ 2020.9.22 یەکەم ڕۆژی (وەرزی پاییز)ـە لە نیوەگۆی باکوور و یەکەم ڕۆژی (وەرزی بەهار)ـە لەنیوەگۆی باشووردا





سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا دەکات

دوێنێ دووشەممە ٢١ـی ئەیلوولی ٢٠٢٠ سەرۆك مەسعود بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرەخۆشی لە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد بۆ کۆچی دوایی خاتوو (پرشەنگ ڕەشید عەبدولکەریم) هاوسەری شێخ جەعفەر شێخ مستەفا و هاوخەمی خۆی پێ ڕاگەیاند.

پەیامێکی سەرەخۆشی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی کۆچی دوایی هاوسەری شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە و دڵنەوایی جێگری سەرۆکی هەرێم و کەسوکار و خانەوادەی کۆچکردوو دەداتەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (پرشنگ ڕەشید عەبدولکەریم) ی هاوسەری بەڕێزتانم بیست. پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە ئێوە ببەخشێت .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢١/٩/٢٠٢٠

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەخۆشی لە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا)جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

بەڕێزکاک (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا)جێگری سەرۆکی هەرێم.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوسەری بەڕێزتان خاتوو(پرشنگ ڕەشید عەبدولکەریم)مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کار و بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٠/٩/٢١

هێمن هەورامی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا هاوخەمیی خۆی گەیاندە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان



بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمیی خۆی بۆ کۆچی دوای هاوسەری بەڕێزیان، دوای نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێگەی تەلەفۆن پەیامی هاوخەمیی خۆی گەیاندە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی (پرشنگ ڕەشید عبدالکریم)ی هاوسەری بەڕێزیان.

لەپەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی بۆ لەدەستدانی پرشنگ خان، هیوای خواست دواناخۆشیی بنەماڵەکەیان بێت و خوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سەنتەری هەماهەنگیی فریاکەوتن (١٢٢) و بانکی خوێن دەکات

مەسرور بارزانی: سوپاسێکی گەرمی هەموو پزیشک و فەرمانبەر و کارمەندانی تەندروستی دەکەم کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەترسیی دەبنەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هاووڵاتییان



ئەم ماوەیە بۆ کڕین و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەستەخانە و ئامێری پێویست، نزیکەی بیست و سێ ملیار دینارمان خەرج کردووە بۆ دابینکردنی سیتی سکان و ئێم ئارِ ئای و ئەو پێداویستییە پزیشکییانەی لە خەستەخانەکان پێویستیان پێی هەبووە، هەروەها چل ملیار دیناریش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە لە لایەن حکومەتەوە تەرخان کراوە کە بێگومان کاریگەریی هەبووە لە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانە، لەم ماوەیەی کە پەتای کۆرۆناش هاتووەتە کوردستان زیاتر لە چلو پێنج ملیار دینار لە لایەن حکومەتەوە لە هەموو شارو شارۆچکە و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خەرج کردووە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پەتایە ببینەوە

دوێنێ دووشەممە ٢١/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە چوارچێوەی بەسەرکردنەوەی دامودەزگا حکومییەکان و نرخاندنی کۆشش و ماندووبوونەکانی کارمەندانی تەندروستی ، لە شاری هەولێر سەردانی سەنتەری هەماهەنگیی فریاکەوتن (١٢٢) و بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی کرد. سەرۆکی حکومەت بەشەکانی سەنتەری فریاکەوتن و بانکی خوێنی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە لە کێشە و خواست و داواکارییەکانیانی کۆڵییەوە و سوپاسی ماندووبوون و شەونخونی سەرجەم کارمەندانی تەندروستی کرد کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە خزمەتکردنی هاووڵاتییان هەیە، بەتایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

پاشان سەرۆکی حکومەت لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوە دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە کەرتی تەندروستی دەدات. **ئەمەش دەقی لێدوانەکەیە:**

خۆشحاڵم ئەمڕۆ سەردانی سەنتەری هەماهەنگیی فریاکەوتن (١٢٢) و بانکی خوێنمان کرد .هەروەک دەزانن کەرتی تەندروستی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە و ئێمە زۆر مەبەستمانە گرنگییەکی زۆر بە کەرتی تەندروستی بدەین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکی باشتر بە هاووڵاتییانی خۆشەویست بگەیەنین. وەک هەموو کەرتەکانی تر بەداخەوە بەڵام ئەم کەرتە ژێرخانێکی تەندروستیی لە سەر بنەمای ستانداردی جیهانی لە کوردستان تا ئێستا بوونی نەبووە . ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی و پسپۆڕەکان بۆ ئەوەی بتوانین گەشە بەم کەرتە بدەین تا بتوانین زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان بکەین . من لێرەوە دەمەوێ سوپاسێکی گەرمی هەموو پزیشک و فەرمانبەر و کارمەندانی تەندروستی بکەم . چ ئەوانەی لەم سەنتەرانە ئێش دەکەن یان ئەوانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەترسیی دەبنەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هاووڵاتییان ، بە تایبەتی ئێستا کە ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووین . بەداخەوە هەندێک لە پزیشک و فەرمانبەرانیش گیانیان لە دەستداوە . من سوپاسێکی بێ پایانی هەموو ئەو پزیشک و ئەو فەرمانبەرانە دەکەم کە لە هێڵی پێشەوەن بۆ ڕووبەڕووونەوەی ئەم پەتایەن. داوا لە هەموو هاووڵاتییانیش دەکەم لە پێناو سەلامەتی خۆیان و کەسوکاریان، خۆیان بپارێزن.

ئێمە لە حکومەت ئەم ماوەیە بۆ کڕین و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەستەخانە و ئامێری پێویست ، نزیکەی بیست و سێ ملیار دینارمان خەرج کردووە بۆ دابینکردنی سیتی سکان و ئێم ئارِ ئای و ئەو پێداویستییە پزیشکییانەی لە خەستەخانەکان پێویستیان پێی هەبووە . هەروەها چل ملیار دیناریش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە لە لایەن حکومەتەوە تەرخان کراوە کە بێگومان کاریگەریی هەبووە لە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانە . لەم ماوەیەی کە پەتای کۆرۆناش هاتووەتە کوردستان زیاتر لە چل و پێنج ملیار دینار لە لایەن حکومەتەوە لە هەموو شارو شارۆچکە و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خەرج کردووە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پەتایە ببینەوە . ئەوەی لە سەر ئێمەیە بێگومان دریغی ناکەین و دەیکەین بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستیمان بە هاوکاری و خۆپاراستنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ پاراستنی خۆیان و کەسوکاریان و ئەو پزیشک و فەرمانبەرە ئازیزانەی کە لە خزمەتی ئەواندان . من جارێکی تریش سوپاسی هەموتان دەکەم .سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاووڵاتییانی خۆشەویستدان . هیوای سەرکەوتن و تەندروستییەکی باش بۆ هەموو لایەکتان دەخوازم.

هەرێمی کوردستان ئەلقەی گرێدانی نەوت و غازە لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا

لێکۆڵەرێکی میسری: جیهان واز لە پاڵپشتیی کورد ناهێنێت



لێکۆڵەرێکی میسری دەڵێت، هەرێمی کوردستان شوێنێکی جوگرافیاییی گرنگی هەیە و فۆکسی جیهان لەسەر هەرێمە کوردستانە، بۆیەش وڵاتانی جیهان دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەو و بەهێز بکەن. محەممەد ڕەبیع دێلەهی، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە میسر دەڵێت: ئێستا شوێنی جیۆسیاسیی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە بووەتە خاڵێکی بەهێز، لەبەر ئەوەش، وڵاتانی جیهان بە گرنگییەوە تەماشای پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن.

محەممەد ڕەبیع دێلەهی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: هاتنی سەرۆك و سەرکردەکانی جیهان بۆ هەرێمی کوردستان مانای بەهێزبوونی سیاسەتی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتیش لەدوای داواکردنی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وڵاتانی جیهان زیاتر گرنگی بە هەرێمی کوردستان دەدەن، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانیش ڕابگەیەندرێت ئەوا هێزی کوردان زیاتر دەبێت.

ئاماژەیشی دا: هاتنی سەرکردەکانی جیهان بۆ هەرێمی کوردستان خاڵی بەهێزی کوردستانە، چونکە هەموویان تێگەیشتوون کە هەرێمی کوردستان ئەلقەی گریدانی نەوت و غازە بە ئەورووپاوە.

ئەو پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ڕاشیگەیاندووە: جیهان لەوە گەیشتووە کە ئەوە کوردەکان بوون توانییان ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە و بەسەر تیرۆردا سەر بکەون، بۆیە جیهان واز لە پاڵپشتیی کورد ناهێنێت.

پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

ڕۆڵی مامۆستایان و گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە بەرەودانی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و قبوونەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارە و لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە





دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢١، سەرۆك بارزانی بەبۆنەی ٥٠ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند «پێزانینم هەیە بۆ ڕۆڵی بەرزی مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی گەلەکەمان چ لە ڕووی بڵاوکردنەوەی بیروڕای خوداناسی و قوبوڵنەکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تووندڕەوی و ئینکار لە ناو خەڵکی کوردستاندا، جگە لەوانەش ڕۆڵی مامۆستایان و گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە بەرەودانی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و قبوونەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارە و لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی زانایان و سەرجەم مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان دەکەم.

پێزانینم هەیە بۆ ڕۆڵی بەرزی مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی گەلەکەمان چ لە ڕووی بڵاوکردنەوەی بیروڕای خوداناسی و قوبوڵکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تووندڕەوی و ئینکار لە ناو خەڵکی کوردستاندا، جگە لەوانەش ڕۆڵی مامۆستایان و گەورەزانایانی کوردی ئایینی ئیسلام لە بەرەودانی هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و قبوونەکردنی ستەمکاری لە مێژووی میللەتەکەماندا بەرچاو و دیارە و لەو ڕێگەیەدا قوربانیشیان داوە. هەمیشە و لە گشت قۆناغ و تەحەددیاتەکاندا ئەو چاوەڕواندەیە لە یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و سەرجەم مامۆستایان و گەورەپیاوانی ئایینی کوردستان هەیە کە لە ڕۆڵی پیرۆزی خۆیان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی مرۆڤسالاری و میانەڕەوی و قوبوڵکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەری بەردەوام بن.

لەم یادەدا هیوای سەرکەوتن بۆ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەخوازم لە ئەرك وکارەکانیاندا کە لە ژیان و چارەنووسی گەلەکەماندا ئەرك و کاری پیرۆز و کاریگەرن.

مسعود بارزانی
٢١ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

زانایانی ئایینی ڕۆڵێکی دیاریان لە پتەوکردنی پێکەوەژیان هەبووە



دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢١، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی ٥٠ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند «زانایانی ئایینی هەمیشە ڕۆڵێکی دیاریان لە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کولتووری لێبوردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە گەشەکردنی بیری تووندڕەوی لە کوردستان گێراوە، ئێمە بە ڕێز و پێزانینەوە لە ڕۆڵ و ئەرکیان دەڕوانین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین».

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستاندا، پیرۆزبایی لە بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و سەرجەم مامۆستایان و زانایانی بەڕێزی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەین.

زانایانی ئایینی هەمیشە ڕۆڵێکی دیاریان لە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کولتووری لێبوردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە گەشەکردنی بیری تووندڕەوی لە کوردستان گێراوە، ئێمە بە ڕێز و پێزانینەوە لە ڕۆڵ و ئەرکیان دەڕوانین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

هەر لەم بۆنەیەدا داکۆکی لە قووڵکردنەوەی کولتووری ڕەسەنی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی و یەکترقبوولکردنی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دەکەینەوە و لەم پێناوەدا هەموو پشتگیرییەك لە هەوڵەکانی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٩/٢١

بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچووخ: سەرکردایەتیی پارتی بە هیچ شێوەیەک قبوڵی ناکات زەویوزاری کوردان داگیربکرێ



ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند گوشارێکی زۆر لەسەر گوندنشینان و جووتیارانی کورد لەسنووری کەرکووك هەیە بۆ ئەوەی عەرەبی هاورده بێنن و زەوی و زاری کوردیان پێببەخن، بەڵام ئێمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەداگیرکاری ئەو ناوچانە نادەین.

کرمانج عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچوخی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەوڵی بەردەوام هەیە لەلایەن عەرەبە هاورده‌کانەوە، بۆ داگیرکردنی زەوی و زارو مووڵك و ماڵی کوردنشینانی ناوچەکە بە پاڵپشتی پاریزگاری سەپێندراوی کەرکووك، تائێستاش چەندین جار عەرەبە هاورده‌کان کە خەڵکی ناوچەکە نین هێرشیان کردووەتە سەر گوندنشینانی کورد، کە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانەن.

ڕاشیگەیاند: ئێمە دژنایی دەدەینە جووتیاران و گوندنشینانی سنووری‌کە بەتایبەت گوندەکانی دەوروبەری سەرگەڕان، کە بەهیچ شێوەیەك سەرکردایەتی سیاسی پارتی قبوڵ ناکات زەوری و زاری کوردنشینان لەو سنوورە داگیر بکرێت، بۆیە پێویستە دان بەخۆدا بگرن چونکە لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەم مەبەستە پێکهێندراوە و تائێستاش کاری باشیان کردووە.

ئاماژەی بە ئەوەش کرد: خاوەنی ڕەسەنی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە کوردانی دانیشتووی ناوچەکەن، چونکە ئەوان قۆچانی ڕەشی سەردەمی عوسمانییەکانیان هەیە و ئەو زەویانەیان لە باپیرانەوە بۆ بەجێماوە، بەڵام ئێستا عەبەرە هاورده‌کان بەپاڵپشتی پاریزگاری سەپێدراوی کەرکووك دەیانەوێ زەوییەکان لە کوردەکان بسەنن و ناوچەکە بەعەبەرەب بکەن.

هەوڵێکی دیکەی عەرەبی هاورده بۆ داگیرکردنی زەویی کورد لە کەرکووک شکستی هێنا

ژمارەیەك عەرەبی هاورده بە پاڵپشتیی سووپای عێراق و هێزە عێراقییەکان، هێرشیان کردە سەر گوندی خەرابە و هەوڵی داگیرکردنی ١٥٠ دۆنم زەویی جووتیارانی کوردیان دا، پاشان لەلایەن هاووڵاتییانەوە دوور خرانەوە.

دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢١، ژمارەیەك عەرەبی هاورده بە پاڵپشتیی سووپای عێراق و هێزە عێراقییەکانی دیکە، هێرشیان کردە سەر گوندی خەرابەی سەر بەشارۆچکەی سەرگەڕان بۆ داگیرکردنی ١٥٠ دۆنم زەویی جووتیارانی کورد، لەگەڵ نزیکبوونەوەی عەرەبە هاورده‌کان و هێزە عێراقییەکان، هاووڵاتیان ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان و عەرەبە هاورده‌کان بوونەوە، دواتر پاشەکشەیان بە هێزەکانی عێراق و عەرەبە هاورده‌کان کرد.

ئەو عەرەبانە جگە لە هێزە ئەمنییەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی کەرکووکیشیان لەگەڵ بووە بۆ ئەوەی زەوییەکان بەسەر عەرەبە هاورده‌کاندا دابەش بکەن.

پۆلیسی هەولێر: لە سەدا ٩٣ی ئەو تاوانانەی لە هەولێر ئەنجامدراوە ئاشکرا کراوە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماری کار و چالاکییەکانی بۆ ١٩ی کانوونی دووەم تا یەکی ئابی ئەمساڵی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەو ماوەیەدا لە سنووری پارێزگای هەولێر، پێنج هەزار و ٩٩٢ تاوانی جۆراوجۆر تۆمارکراوە، لەو ژمارەیەش پێنج هەزار و ٥٦٨ تاوانیان ئاشکرا کراون و تۆمەتباران دراونەتە دادگا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر توانیویانە ٦٥٥ تۆمەتبار لە هەموو تاوانە جیاوازەکان کە باندی (دزی، کوشتن، ساختەکاری، سپیکردنەوەی دراو و تاوانی دیکەی) لەنێودابووە دەستگیربکەن. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە پۆلیسی هەولێر لەو شەش مانگەدا، ٧٥١ دەرۆزەکەریان دەستگیرکردووە لەنێو سەنتەری شار و ترافیکلایتەکاندا کە خۆیان بە نەخۆش و کەمئەندام پیشاندابوو بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵك، بەگوتەی پۆلیس دەرۆزەکەرێك دەستگیر کراوە کە «لە میانی سێ ڕۆژدا، ١٣ ملیۆن دیناری کۆکردووەتەوە.

پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕاشیانگەیاندووە: ٩٣ تۆمەتبار کە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق داواکراوبوون و فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە لە هەولێر لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراون و ڕەوانەی ئەو شوێنانە کراونەتەوە کە لێوەی داواکراون.

پۆلیسی هەولێر ئاماری کاروچالاکییەکانی دیکەی ئەو شەش مانگەی بەم جۆرە بڵاوکردووەتەوە: دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردنی دوو هەزار و ٤٣ نێرگەلە، دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردنی ٢٨ تۆن دەرمانی ماوە بەسەرچوو، ٧٠ شوێن کە زیادەڕۆییان کردبووە سەر موڵکی گشتی تێکدراون، ٧٣ ئوتومبیل دەستبەسەرداگیراوە کە لەسەر شەقامەکان هۆکاری هەراسانکردنی هاووڵاتیان بوون، ١٤٨ سەرپێچیکاری جۆراوجۆر دەستگیرکراون و سزای یاسایی دراون و هەزار و ٢٨٤ شوێنیش بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی ناوخۆ و تەندروستی داخراون.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە بەرگریکردن لە پرسە نیشتمانییەکان و گەشەپێدانی هزری میانەڕەوی جێی ستایش وپێزانینە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ دووشەممە ٢١ ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە پەیامێکدا بەبۆنەی پەنجایەمین ساڵیای دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆك و ئەندامانی کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ..

لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و سەرجەم مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە مێژووی ڕۆشنبیریی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبووە. هەروەها ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە بەرگریکردن لە پرسە نیشتمانییەکان و گەشەپێدانی هزری میانەڕەوی و بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینی لە کوردستاندا، جێی ستایش وپێزانینە. هیواداریین زانایانی ئایینی بەردەوام بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تووندڕەوی و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتیخوازی و لێبوردەیی و داکۆکیکردن لە ماف و دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ خۆپاریزی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢١/٩/٢٠٢٠

محەمەدی حاجی مەحمود:

هەقە ئەگەر لەگوندێکیشدا بێت ئێمە کارتی ریفراندۆم بەکاربهێنین و دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنین

ئێستا لە عێراقدا نە دەستوور هەیە نە یاسا و نە هیچ شتێک هەیە و ناتوانێت بەم پینە و پەڕۆیە درێژەی پێ بدرێت



محەمەدی حاجی مەحمود کەسایەتی سیاسی دیاری کورد لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکادا باس لە ساڵیادی ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠١٧/٠٩/٢٥ دەکات و دەڵێت، من پێم وایە ئەگەر ئێمە تەنها گوندێکیشمان لە کوردستان هەبێت حەقە کارتی ریفراندۆم بەکاربهێنییین و دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنیین لەیەک گوندیشدا بێت لای من گرنگە نەک ئەوەی کە ناوچەیەکمان لەدەست نییە و ناوچە دابڕاوەکانمان لێ دوورە، کە لە گوندێک ڕامانگەیاند، من پێم وایە خۆی بۆ خۆی دەگاتەوە هەموو شوێنەکانی تر، چونکە ئەو رۆژەی کە دەنگ درا، ئەوانەش کە ناحەزی بوون و دوژمنی بوون نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم ئیرادەی خەڵکدا بگرن هەموویان چوون دەنگیاندا و پەنجەشیان بەرزکردەوە.

رۆژێکی پیرۆزە و دووبارەش نابێتەوە

لەسەرەتای دیانەکەدا محەمەدی حاجی مەحمود لە بارەی رۆژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی گوتی: لەڕاستیدا ئەو رۆژە رۆژێکی پیرۆزە، سڵاو بۆ ئەو رۆژە و بۆ ئەو خەڵکەش کە دەنگیدا بە ریفراندۆم، رۆژی 25/9 رۆژێکی مێژوویییە لە مێژووی کۆن و نوێی کورددا بۆ ئێستاش و بۆ داهاتووش واتە ئەو رۆژە ئەو رۆژەیە کەخەڵکی کوردستان بە هەموو باوەڕبوونێکی خۆی دەنگی داوە بۆئەوەی کە دەیەوێت بۆ ئەوەی لەژێردەستەیی و لە کۆیلەیی و لە پلە 2 و 3 ی وڵاتان ڕزگاری بێت، من پێم وایە ئەو رۆژە رۆژێکی گرنگ و مێژوویییە لەمێژووی دوور و درێژی کوردا نەبووە. هەرچەند ئەگەر لەهەر کوردێک بپرسیت و پێی بڵێت دەوڵەتت دەوێت یان ژێردەستەیی، هەر دەڵێت دەوڵەتم دەوێت بەڵام ریفراندۆمەکە نامەیەک بوو بۆ ناحەزەکانی کورد بۆ دوژمنەکانی کورد بۆ ئەوانەی کە هەمیشە دژی کوردبوون بۆ ئەوانەش کە باوەڕیان نەدەکرد ڕەنگە هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا باوەڕیان نەدەکرد کە کورد 93.8% دەنگ بدات بۆ سەربەخۆیی من پێم وایە هۆی ئەمانە هەمووی گرنگە رۆژێکی گرنگ و پیرۆزە ئەو رۆژە بەئاسانی دوبارە نابێتەوە، پێویستیش نییە دوبارە بێتەوە.

هەرکاتێک بمانەوێت کار بە تاپۆ ڕەشەکە دەکەین

محەمەدی حاجی مەحمود ریفراندۆم بە تاپۆی ڕەش ناودەبات و دەڵێت: ئەو ریفراندۆمە تاپۆیەکی ڕەشە، کاتی خۆی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاپۆی ڕەش هەبووە هەتا ئێستاش لەهەموو وڵاتەکان هەیە کاتی خۆی هەر زەویەکە بەناوی ئەوان تاپۆ بکرایە و تا ئێستاش هەیە. گرنگ ئەوەیە ئەو تاپۆیەکی ڕەشە و لە گیرفانی هەموو کوردێکدایە، هەرکاتێک بتەوێت دەردەهێنیت و کاری پێ دەکەیت واتە ئەو نامرێت چونکە نەکەسێک دەتوانێت لەناوی بەرێت نە بەقسەی کەسیش جیادەکەنەوە، بۆ تەیموری رۆژهەڵات خانەقین و دووزخورماتوو و مەخموور دەنگدان. هەمیشە هەموو سەرکەوتنێک هەرێزە بەناوی ڕزگاری و ئازادی کوردستان و بەرژەوەندی گەلەکەمان بووە، بۆیە ئەو هێزانەی کە ئەو ڕاستییە دەشارنەوە و دەیانەوێت بیشارنەوە لە خەڵک، ئەوا خەڵک بە تەواوی ئاگادارە کە ئەو هێزانە کێشە دروستکەرن نەک چارەسەرکەر.

ریفراندۆم تەنها بەحیزبێک نەکراوە

محەمەدی حاجی مەحمود دەشڵێت: ریفراندۆم تەنها بەحیزبێک نەکراوە، ڕەنگە کەسی کاك مەسعود بارزانی بۆ خۆی سەرۆکی هەڵبژاردنەکە بووبە حوکمە کارێکی گرنگی کرد هەم بۆ مێژووی خۆی هەمیش بۆ مێژووی حیزبەکەی. بۆ کەسایەتی خۆی کارێک ئەو کردوویەتی لە مێژوودا نەکراوە، وە توانی بەرگری ئەو هەموو هەڕەشەیەی کە لەدنیا کرا بکات و بڕیاری ریفراندۆم جێبەجێبکات، من پێم وایە ئەوە کارێکی گرنگ و مێژوویی بوو کراوە، دەربارەی ئەو لایەنانەی کە پەشیمان دەبنەوە یان پەشیمان بوونەتەوە لەریفراندۆم من پێم وایە دەبوو ئەو کاتە پەشیمان ببونایە و نەهاتنایە سەر سندوقی دەنگدان. هەمیشە هەموو سەرکەوتنێک خاوەنی زۆرە بەڵام سەرنەکەویت هەموو کەسێک لە دەستی هەڵدێت، ئێمە لەگەڵ میللەتی خۆمانین و ریفراندۆم بەکارێکی باش دەزانییین، وە بەردەوامیش دەبین، وە کارتێکی گرنگی دەستی خەڵکی کوردستانە بەرامبەر بە ناحەز و دوژمنەکانی.

ریفراندۆم سەرکەوتنی بەدەستهێناوە

محەمەدی حاجی مەحمود جەختیشی کردۆتەوە: ریفراندۆم کە سەرکەوت واتە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ریفراندۆم 93.8% دەنگی پێدراوە بەتایبەتی لەکەرکووک و خانەقین و ناوچە دابڕاوەکاندا، واتە ئەو ناوچانەی زیاتر فشاریان لەسەربوو، زیاتر دەنگیانداوە، ریفراندۆم سەرکەوتنی بەدەست هێنا ریفراندۆم لە ئەریشیفی هەموو وڵاتانی دنیادا لەئەورووپا و ئەمەریکا و ئوستراڵیا و ئاسیا ریفراندۆم هەیە. هەروەها دەشڵێت: یەکێک لە هەریەکێکیان ڕێنمایی لەوڵاتێک وەردەگرێت، تائێستا هیچیان پێکەوە لەگەڵ ئەوە نیین یەک بۆچوونیان هەبێت ڕەنگە لە ئیمتیازات و لە دەستکەوت و بیرە نەوت و لە گومرگ و لە داهاتی ئەم وڵاتە بۆچوونیان یەکێک بێت بەڵام کاتێک دێتە سەر بابەتە سەرەکییەکان هەتاوەکو ئێستا کورد لەڕووی ستراتیژیەوە نەیتوانیووە یەک هەڵوێستی، سیاسی، ئیداریی،جوگرافی و ئابووری هەبێت پێکەوە.

ئەگەر بەرپرس بوومایە دوو سێ کارتی بەهێزم بەکاردەهێنا

محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بەوەش کردووە کە چەند کارت و پێشنیارێک هەیە کە کورد دەتوانێت بەرامبەر حکومەتی عێراقی بەکاربهێنێت، لەو ڕووەوە دەڵێت: من پێم وایە ئەم ماوەیە کە حکوومەتی عێراقی هەندێک فشاری زیاتری خستە سەرهەرێمی کوردستان، موچەی خەڵکی بڕیووە، بودجەی کوردستانی بڕیووە من خۆم ئەگەر لەم وڵاتە بەرپرس بوومایە، دوو سێ کارتی بەهێزم بەکاردەهێنا، کارتی یەکەم گرتنەوەی سەدی دوکان و دەربەندیخان کە ئەوە گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر باشوور و ناوەڕاستی عێراق، خاڵی دووەم کشانەوە لەبەغدا بوو بە سەرۆك کۆمار و هەموو کورد لە بەغداد بکشێتەوە چونکە ئەگەر کورد بکشێتەوە لە عێراق ناوی عێراق نابێت ئەویش وەکو وڵاتەکانی تر وڵاتێکی عەرەبی دەبێت، کارتی سێیەم دوو ملیۆن ئاوارە لەکوردستانن بۆ لەکوردستانن ئیشیان چییە؟! با بڕۆنەوە باشوور و ناوەڕاستی عێراق یان دیپۆرتمان دەکردنەوە یان ڕێگەی تورکیامان بۆ دەکردنەوە بڕۆن بۆ دەرەوە، خاڵی چوارەم ریفراندۆم، من پێم وایە ئەو چوار خاڵە، چوار کارتی گرنگە بەدەستی کوردەوە بەمەرجێك کورد یەکگرتوو بێت.

عێراقی ئێستا ناتوانێت بەم پینەو پەڕۆیە درێژەی پێ بدات

هەروەها جەختی لەوەکردەوە: عێراقی شەق و شڕی ئێستا ناتوانێت بەم پینە و پەڕۆیە درێژەی پێ بدات، ئێستا لە عێراقدا نە دەستوور هەیە، نە یاسا هەیە وە نە هیچ شتێك هەیە، ئەم سەرۆك وەزیرانەی کە ئێستا بە نادەستووری و نایاسایی سەرۆك وەزیرانە خۆی دەبێت لەگەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بێت، بەڵام ئێستا ئەو کازمی یەك ئەندام پەرلەمانی نییە و هێناویانە کردوویانە بەسەرۆکی عێراق، مانای وایە لایداوە لەدەستووریش و لە یاسای عێراقیش.

ئاڵۆزییەکانی شنگال پیلانی پەکەکەیە دژی ئێزدییەکان جێبەجێ دەکرێت





قاسم شەشۆ فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال، ڕایدەگەیەنێت، بەردەوام هێرش دەکرێتە سەر شنگال و دەستدرێژی دەکرێتە سەر کوردانی ئێزدی و هەمیشە کێشەیان بۆ دروست دەکرێت ئەمەش پیلانێکە پەکەکە دژی ئێزدییەکان جێبەجێی دەکات، بۆ ئەوەی دۆخی شنگال هەر ئاڵۆز بێت و نەبێت بە بەشێك لە کوردستان.

قاسم شەشۆ فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردی ئێزدی لە شنگال بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو جارێکی دیکە لە شنگال بۆردوومانی ئۆتۆمبێلێکی پەکەکە کرا و تێك شکێندرا، بەڵام زیان نەبووە، ئەوەی پەکەکەش دەیکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەیەوێت شنگال ئارام نەبێت و بەردەوام ئاڵۆزی و هێرشکردن هەبێت و شنگالیش نەبێتە بەشێك لە کوردستان، بەڵام کوردانی ئێزدی هەمیشە کورد بوونە و خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستان دەزانن و پەکەکەش ناتوانێت لێکیان جیابکاتەوە

ڕاشیگەیاندووە کە ئەوەی پەکەکە دەیکات، پیلانێکە دژی کوردانی ئێزدی جێبەجێی دەکات، پێشمان وایە، ئەگەر حکوومەتی عێراق هاوکارییان نەکات، ئەوان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەر کارێکیان ویست ئەنجامی بدەن، بەڵام ئەمەیان بۆ ناچێتە سەر و پێویستە شنگال چۆڵ بکەن، چونکە خەڵکی شنگال هەرگیز بە ئەوان ڕازی نابن.



مەحما خەلیل:

تەقینەوەکەی نزیک مەزاری شەرفەدین بۆ ترساندنی خەڵکی شنگالە

قایمقامی قەزای شنگال، ئاشکرایکرد، تەقینەوەکەی نزیك مەزاری شەرفەدین لە شنگال، سیناریۆ بوو و بۆ ترساندنی خەڵکی شنگالە تا نەگەڕێنەوە ناوچەکەیان. مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال ڕایگەیاند، کاتێك کە خەڵکی شنگال بڕیاریان دا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چەندان پیلان جێبەجێکران، تەقینەوەکەی شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممەش یەکێك بوو لەو پیلانانە، کە مەبەست لێی ترساندنی خەڵکی شنگالە. گوتیشی: لەسەر تەقینەوەکە، چەند سیناریۆیەك دروستکران، یەکێك لە سیناریۆکان دەڵێ، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکی بووە و ئۆتۆمبێلێکی کردووەتە ئامانج، بەڵام پسپۆڕانی سەربازی ڕەتیدەکەنەوە ئەوە ڕاست بێت.

مەحما خەلیل، ئاماژەی بەوەشدا: هەرێمی کوردستان دڵسۆزانە بەرگری لە مەزاری شەرفەدین کرد، بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی داعش، کەچی ئێستا هێزە ناشەرعییەکان لە شنگال تەقینەوە لە نزیك ئەو شوێنە پیرۆزەی ئێزدییەکان ئەنجامدەدەن، بۆ ئەوەی خەڵکی شنگال نەگەڕێنەوە، ئەوانە ئاژاوەگێڕن و لە شنگال هێزی دەرەکیی و ناشەرعین.



هەرێمی کوردستان..

730 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 17 کەسیش گیانیان لەدەست دا

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ٧٣٠ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و ١٧ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە و کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە، ٤١ هەزار و ٧٣٢ حاڵەت و حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتووەتە، هەزار و ٥٣٦ کەس.

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا، ئاماری ٢٤ کاتژمێری رابردووی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە. بەپێی راگەیەنراوەکە لە میانی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا، پێنج هەزار و ٢٣ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و دەرەنجام ٧٣٠ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە. لە راگەیەنراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا کە کۆپییەکی گەیشتووەتە ئاژانسی ئانادۆلّو، ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە میانی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا بەم شێوەیە خراوەتەروو:

پارێزگای هەولێر، ٢٢٦ تووشبوو و چوار حاڵەتی گیانلەدەستدان، پارێزگای سلێمانی، ٩٢ تووشبوو و حەفت حاڵەتی گیانلەدەستدان، ئیدارەی گەرمیان، ٢٧ تووشبوو، پارێزگای دهۆك، ٣٤٦ تووشبوو و شەش حاڵەتی گیانلەدەستدان و پارێزگای هەڵەبجە، ٣٩ تووشبوو.

ئاماژە بەوەشدراوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا، ٤٥٧ نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە، هاوکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا، ٤٢٣ هەزار و ٥٢٦ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە، ٤١ هەزار و ٧٣٢ تووشبوو کە ١٥ هەزار و ٧٣٩ لە هەولێر، ١٤ هەزار و ٨٠١ لە سلێمانی، نۆ هەزار ٧٧١ لە دهۆك و هەزار و ٤٢١ لە هەڵەبجە بووە، لەنێویاندا هەزار و ٥٣٦ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە ٥٣١ لە هەولێر، ٧٩٢ لە سلێمانی، ١٨٤ لە دهۆك و لە ٢٩ حاڵەت هەڵەبجە بووە.

لە دوای کرانەوەی قوتابخانەکان

لە کرماشان 13 منداڵ بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە



بە گوتەی بەرپرسێکی تەندروستی لە پارێزگای کرماشان،لە رۆژهەلاتی کوردستان، دوای کرانەوەی قوتابخانەکان، بەهۆی پەتای کۆرۆناوە، ١٣ منداڵ لە کرماشان گیانیان لەدەستداوە.

جێگری تەندروستیی زانکۆی زانستی پزیشکیی کرماشان لەبارەی تەشەنەسەندنی پەتای کۆرۆنا لەناو منداڵان بە میدیاکانی ئێرانی ڕاگەیاندووە، لەدوای کرانەوەی قوتابخانەکان هەتا ئێستا ١٧٨ منداڵ لە کرماشان تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و ١٣ لەوانە گیانیان لەدەستداوە. محەمەد ئیبراهیم شەکیبا، باسی لەوەش کردووە تەشەنەسەندنی کۆرۆنا لەو پارێزگایە لە دۆخێکی خراپدایە و دەبێ دایك و باوکان منداڵان هان بدەن منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە نەنێرنەوە و لەڕێگای ئۆنلاینەوە درێژە بە خوێندن بدەن.

گیانلەدەستدانی ئەو منداڵانە بەهۆی پەتای کۆرۆنا لە کرماشان لە حاڵێکدایە کە لە کاتی بڕیاری دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەکان لە ئێران، زۆرێك لە بنەماڵەی قوتابیان و بەرپرسانی تەندروستی و مامۆستایان بەو بڕیارە نارازی بوون، بەڵام بەرپرسانی پەروەردەی ئێران گوێیان لە ڕەخنە و سەرنجی بنەماڵەکان و لایەنە تەندروستییەکان نەگرت.

بەپێی زانیارییەکان لەدوای دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران، پەتای کۆرۆنا لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی لەناو بنەماڵەکان زیاتر بڵاو بووەتەوە و باس لە سەرهەڵدانی شەپۆلی سێیەم دەکرێت. بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی تەندروستیی ئێران، لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا لە سەرناسەری ئێران سێ هەزار و ٣٤١ کەسی دیکە تووشی کۆرۆناوبوون و ١٧٧ تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

ڕوبینە تیاری: مەبەست لە سەردانەکە ڕاگرتنی تەعریب و داگیرکارییە لە ناوچە کوردستانییەکان



بڕیارە شاندێکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، سەردانی بەغدا بکات، ئەندامێکی لیژنەکەش دەڵێ، مەبەست لە سەردانەکە، ڕاگرتنی تەعریب و داگیرکارییە لە ناوچە کوردستانییەکان.

ڕوبینە تیاری، ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: شەپۆلێکی تەعریب و داگیرکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە و دیارە تا دێت داگیرکاری و تەعریب ڕوو لە هەڵکشانە و هیچ سنوورێکی نەهێشتووەتەوە و بە پێلان کار بۆ تێکدانی ڕەوشی ئەو ناوچانە دەکرێت، بە تایبەتی هێنانی عەرەبی شۆڤێنی بۆ گوند و ناوچە کوردنیشینەکان.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەشڵێت: ڕۆژانە داگیرکاری بەردەوامە و دەیانەوێ زەویی کورد داگیر بکرێت لە زۆر ناوچە، بەداخەوە ئیدارەی ئەو ناوچانەش بێدەنگە لە هەمبەر پیلانی داگیرکاری و تەعریب.

تیاری، هەروەها جەختیشی کردۆتەوە: لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەمێکە لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی سنووڕێك بۆ داگیرکاری و تەعریب دابنرێت و بڕیارێشە شاندێکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان سەردانی بەغدا بکات، بێگومان ئامانجی سەردانەکەمان بۆ ئەوەیە حکوومەتی فیدراڵ ئەرکی یاسایی و دەستووریی خۆی جێبەجێ بکات بۆ ڕاگرتنی تەعریب و داگیرکاری، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا، کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر بکرێت.

بەهەزاران سەبەتەی خۆراک بە سەر ماڵە کەمدەرامەتەکانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ڕێکخراوێکی خێرخوازی کە بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرە لەم چەند مانگەی دواییدا کە خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان و زۆربەی وڵاتانی جیهان گیرۆدەی پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ ــەن بەهەزاران سەبەتەی خۆراکی بێ بەرامبەری بەسەر خانەوادە کەمدەست و هەژارەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا دابەشکرد.

جەمال ئەلداوی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوێکی مەسیحی خێرخوازییە و چەندین ساڵە لەکوردستان مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی وەرگرتوە لە لێدوانێکی تایبەت بەڕۆژنامەی خەبات گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان شایستەی هاوکاریکردنە لەم بارودۆخە سەختە ئابووریەدا، چونکە سەرەڕای گوشارە سیاسی و ئابووریەکانی سەری، بەڵام لە جێگاکردنەوە و حەوانەوە و پاراستنی ئاوارەکانی عێراق و ناوچەکە بەردەوام بووە و ئێمەش بە ئەرکی خۆمان زانیوە کە هاوکاربین لەم بارودۆخەدا.

جەمال ئەلداوی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: ئێمە لەم ٣ مانگەی ڕابردوو جگە لە دابەشکردنی سەبەتەی خۆراك بەسەر هەزاران خانەوادەی کەمدەرامەتی سنووری پارێزگاکانی هەولێر و هەڵەبجە و سلێمانی و دهۆك و ئاوارەکان، هاوکاری دامەزراوە حکومیەکانی هەرێمی کوردستانمان کردووە لە دابینکردنی پێدواویستی منداڵان و بێ سەرپەرشتیار و هەروەها چەندین خولی فێرکردنمان بۆ ئاوارەکانی شنگال و دەشتی نەینەوا کردۆتەوە و فێری کار و پەیداکردنی بژێوی ژیانمان کردوون و لەم ئەرکەش بەردەوام دەبین، چونکە مەسیح بەم شێوەیە ڕێنماییمان دەکات کە خزمەتگوزار بین.

قوبرس داوای بەپەلە سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا دەکات



دەوڵەتی قوبرسی یۆنانی داوا لە یەکێتیی ئەورووپا دەکات بەپەلە سزا بەسەر تورکیادا بسەپێنێت. دوێنێ دووشەممە ٢٢-٩-٢٠٢٠، نیکۆس کریستۆدۆلیدیس، وەزیری دەرەوەی قوبرس بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، تورکیا بڕیاری کارکردنی زیاتری بە کەشتیی (یاڤوز) بۆ گەڕان بە دوای نەوت و گازی سروشتی لە ئاوەکانی قوبرس، داوە.

نیکۆس کریستۆدۆلیدیس پێیوایە تورکیا بەو کارەی "نیازی ڕاستەقینە"ی خۆی بە ئاڵۆزترکردنی کێشەکان نیشان داوە و داوای لە یەکێتیی ئەورووپا کردووە، "بەپەلە" سزا بەسەر تورکیا بسەپێنێت.

کێشەی نێوان تورکیا و قوبرسی یۆنانی خۆی لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەڕان بەدوای نەوت و گازی سروشتی لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاست دەبینێتەوە، کە قوبرسی یۆنانی ئەو ئاوانە بە سنووری وڵاتەکەی دادەنێت، جگە لە دەستبەسەرداگرتنی باکووری دووڕگەی قوبرس لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی ١٩٧٤ و دامەزراندنی دەوڵەتی قوبرسی تورکی، کە تەنیا تورکیا دانی پێدا ناوە.

عێراق.. دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە 218ی بەعسی هەڵوەشاوە دواخرا



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی دوێنێ دووشەممەدا، دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە (٢١٨) بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دواخست.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ئاسایی دوێنێ دووشەممەدا، دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە ژمارە (٢١٨) بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دواخستووە کە تایبەتە بە هەژمارکردنی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی.

بەپێی بڕیاری (٢١٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی هەڵوەشاوە بڕیارداوە بە هەژمارکردنی خزمەتکردنی سەربازی زۆرەملێ بەر لە دامەزراندن لە دامەزراوەکانی گشتیی تەنها بۆ مەبەستی خانەنشین نەوەك بۆ دەرمالّە و بەرزکردنەوەی پلە. خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای هەمواکردنی یاسای دادگای باڵای فیدرال ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ خرابووە دانیشتنی دوێنێی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەنەدراوە ئایە خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پرۆژەیاسایە کراوە یان نا. شارەزایانی بواری یاسا لە عێراق ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر یاسای دادگای باڵای فیدرال ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەموار بکرێتەوە، ئەوا گۆڕانکاری گەورە لە دەستوور و یاسای هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت، هاوکات هۆشداری ئەوەیش دەدەرێت لەوەی ئەگەر یاسای دادگای باڵای فیدرال ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێنەپەڕێندرێت ئەوا بژاردەی دەستووری لە عێراق دروست دەبێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە دانیشتنەکەدا، دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای دەستەبەرکردنی تەندروستیی دواخراوە. ئاماژە بەوەیشدراوە کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، حەسەن کەعبی داوای کردووە سبەی سێشەممە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران ساز بکرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە هەر لە میانی دانیشتنەکەدا، کۆتایی بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای بەئەندامبوونی کۆماری عێراق لە ڕێککەوتننامەی کاری دەریای دەریایی بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و پرۆژەیاسای بەئەندامبوونی عێراق لە ڕێککەوتننامەی ناسنامە و دۆکۆمێنتاری دەریاوانیی ژمارە (١٨٥) بۆ ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها پرۆژەیاسای بەئەندامبوونی کۆماری عێراق لە ڕێککەوتننامەی پرۆتۆکۆلی دووەمی ڕێککەوتننامەی لاهای بۆ ساڵی ١٩٥٤ کە تایبەتە بە پاراستنی شوێنەوارە ڕۆشنبیرییەکان لەکاتی جەنگدا هێنراوە.

پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا کۆمبوونا لیژنا بلندا ئابوری کر



دکومبونێدا ل بەراهیێ پارێزگەرێ دهۆکێ گرنگیا کونگرێ بازرگانی و پیشەسازی ئەوێ ل روژێن دەربازبوی ل باژێرێ مێرسینێ ل وەلاتێ ترکیا هاتیە ئەنجامدان بەرچاڤکرن و دیارکر کو دکونگرەیدا هەردوو لایەنان ژهەرێما کوردستانێ و عیراقێ و لایەنێ ترکی تەکەزی ل خورتکرنا بزاڤا بازرگانی دناڤبەرا هەردوو ئالیان دا کریە. هەر دکۆمبوونا لیژنا بلندا ئابوری دا گەنگەشێن تێر و تەسەل ل سەر بابەتێن ئابوری و چاندنێ و بازرگانی و گەشتگوزاری و پیشەسازی و چاوانیا پێشنیحستنا وان سەکتەران هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دڤێت هەیڤانە ئەڤ جورە کومبونە بهێنە سازکرن و هەولدان بهێنە کرن دەلیڤێن کاری پتر بهێنە دیتن و رێژا بێکاری و هەژاریێ ل سنورێ پارێزگەهێ بهتە کێمکرن و ژین و ژیارا وەلاتیان بهێتە خوشکرن.

هەروەسا گوت: دڤێت هاندانا کەرتێ تایبەت بهێتە کرن و هەموو ئاسانکاریا بو بکەین بو وێ یەکێ پتر پروژێن بازرگانی و پیشەسازی و چاندنێ و گەشتوگوزاری ئەنجامدەن و دەلیڤێن کاری بو هاولاتیان پەیداکەن و بزاڤا ئابوری پتر پێشبێخن.

بەرپرسی لقی 16 :

ئەم قۆناغە دەخوازێت هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان



بۆ تاووتوێکردنی دواییں رووداو و پەرەسەندنەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو گفتوگۆکردن لەسەر کارنامەو هەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکان و ئاگادارباوون لەکێشەو گیروگرفتە هەنوکەییەکانی هاوڵاتیانی دەڤەرەکە و دانانی بەرنامەیەکی گشتگیر لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکە , بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کەتیایدا کارگێڕانی لق و بەرپرسی مەکتەبەکان ئامادەبوون . سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەوەستانی خولەکێك بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانی نەمرو کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد و دواتر بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر ڕۆشنایی خستەسەر دواییں رووداو و پەرەسەندنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەتایبەتی پرسی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و خۆپارێزی لەو پەتایەو کێشەکانی نێوان هەردوولا , بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانە بەپێی دەستوور .

لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بڵند ئیسماعیل کارنامەی داهاتووی لقی ١٦ ی خستە بەردەم ئامادەبووان و رایگەیاند ئەم قۆناغە دەخوازێت هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان و دەستەبەرکردنی کارئاسانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان و بەر لەکۆتایی کۆبوونەوەکەش بەئامانجی دەوڵەمەندتر کردنی کارنامەکە لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین سەرنج و تێبینی و پێشنیار خرانەڕوو گفتوگۆی بەرهەمداریان لەسەر کرا .

پارێزگەرێ دهۆکێ 50 ساڵیا دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامی کوردستان پیرۆزدکەت

ب هەلکەفتا دەربازبونا ٥٠ ساڵا ل سەر دامەزراندنا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامی کوردستان بنافێ خو وکارگێریا پارێزگەها دهۆکێ پیرۆزباهیێ ل سەروك و هەموو ئەندام و ماموستایێن ئایینی یێن ئێکەتیا ناڤبری دکەم وهیڤیا سەرکەفتنێ بو هەوە دخازم. زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان رولەکێ گرنگ و بەرچاڤ دمێژۆ و ڕەوشەنبیریا بزاڤا رزگاری خوازا گەلێ کوردستانێ دا هەبویە ، هەروەسا رولێ زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان دپرسێن نیشتمانی و گەشەپێدانا هزری یا میان ڕەو و بەلافکرنا کلتورێ پێکڤە ژیان و هەڤدوو قەبوولکرنێ یێ دیار و بەرچاڤبویە وئەڤ هەلویستە هەردەم جهێ خوشحالی و ڕێزگرتنێ بویە. هیڤی دارین زانایێن ئایینی بەردەوامبن ل سەر هەلویستێن خو یێن ئاشتیانە و ڕێگربن ژبەڵاڤبونا هزرێن توندرەو و بەردەوامیێ ب دەنە پەیاما برایەتی و پێکڤەژیانێ ل کوردستانێ و داکوکیێ ل ماف و دەستکەفتێن گەلێ کوردستانێ بکەن و هشیاریا جڤاکی دناڤ خەلکێ مە دا بەڵاڤکەن و هاندانا هاوڵاتیان بکەن کو پێگریێ ب ڕێنمایێن تەندورستی بکەن بو وێ یەکێ خەلکێ مە خو ژ ڤایروسێ کۆرونا ب پارێزیت. دوبارە ٥٠سالیا دامەزراندنێ و یوبیلا زێرین ل هەوە پیرۆزدکەین .

د. علی تەتەر
پارێزگەرێ دهۆکێ

پرسەنامە

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرەخۆشی لە ڕۆژنامەنووس (هاودەنگ فاروق) دەکات
هەڤاڵ و ڕۆژنامەنووسی بەڕێز (هاودەنگ فاروق)

خەمبارووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان.
پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لە خوای گەورە داواکارین سەبرو ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردووبشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

***

هاوکارمان کاك هاودەنگ فاروق سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێ گەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان سەرەخۆشیتان لێ دەکەین لە خوای گەورە داواکارین بەبەهەشتی شاد بکات و سەبووری بە ئێوەو خانەوادەکەتان ببەخشێت و دواناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بریارێکی دەرکرد

شوان زراری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەژماری تایبەت بەخۆی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك بڵاویکردەوە کە وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بریاری گەڕانەوە و کردنەوەی بانکی داڕشەکرانی داوە.

دەقی ڕاگەیاندراوەکەی شوان زراری ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

دوای ئەوەی لەچەند حەفتەی ڕابردوو لەگەڵ بەڕێز کۆیستان ئەحمەد قایمقامی قەزای خەبات سەردانی بری بەڕێزم کاك دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرمان کرد، سەبارەت بەکێشەکانی ناحیەی (دارەشەکران)، بەگشتی جەنابی پارێزگار بەهەموو شێوەیەك داواکاریەکانمانی قبوڵکرد.

لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا بەبڕیاری ئاوات جەناب نووری وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە گەڕانەوە و کردنەوەی بانکی (دارەشەکران) ئەمەش لە کارئاسانی زۆر بۆ هاوڵاتیانی دەڤەرەکەمان دەبێت.

هەر وەك بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقەزای ئامێدی-یدا گوتی ، ئێمە بەقسە هیچ ناڵێین، تەنها بەکردار دەمانەوێت بسەلمێنین کە ئێمە خزمەتکاری خەڵکی خۆمانین و ئێوە گەورەی ئێمەن، نەك ئێمە گەورەبین، ئێوە خاوەنی ئەم کوردستانەن .

لێژنەی دارایی ڕاپۆرت لەسەر پڕۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت ئامادە دەکات



کۆبوونەوەی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پڕۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت، پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە ٢١/٩/٢٠٢٠ کۆبوەوە.

لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان بڵاویکردەوە کە لەکۆبوونەوەکەدا دەستکرا بەئامادەکردنی ڕاپۆرتی پڕۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت و، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی لەکاتێکدایە تەواوی سەرنج و تێبینییەکانی ئەندامان و ڕاوێژکارانی لێژنەکە بەهەند وەرگیراوەو تیشکی خراوەتەسەری.

قائیمقامیەتی سلێمانی:

کارگەکانی کۆنکرێتی ئامادەکراو بەڕێنماییەکانی کارکردن پابەند دەکرێن

لەپێناو پاراستنی ژینگەو شەقامەکان کۆمپانیاکانی ئامادەکردنی کۆنکرێتی ئامادەکراو پابەندی مەرجەکانی کارکردن دەکرێن و سەرپێچیکاریش ڕووبەڕووی سزای توندی یاسایی دەکرێنەوە. دوێنێ دووشەممە قائیمقامی سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەدیوانی قائیمقامییەت لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیاکانی ئامادەکردنی کۆنکرێتی ئامادەکراو کۆبونەوە بۆ زیاتر پابەندبوونی کۆمپانیاکان لەپێناو پاراستنی ژینگەو شەقامەکان لەزیادەی کۆنکرتی میکسەرەکانی گواستنەوەی چیمەنتۆ. قائیمقامی سلێمانی ڕایگەیاند: ڕێگە بەهیچ کۆمپانیایەک نادرێت لەدەرەوەی کارگەکەیدا پرۆسەی پاکردنەوە میکسەرەکان ئەنجام بدات و ئەو چیمەنتۆیەی کە لەکارەکانیان زیادبووە پێویستە بیگەڕێننەوە بۆ کارگەکەیان شەقامەکان و سیمای شار بپارێزن.

هەولێر.. 200 هەزار درەخت و نەمام دەچێندرێن



بڕیارە لە سنووری پارێزگای هەولێر ٢٠٠ هەزار درەخت و نەمام بچێندرێن و بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێریش دەڵێت، لە قۆناغی یەکەمدا ٣٠ هەزار نەمام دەچێندرێن بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی.

لەو بارەیەوە ڕێبین ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر، وتی: ئیدارەی هەولێر بڕیاری داوە لەم وەرزەدا کە بۆ نەمامچاندن گونجاوە ٢٠٠ هەزار نەمام بچێندرێن و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوو وەک قۆناغی یەکەم ٣٠ هەزار نەمام بچێنین، دواتر هەڵمەتێکی دیکەی چاندنی درەخت بە سەرپەرشتیی پارێزگاری هەولێر بەڕێوە دەچێت. بەڕێوەبەری پارکەکانی هەولێر گوتی: بەشی زۆری نەمامەکان بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارک و باخچەکانە و لەلایەن نەمامگەکانی خۆمانەوە بەرهەم هێندراون. ڕێبین ئەحمەد جەختی کردەوە: لە سەرەتای وەرزی بەهارەوە دەست بە چاندنی درەخت و نەمام کراوە و جگە لە بەرهەمی پارک و باخچەکان لەلایەن پارێزگاری هەولێریشەوە ژمارەیەکی بەرچاو درەخت دابین کراوە.

عەلوەیەکی سەردەمیانە لە ئاکرێ دروست دەکرێت



بە هۆی گرینگیی دەڤەری ئاکرێ و بوونی بەرهەمێکی نایاب، بڕیارە عەلوەیەکی نوێ لە قەزای ئاکرێ دروست بکرێت، قایمقامی قەزاکەش دەڵێ، عەلوەی ئێستا وەك پێویست ناتوانێت بەرهەمی جووتیاران وەربگرێت.

مازن محەمەد، قایمقامی ئاکرێ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: عەلوەی ئێستای ئاکرێ دەکەوێتە گوندی باشقالی نزیك سەنتەری شارۆچکەی ئاکرێ، بەڵام سااڵنێکە دروست کراوە، کە ئێستا ناتوانێت پێداویستیی جووتیاران دابین بکات و بە هۆی ئەوەی دەڤەری ئاکرێ لە ڕووی کشتوکاڵییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە عەلوەیەك دروست بکرێت بتوانێت خواستی جووتیاران بەدیبێنێ .

قایمقامی ئاکرێ گوتیشی: بڕیارە عەلوەی ئێستای ئاکرێ بگوازرێتەوە بۆ ڕێگای ئاکرێ - ڕۆڤیا، پڕۆژەکە بۆ بەڵێندەرێك دەرچووە و بڕیارە دوای بڕینی ڕێکاری کارگێڕی، دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت .

هەروەها وتی: عەلوەی نوێ دەکەوێتە سەر ڕێگایەکی ستراتیژی و جووتیارانی قەزاکانی دیکەی هاوسنووریش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، هەروەها زۆر مەرجی تێدایە و تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەی سەردەمیانە دروست دەکرێت و سوودی زۆری بۆ ناوچەکە و جووتیاران دەبێت .

کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان سەرقاڵی دامەزراندنی ناشناڵ لیستی دەرمانە

چیتر ڕێگە نادرێت هەموو شتێک بێتە کوردستان و نابێت هیچ کەسێک کەلوپەل بەئارەزووی خۆی بهێنێت



د. شێروان سادق:

هەر دەرمانخانەیەك لەمەودوا پابەندی نرخەكان نەبێت، بەتوندی ڕووبەڕووی یاسای دەكەینەوە

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان:

جگە لە یەکخستنی نرخی دەرمان، خەریکی دانانی لیستی نیشتیمانیی دەرمانین لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان



خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

جاران دەرمان بەشێوازی جیاجیاو بەقاچاغ و بە نایاسایی و بگرە دەرمانی کوالیتی نزمیش دەگەیشتە شارەکانی کوردستان، بەڵام دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی دەرمان ئەو جۆرە دەرمانانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو کەمبوونەوە چوو، ئەگەرچیش هێشتا و لێرەولەوێ دەرمانی کوالیتی نزم و ماوەبەسەرچوو دەبیندرێت و ئەوەیش هاوواڵتیانی نیگەران کردووە، بەڵام دامەزراندنی دەزگایەکی گرنگی وەکو کوالیتی کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان بۆ کوردستان زۆر گرنگ و پرلە بایەخ بوو، کە دەتواندرێت لە ڕێگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە بە تەواوی کۆنترۆڵی دەرمان بکرێت و ڕێگری لەوە بکرێت کە بازرگانی بە ژیان و گیانی هاوواڵتیانەوە بکرێت. بەگوتەی دکتۆر شێروان سادق بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان: لەوتەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەرمانی کوالیتی نزم و خراپ ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە لەبەرئەوەی هەموو ئەو دەرمانانەی کە دێنە کوردستان لەڕێگەی ئێمەوە پشکنینی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و پشکنینەکانیش بەهۆی ئامێری پێشکەوتوو ئەنجامدەدرێن. دواتر دەربارەی یەکخستن و دیاریکردنی نرخی دەرمان لەکوردستان ڕوونیکردەوە:

ڕێکخستن و یەکخستنی دەرمان بەسیستەمێکی ئەلیکترۆنی

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان سەبارەت بە ڕێکخستن و یەکخستنی دەرمان گوتی: ڕێکخستنەوەی دەرمان بەشێوەیەکی گشتی هەر تەنها نرخەکەی نییە، ئەمە کاری زۆری دەوێت و بەشێوەی جۆراوجۆر دێتە کوردستان، کوالیتی جۆری دەرمان وایکرد کە دەرمان ڕێکبخرێتەوە و پشکنینی بۆ بکرێت، ئینجا کارمان لەسەر ڕووکارەکان کرد تا لەنزیکەوە بزانین هۆکارچییەو بۆچی هەموو جۆرە دەرمانێك دێتە کوردستان و چۆن بتوانین ڕێکی بخەینەوە بەرلەوەی نرخ ڕێك بخەینەوە.

هەبوونی هۆبەی دانانی نرخ لە کوالیتی جۆریی دەرمان

دەربارەی چۆنیەتی دانانی نرخی دەرمان دکتۆر شێروان سادق ڕوونیکردەوە: بەمەبەستی دانان و ڕێکخستنی نرخی دەرمان هۆبەیەکمان هەیە بۆ دانانی نرخی دەرمان و هەر دەرمانێك بێتە کوردستان ئێمە نرخی بۆ دادەنێین، پێشتر ئەو نرخەی کە داماندنا وەکو خۆی جێبەجێنەدەکرا، بۆ ئەو مەبەستەش بەهاوکاری لەگەڵ (سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان) کارمان کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان مۆڵەت بەکردنەوەی (دەرمانخانەکان و کۆگای دەرمان) یش دەدەن، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵکردن و داوامان لێکردن کە هاوکای و هەماهەنگی تەواومان لەگەڵدا بکەن، یەکێك لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی نرخە، ئەو نرخەی کە لە کوالیتی کۆنترۆڵ دەردەچێت،پابەند نەبوونی دەرمانخانەکان و کۆگاکانی دەرمان بوو، جگەلەوە داوامان کرد کە نوێنەری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانیش لەلیژنەی دانانی نرخدا هەبێت، ئەگەرچی پێشتر نرخی بۆ دانرابوو، بەڵام جێبەجێ نەدەکراو توانیمان لەهۆکارەکانی پشت ئەو جێبەجێ نەکردنەو تێبگەین و لێکۆڵینەوەمان لەسەری کرد، لەهەندێ هۆکاردا کوالیتی کۆنترۆڵ هۆکاربوو، هەندێکی دیکە سەندیکای دەرمانسازان هۆکاربوون و چەندین هۆکاری دیکەیش هەبوون، ئێمە ئێستا لەهەموو سنوورەکان (نوێنەری کوالیتی کۆنترۆڵ و بنکەی کوالیتی کۆنترۆڵ)مان داناوە، لەفڕۆکەخانیش نوێنەری ئێمەی لێ هەیە.

> هەر کارگەیەك ئیشوکارەکانی بەپێی ڕێنمایی و ستانداردی جیهانی نەبێت، ڕێگەی پێ نادرێت دەرمان هاوردەی کوردستان بکات

لیستی نیشتیمانی دەرمان لە بەغدا


دەربارەی لیستی نیشتیمانی دەرمانی بەغدا (بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان) گوتی: کێشەی سەرەکی ئێمە لەکوردستان متمانە کردن بوو لەسەر بەغداو بڕیتی بوو لە (لیستی نیشتیمانیی دەرمان لە بەغدا) ئەگەرچی لەکوردستان تا ئێستا لیستێك نییە بەناوی (لیستی کوردستان) و ماوەیەکە هۆبەیەکمان داناوە بەناوی (هۆبەی توێژینەوە و پەرەپێدانی زانستی) هۆبەیەکی زۆر گرنگ وپرلە بایەخە و پێشتر ئەو هۆبەیە هەبوو، بەڵام چالاك نەکرابوو، دوای ئەوەی کە من هاتم وەك بەڕێوەبەر بەزوویی هەوڵی کردنەوەی ئەو هۆبەیەمداو کەسانی پسپۆڕمان بۆ دابینکرد و بەڕێکوپێکی سەرپەرشتی ئەو هۆبەیە دەکەین تا لەنزیکەوە لە هۆکاری زانستی و کارگێڕی کێشەکان بزانین بەرلەوەی بڕیاربدەین، بۆ هەر سااڵێك پلانێکمان داناوە و لەماوەی پێنج ساڵەدا ئەو پلانە جێبەجێدەکەین و یەکەم کاریش بریتیبوو لە توێژینەوەیەك بەهاوکاری (سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان) و بەسەرپەرشتی (وەزارەتی تەندروستی و خودی وەزیری تەندروستی) دیراسەیەکیان کرد و بۆمان دەرکەوت کە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی نرخ و یەکخستنی دەرمان چییەو هۆکارەکانی ئەو هەموو دەرمانانەی کە دێنە کوردستان چییە، هەموو ئەو خاڵانەمان دیاریکرد و کارمان لەسەر کرد و یەکەمین کاریشمان بریتی بوو لە دانانی (لیستی نیشتیمانی دەرمانی کوردستان) و لەئێستادا لیستێکی تێرو تەسەڵمان دروستکرد، واتا (ناشناڵ لیستی کوردستان) و لیستەکە ڕێگە دەگرێت کە هەموشتێك نەیەتە کوردستان و کەس بەئارەزووی خۆی ناتوانێ بیهێنێت و بەکوالیتی کۆنترۆڵی جۆریدا تێپەڕ دەبێت، دیارە ئەو لیستە لەمەودوا ڕێگە بەوە نادرێ کە هەموو شتێك بێتە کوردستان و نابێ هەموو کەسێك کەلوپەل بەئارەزووی خۆی بهێنێ.

هۆکارێکی دیکە بریتییە لەکارگەی بەرهەمهێنەری دەرمان و چەندین دەرمانی دیکەیش هەبوو، بەڵام (پێداویستی پزیشکی و خۆراك و دەرمانی گیایی) لێرە تۆمار نەکرابوون، کۆنترۆکردنیان زۆر ئەستەم بوو، بەڵام لە ئێستادا ڕێنماییمان دەرکرد کە بۆ لەمەودوا هەرکارگەیەکی بەرهەمهێنەر بۆ هەر جۆرە دەرمانێك، ئینجا (دەرمانی کیمیاوی و گیایی و جوانکاری وپێداویستی پزیشکی) بێت نیازمان وایە ڕێکی بخەین و بۆ لەمەودوا هەموو کارگەیەك دەبێ لەلای ئێمە تۆمار بکرێت، ئەو کاتەی کارگەکە لەلای ئێمە تۆمارکرا، ئەوا ئێمە تیمێکمان هەیە بەناوی (تیمی پشکنینی کارگەکان)، لەوانەیە لە تورکیا یاخود وڵاتێکی دیکە شت دروست دەکرێت و دێتە کوردستان و پێشتر ڕێگە پێدانی پێدەدرا، هەر بۆیە ئێمە لەمەودوا هەر کارگەیەکی بەرهەمهێنەر پێویستە لێرە تۆمار بکرێت، ئەو کاتەی کە تۆمار کرا ئەوا بەڵگەنامەی پێویستی داوا لێدەکەین و دواتر تیمێکی پسپۆڕ سەردانی ئەو شوێنە دەکات و مەیدانی شوێنەکە دەبینن لەهەر وڵاتێك ئەو تیمە سەردانی ئەو وڵاتە دەکات و ڕاپۆرتێك دروستدەکات و ئەو تیمە لەلایەن (حکوومەتی هەرێم)ەوە هەموو جۆرە ئاسانکارییەکی بۆ دەکرێت تا سەردانی مەیدانی شوێنەکە لەو وڵاتانە دەکەن، بۆ ئەوەی سەیری کوالیتی و چۆنیەتی کارکردنی ئەو کارگەیە بکەن کە دەرمانەکە دروست دەکات و ئەگەر کارەکانیان بەپێی ڕێنمایی و ستانداردی جیهانی نەبێت، ئەوا ئێمە ڕێگەی پێ نادەین ئەو دەرمانە هاوردەی کوردستان بکات. بەداخەوە پێشتر هەموو جۆرە دەرمانێك هاوردەی کوردستان دەکرا، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە پاش (ناشناڵ لیستی نیشتیمانی کوردستان) بڕیارێکی دیکەمان دەرکردووە، هەر کارگەیەکی بەرهەمهێنەر دەبێت لەکوالیتی کۆنترۆڵ تۆمار بکرێت، ئەو کات ئێمە ڕێگەپێدانیان پێدەدەین و مۆڵەتیشیان پێداوان تا ڕۆژی 3/21 ساڵی 2021 ، هەمووی دەبێ پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن کە دەرمانکردوون و تا ئێستا لەکوردستان 376 کارگەی بەرهێنەری دەرمان تۆمار کراون و تۆماری بەغداش بریتییە لە 296 کارگە لەلای ئێمە لەمەودوا ئیعتیماد لەسەر بەغداش ناکەین و لەلیستی نیشتیمانی هەموو کارگەیەك پێویستە لەکوردستان تۆمار کرابێت، لەبەر ئەوەی دەرمان زۆر هەستیارە، دوای ئەو هەموو کارانە دەتوانین کۆنترۆڵی نرخی دەرمانیش بکەین، ئەگەر هاتوو دەرمانخانەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن بۆ ئەوەی سەرکەوتووبین لەوە بەهاوکاری (سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان) کە ئەوان نوێنەریان لە (لیژنەی دانانی نرخی دەرمان)ە، بەهاوکاری ئەوان دەتوانین وا لەدەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمان بکەین کە پابەندی نرخەکان بن و هەر دەرمانخانەیەکیش لەمەودوا پابەن نەبێت، ئەوا بەتوندی ڕووبەڕووی یاسای دەکەینەوە.

> لێکۆڵینەوەی ورد لەو بڕیارانەی پەیوەست بە نرخ کراوە، کە جێبەجێ نەکراون و هۆکارەکانی دەستنیشان کراون











دۆکیۆمێنتەکانی کوردایەتی

هەڵوێستی بەرەی کوردستانی و جەماوەر لە بەرامبەر سەربازە خۆبەدەستەوەدەرەکانی عێراق لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی باشووری کوردستاندا



جەلال مەلا کریم مەنتك

پارتە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی، ئەو پارتە شۆڕشگێڕانەن لە ڕۆژی ٩/١١ / ١٩٦١ تاوەکو ڕۆژی ٥/ ٣ / ١٩٩١، لە گۆڕەپانی خەباتی جولانەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی و نیشتیمانی کوردستان لە تێکۆشان بوونە، ئەگەر لە بنەڕەتدا خاوەنی یەك ستراتیژ بووبن، بەڵام هەریەکە لەو پارتە سیاسیانە، خاوەنی ئایدیالۆژیای جیا و شێوازی باوەڕ بوونیان بە شێوەی خەبات کردن، بێگومان بە پێی کات و هەلومەرجی خودی و بابەتی جیا بووە.

بۆیە ڕێکخستن و یەکخستنی یەك گووتار و یەك بریار، لە پڕۆسەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ (تاوانباری جەنگ و دیلی جەنگ و خۆبەدەستەوەدەرانی جەنگ)، بۆ کۆمەڵێك پارتی سیاسی فەلسەفە و ئەفکار جیا جیا تا ئەندازەك ئەستەمە، بۆیە بێگومان ئەوەش پێویستی بە بڕیاری سەرکردایەتیەکی خاوەن دەسەڵات و بڕیار هەیە، بۆچوونەکان یەکخات کە (ڕەزامەندی و کۆدەنگی) هەموو لایەکی لەسەر بێت، ئەو سەرکردایەتییەش (بەرەی کوردستانی) هۆکاری دامەزراندنەکەشی وەك وڵامدانەوە و بەرپەرچ دانەوەی حیزبی بەعسی ڕفتار فشی بووە، لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوان و کوشت و بڕەو و وێرانکارییە دڕندانەیەی لەساڵی ١٩٦٨ تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ لە کوردستان ئەنجامی دابوو ئەوە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە، بۆ کۆتایی هێنان بوو بە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان، لە پێناو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات کردن، لە ژێر سایە و سێبەری ئەو بەرەیەدا. بەرەی کوردستانی خاوەنی چەندین دەزگا و دامەزراوەی وەکو: سەرکردایەتی سیاسی، نووسینگەی جێبەجێکردن، دەزگای پەیوەندی و کاروباری کاگێڕی و کۆمەڵایەتی و یاسایی، دەزگای ڕاگەیاندن، لێژنەی دارایی، ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان بووە.

خاوەنی ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی بووە، ئامانج لە بڵاوکراوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەی، گەیاندن و دەربڕینی سیاسەت و هەوڵێستەکانی بەرەی کوردستانی بووە، بۆ ناوەخۆ و ڕای گشتی، هەوڵ و دەسپێکی دامەزراندنەکەشی، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧، لە ٢/ئەیاری/١٩٨٨ کۆنووسی دامەزراندەکەی واژووکراوە، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی ٧تا ٩ حوزەیران ساڵی ١٩٨٨ لەسەر خاکی کوردستان ئەنجام داوە، سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی پێك هاتبوو لە کەسی یەکەم و دووەمی لایەنە بەشداربووەکانی ناو بەرەی کوردستانی، لە دوای دامەزراندنی ئەو بەرەیە، پارتە سیاسییەکانی کوردستان، لە ژێر ئەو چەترە خەباتی سیاسی و چەکداری و فەرهەنگی خۆیان دەکرد، نوێنەری دەرەوە و ناوەوە و ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەی تایبەتی خۆی هەبوو. هەریەکە لە بەڕێزان مسعود بارزانی بەرپرسی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی بەرەی کوردستانی و مام جلال تاڵەبانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی بەرەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە لەلایەن پارتە سیاسیەکانی کوردستان و جەماور بەگشتی بە چاوی ڕێزەوە سەیردەکران.

لە یاسای دەوڵەتاندا سەرباز پارێزەری خاك و سنور و هاوڵاتیەتیەکانیەتی، بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە تا دوا فیشەك بەرگری بکەن، بەڵام دەرکەوت گەیشتبوونە ئەنجامی ئەو ڕاستیەی، ئەو حکومەتە دژی تێکڕایی هاوڵاتیەکانیەتی، لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت وا خۆیندنەوە بکەین، ئەگەر هەر حکوومەتێك دژی تێکڕای خەڵکەکەی خۆی بێت پێویستە بڕوخێ، بۆیە ئەو سەربازانە هاتنە بەرەی خەڵك، بە بۆچوونی چەندین شارەزا لە بواری سیاسی و سەربازی و جەنگ لە پارتە سیاسیەکان ئەوانە (نەك خۆڕادەستکەر بەڵکو وەکو پشتیوانانی ڕاپەڕین) سەیردەکران.

لەگەڵ ئەو هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەی بەرەی کوردستانی، لە بەرامبەر ئەو دەیان هەزار سەربازە خۆڕادەستکەرانەی سوپای عێراق لە ڕۆژی ٥ / ٣/ ١٩٩١ ی ئازاد کردنی شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین تاوەکو ڕۆژی ٢٠ / ٣ / ١٩٩١ ئازادکردنی شاری کەرکوك دەستپێکی کۆچکەرەوەکە لە ٣١ /٣/ ١٩٩١ کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە. بەداخەوە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نەیانتوانی، یاخود لەبەر ناچێگیری بارودۆخەکەو و هەلومەرجی خودی و بابەتی کاتەکە، و نەبوونی ئیمکانیەتی چاوەدێری (رعایە) کردنی تەواو لە بژیودانیان و کۆکردنەویان لەیەك شوێن، بۆ ئەوەی نیشانی (ڕای گشتی و نێونەدەکانی مافی مرۆڤ بدەن). بۆ ئەوەی بیانگەێنە ئەنجامی ئەو ڕاستیەی ئەو سەربازانە دەسەڵاتی بەعسیان بە دەسەڵاتێکی خوێنڕێژ و دژ بەگەلەگەی خۆیان زانیوە، بۆیە هیچ مقاومەمەیەکیان نەکردووە و هاتوونەتە بەرەی ڕاپەڕین و شۆڕش، ئەوەش دەبووە هاوکاری پاڵپشتێکی مەعنەوی زیاتری ڕاپەڕین و کاریگەری تایبەتی خۆی دەبوو لەسەر ڕای گشتی.

پاراستن و لە خۆگرتنی ئەوە سەربازە خۆبەدەستدەوەدەرانە، باشترین بەڵگە و گەواهیدەربوو لەسەر لێبوردەیی و میهرەبانی تاك و کۆی کۆمەڵگای کورد بە گشتی و پارتە سیاسیەکانی ژێر چەتری بەرەی کوردستانی و کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بە تایبەت، چونکە ئەوانە زەرەرمەندی یەکەمی دەستی ئەو هێزە بوونە.

سەرباز لەکاتی (بەدیل گیرانیشی) بەپێ بەندو ماده و (میپاق) ی نەتەوە یەکگرتووەکان مافەکانی پارێزراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی پارتە سیاسەکانی جەماوەر زۆر لەوە زیاتر بوو لە هاوکاری مامەڵە کردنی مرۆڤ دۆستان لەگەڵیاندا، وەکو ئازادی و هاوکاری و ڕێزو خزمەتکردنیان لەو کاتدا خەڵك زیاتر لە (شەش مانگ) بوو لە ژێر باری نالەباری ئابلۆقەی ئابووریی عێراقی ئابلۆقە دراو دەینالاند .

لە چەندین لوتکە چیا و بەرزایی شوێنی ستراتیژی لە کوردستان، مۆڵگەی سەربازی وا هەبووە زۆر بە ئاستەم و زۆر کەم کەوتوونەتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ماوەی ٩/١١ / ١٩٦١ تاوەکو ڕۆژی ٥/ ٣ / ١٩٩١ لەماوەی (٣٠ساڵ)ی، هەردوو شۆڕشدا. بەڵام ئەو سەربازانە بە پلەدارەکانیشەوە، بەبێ بەرگری کردن و خوێن ڕشتنی خۆیان و پێشمەرگەو جەماوەر، وەك پەیام و زەنگ تاك تاك بە گوێچکەیانەوە چرپاپێ، بەبێ چەك لە مۆڵگە سەربازیەکان هاتنە خوارەوە و بە شێوەیەکی ئاشتیانە خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر کرد، بۆیە بە ڕای زۆرێك لە سەرکردەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، ئەو سەربازە خۆڕادەستکەرانە وەکو (پشتیوانانی شۆڕش) هەژمار دەکران و سەیر دەکران.

بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، نەیاتتوانی لە ڕێگای بەعس و وەزراەتی بەرگری عێراقی بوو، جگە لەوانە تێکڕایی ئەو سەربازانەی لە کوردستان بوون، بەبێ هیچ شەڕ و خوێن ڕشتنێك و بەئاسانی دەستیان بەسەر هەموو ئەو شارانەدا گرت کە هێزەکانی عێراق لێیان ڕادەکرد، ئەوەش بەهۆی هاتنە بەرەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە لەلایەن پارتە سیاسیەکانی کوردستان و جەماور بەگشتی بە چاوی ڕێزەوە سەیردەکران.

لە یاسای دەوڵەتاندا سەرباز پارێزەری خاك و سنور و هاوڵاتیەتیەکانیەتی، بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە تا دوا فیشەك بەرگری بکەن، بەڵام دەرکەوت گەیشتبوونە ئەنجامی ئەو ڕاستیەی، ئەو حکومەتە دژی تێکڕایی هاوڵاتیەکانیەتی، لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت وا خۆیندنەوە بکەین، ئەگەر هەر حکوومەتێك دژی تێکڕای خەڵکەکەی خۆی بێت پێویستە بڕوخێ، بۆیە ئەو سەربازانە هاتنە بەرەی خەڵك، بە بۆچوونی چەندین شارەزا لە بواری سیاسی و سەربازی و جەنگ لە پارتە سیاسیەکان ئەوانە (نەك خۆڕادەستکەر بەڵکو وەکو پشتیوانانی ڕاپەڕین) سەیردەکران.

لەگەڵ ئەو هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەی بەرەی کوردستانی، لە بەرامبەر ئەو دەیان هەزار سەربازە خۆڕادەستکەرانەی سوپای عێراق لە ڕۆژی ٥ / ٣/ ١٩٩١ ی ئازاد کردنی شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین تاوەکو ڕۆژی ٢٠ / ٣ / ١٩٩١ ئازادکردنی شاری کەرکوك دەستپێکی کۆچکەرەوەکە لە ٣١ /٣/ ١٩٩١ کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە. بەداخەوە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نەیانتوانی، یاخود لەبەر ناچێگیری بارودۆخەکەو و هەلومەرجی خودی و بابەتی کاتەکە، و نەبوونی ئیمکانیەتی چاوەدێری (رعایە) کردنی تەواو لە بژیودانیان و کۆکردنەویان لەیەك شوێن، بۆ ئەوەی نیشانی (ڕای گشتی و نێونەدەکانی مافی مرۆڤ بدەن). بۆ ئەوەی بیانگەێنە ئەنجامی ئەو ڕاستیەی ئەو سەربازانە دەسەڵاتی بەعسیان بە دەسەڵاتێکی خوێنڕێژ و دژ بەگەلەگەی خۆیان زانیوە، بۆیە هیچ مقاومەمەیەکیان نەکردووە و هاتوونەتە بەرەی ڕاپەڕین و شۆڕش، ئەوەش دەبووە هاوکاری پاڵپشتێکی مەعنەوی زیاتری ڕاپەڕین و کاریگەری تایبەتی خۆی دەبوو لەسەر ڕای گشتی.

پاراستن و لە خۆگرتنی ئەوە سەربازە خۆبەدەستدەوەدەرانە، باشترین بەڵگە و گەواهیدەربوو لەسەر لێبوردەیی و میهرەبانی تاك و کۆی کۆمەڵگای کورد بە گشتی و پارتە سیاسیەکانی ژێر چەتری بەرەی کوردستانی و کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بە تایبەت، چونکە ئەوانە زەرەرمەندی یەکەمی دەستی ئەو هێزە بوونە.

سەرباز لەکاتی (بەدیل گیرانیشی) بەپێ بەندو ماده و (میپاق) ی نەتەوە یەکگرتووەکان مافەکانی پارێزراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی پارتە سیاسەکانی جەماوەر زۆر لەوە زیاتر بوو لە هاوکاری مامەڵە کردنی مرۆڤ دۆستان لەگەڵیاندا، وەکو ئازادی و هاوکاری و ڕێزو خزمەتکردنیان لەو کاتدا خەڵك زیاتر لە (شەش مانگ) بوو لە ژێر باری نالەباری ئابلۆقەی ئابووریی عێراقی ئابلۆقە دراو دەینالاند .

لە چەندین لوتکە چیا و بەرزایی شوێنی ستراتیژی لە کوردستان، مۆڵگەی سەربازی وا هەبووە زۆر بە ئاستەم و زۆر کەم کەوتوونەتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ماوەی ٩/١١ / ١٩٦١ تاوەکو ڕۆژی ٥/ ٣ / ١٩٩١ لەماوەی (٣٠ساڵ)ی، هەردوو شۆڕشدا. بەڵام ئەو سەربازانە بە پلەدارەکانیشەوە، بەبێ بەرگری کردن و خوێن ڕشتنی خۆیان و پێشمەرگەو جەماوەر، وەك پەیام و زەنگ تاك تاك بە گوێچکەیانەوە چرپاپێ، بەبێ چەك لە مۆڵگە سەربازیەکان هاتنە خوارەوە و بە شێوەیەکی ئاشتیانە خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر کرد، بۆیە بە ڕای زۆرێك لە سەرکردەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، ئەو سەربازە خۆڕادەستکەرانە وەکو (پشتیوانانی شۆڕش) هەژمار دەکران و سەیر دەکران.

بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، نەیاتتوانی لە ڕێگای

و بە کوشتدانی ڕۆژهەکانی بەسەربردووە. لەبەرئەوەی ڕژێمی بەعسی ڕەگەز پەرست و ڕفتار فاشی، لەبنەڕتدا لە دایك و زادەی ویست و خواستی خەڵکی عێراق نەبووە، بۆیە بوونیان لە گۆڕەپانی سیاسی و دەسەڵات لە عێراق، مایەی نیگەرانی و نەهامەتی زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ئازادیە ماوەیەکی کەمی خایاند، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ تاوەکو ڕۆژی٣٠ /٣ / ١٩٩١ بوو، پارتە سیاسیەکان و هێزی پێشمەرگە، هیچ پێداوستێکی لۆجستی و بنکە و بارەگا و شوێنی حەوانەوەی ئەتۆیان نەبوو، نەمانی ئاو و کارەبای نیشتیمانیش گرفتێکی گەورەی خزمەتگوزاری گشتی بوو، زۆربەی داموودەزگاکانی حکوومەت تاڵان کرابوون، بەتایبەتی بارەگا و تەلار و باڵەخانەی دام ودەزگا ئەمنی و سەربازیەکان وێرانکرابوون و سوتێندرابوون، بارەگای زۆربەی پارتە سیاسیەکانیش بە ڕۆژ ئاوەدان و بە شەو چۆل دەکرا، لەبەرئەوەی بارودۆخەکە بارودۆخێکی ناجێگر و دژوار بووهیچ خزمەتگوزارییەك نەبوو. ناچار ئەو سەربازە خۆبەدەستەوەدەرانە لە تێکڕایی (شارو شارۆچکە و کۆمەڵگاکان، بەسەر مزگەوتەکاندا دابەش کران، کە باشترین شوێنی حەوانەوە بوون بۆیان.

لەسەرداوای بەرەی کوردستانی و پارتە سیاسیەکان، خەڵك کۆمەکی دەکردن بە جل و بەرگ و پێخەو پێدانی ژەمە خۆراکەکان، بەرپرسی پارتە سیاسیەکان بە تایبەت و خەڵك بە گشتی، لە کاتی ژەمەکان نان و خۆراکیان بۆ دەبردن، لەگەڵیان دادەنیشتن وەکو ئەندامی یەك خێزان مامەلەیان لەگەڵ دەکردن. ئەوەی میژووی ئیسلامی خوێندبێتەوە، وێنەی هاوڵەکانی کۆچبەرو پشتیوانانی (مهاجر و انصار) شاری مەدینەی سەردەمی پێغەمبەر (ص) و برایەتی عبدالرحمن ی عوف و سعدی کوڕی ڕەبیعەی لا وێنا دەبوو ، نمایشی ڕاستەقینەی ئەو دیمەنانە وێژدان و هەستە شەپۆلەکانی مرۆڤیان و دەجولاند و ناخی مرۆڤیان دەهەژاند و سۆز و میهرەبانیان لەناخی مرۆڤدا دورست دەکرد ... لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە تاوەکو کۆتا ڕۆژانی ئازادی ٢٩ ، ٣٠ / ٣ / ١٩٩١ بەم شێوەیە لەلایەن پارتە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی و جەماوەری بەگشتی بە پێ پێویست و توانا هاوکاری کران ، لەگەڵ هێرشی سوپای عێراق بۆ سەرشارو شارۆچکەکانی کوردستان سەربازە خۆبەدەستدرانەکانیش وەکو هەر هاوڵاتێکی کورد لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بوونە بەشێك لە کۆچبەرانی ئەو کۆچ ڕەوە مێژوویییە بەرەو سنورەکانی ((ئێران و تورکیا)) کەوتنە ڕێ ... لە گەڵ پەلامارداڵی بەعس و گرتنەوەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان. بە داخەوە ئەو سەربازانەی خۆیان بەدەستەوە دابوو، کەوتنە بەردەستی (گاردی کۆماری) ، بە ترسنۆك وخیانەتکار لەقەڵەم دران و زۆربەیان گولە باران کران و شوێن بزرکران.

دەرئەنجام :

پارتە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی، وەکو تاك و کۆ پێشمەرگە و سەرکردە ڕۆڵەی ئەو خاکەن، کە پێی دەگوترێت کوردستان و ئەو نەتەوەیەن، کە پێی دەوترێت کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تریشەوە، تێگیشتنی ڕاستەقینە لە وشەی (ئازادی) بەرهەمی خواستی مرۆڤە، بۆ ئەوەی خۆی سەرکردایەتی خۆی بکات وەکو تاك، وەکو نەتەوەش بە هەمان شێوە. بۆیە بە دریژایی مێژوو، نەتەوەی کورد تێکۆشاوە لە پێناو مانەوە و پارستنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی بەرە، داوا لە (ناوەندەکانی مافی مرۆڤ) و (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) بکەن و کۆمەك و هاوکاری وەربگرن، یاخۆ وەکو (کارتی فشار) ئەو سەربازە خۆبەدەستدەرانە، لە بەرامبەر ڕای گشتی و حکوومەتی عێراقیش بەکاریان بهێنن ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تروەو لەبەر نەبوونی هیچ پشتگیری و هاوکارییێکی (مادی و معنوی و لۆجیستی) وڵاتانی ئەورووپا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەت، لە ڕۆژانی ٢٩،٢٨ ٣٠ /٣/ ١٩٩١و کوردستان کەوتە بە هێرشی بێڕحمانەی سەدان تانك و زریپۆش و هەلیکۆپتەری جەنگی و هەزاران (گاردی کۆماری – مجاهیدن خلق) بۆ سەر تێکڕایی شارو شارۆچکە ئازاد کراوەکانی کوردستان، لەبەر نابەرامبەری بێ ئەندازە و زۆری هەژماری سوپای بەعس، بەرامبەر کەم هێزی چەك و پێداویستی پێشمەرگەی پارتە سیاسەکانی کوردستان لە پێداویستیەکانی شەڕی بەرەیی، بەداخەوە لە دوایی شەهید بوونی سەدان ڕۆڵە و لاوی کورد لە مەیدانی بەرگری کردن لە پێناو پارستنی کرامەتی تاکی کورد وخاکی کوردستان، بە کۆچڕەوێکی سێ ملیۆن کەسی کەم وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی، وەڵامی ڕژێمی بەعس درایەوە، کە ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی و ڕای گشتی هەژاند و سەربازە خۆڕادەستکەرەکانیش بوونە بەشێك لە کۆچبەرانی ئەو کۆچڕەوە مێژوویییە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر :

١-بنوارە چاوپێکەوتن و دیمانەی((مسعود بارزانی – و- خاتوو دانیال میران))ئاسراو بە دایکی کورد و مادامی ((فرانسۆ میتران)) ی، سەرۆکی پێشووتری فەرنسا لە سنوری عێراق – ئێران لە مانگی ٤ / ١٩٩١ .

٢-بنوارە (پەیام و ووتارەکانی) مسعود بارزانی بە بۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لـــە ڕۆژی ٤/٣/ ٢٠١٣ و لـــە ڕۆژی ٥/ ٤/ ٢٠١٥.

٣-بنوارە (پەیام و ووتاری) جەلال تاڵەبانی لە یاریگەی هەولێر لە ڕۆژی ٦/١٠ /١٩٩١.

٤-بنوارە (مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس ساڵی ١٩٩١) نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین، ساڵی چاپ ٢٠٠٩ لاپەڕە ٧و لاپەڕە ١٧ ، لاپەڕە ١٨ ، لاپەڕە ١٩ .

٥-بنوارە (بەرەی کوردستانی ١٩٨٧ – ١٩٩٢) توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسیە – نامەی ماستەر بڵاونەکراوە - لە ساڵی ٢٠١٧ لە لایەن - توانا قادر ابوبکر - پێشکەش کرێتێ زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە – لاپەڕە ٤٠ ، لاپەڕە ٤١ ، لاپەڕ ٤٤ ، لاپەڕە ١٠٣ ، لاپەڕە ١٥٦.

٦-بنوارە (ژیانی پێغەمبەری مەزن محمد) ، لە نووسینی مامۆستا ((عبهان عبدالعزیز)) هەڵبجەیی ، ساڵی چاپ ١٩٧٩ زانکۆی سلێمانی.لاپەڕە ٢٦٤ ،لاپەڕە ٢٦٥ لاپەڕە ٢٦٦.

٧-بنوارە ئەرشیف و دۆسیەی وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تایبەت بە لیستی ((شەهیدانی ڕاپەڕین کۆچڕەو))ی، سەرتاسەری و مێژووی ساڵی ١٩٩١باشووری کوردستان.

٨-بنوارە ناوەڕۆکی ((بڕیاری ٦٨٨)) نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ ڕاپەڕین و کۆچکەرەوە مێژوویییەکەی ٣١/ ٣/ ١٩٩١.

-٩ بنوارە ((ئازادی)) زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم ((ژمارە ٢٨)) چاپخانەی سەردەم ساڵی ٢٠١٧، لاپەڕە ٢٠.

١٠-بنوارە ستێکوچکەی ((تەعریب و تەبعیس و تەهجیر)) لە نوسینی – چیا - مینە قادر مینە - ، چاپی یەکەم ١٩٨٧ ،چاپی دووەم ساڵی ١٩٩٩ ، هەردوو بەش - ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکانی کوردستان – و – ڕاگواستنی ناوچە نەوتیەکانی کوردستان .

١١-بنوارە گۆڤاری ((ڕاپەڕین))، گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێرساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ . ژمارە((١)) خولی ((١)) مانگی تەموز ١٩٨٢ ، ژمارە ((٢)) خولی ((١))ی مانگی ئاب ١٩٨٢ ، ژمارە ((٣)) لە خولی ((١)) تشرینی یەکەم ١٩٨٢، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی نوزاد علی احمد ، ساڵی ٢٠١٩.

١٢-بنوارە ((ڕاپەڕینی هەولێر لە بەهاری ١٩٩١ وەکو خۆی)) تۆمارێ ڕۆژانە ، نووسینی د. عبدالله علیاوەیی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٤ ، لاپەڕە ١٨ ، لاپەڕە ٤٤ ،لاپەڕە ٨٠

١٣- بنوارە ئارشیف و دۆکیۆمێنتەکانی ((پارتە سیاسیەکانی نێو بەرەی کوردستانی)) لەهەمبەر نەخشەو پلانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩٩١.

-١٤ بنوارە ((ڕاپەڕینی شاری هەولێر ساڵی ١٩٩١)) لە نووسینی هۆشمەند علی محمود ، ساڵی ٢٠٠٩ ، لاپەڕە ٥٥،لاپەڕە ١٠٧ ،لاپەڕە ١١٠ لاپەڕە ١١١.

لە ئاوارەیی و نێو کەمپەکانیشدا پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول دریژەیان بە خەبات دەدا

چەند نامەیەکی شەهیدی فەرمانده زۆران عەزیز پشتیوان بۆ فەرماندەی تێکۆشەر مەلا عەلی زمناکۆ



ئا: زانیار سەردار قرگەیی

دڵسۆزیی و پەرۆشی رۆڵەکانی گەلی کورد تا ئەو ئەندازەیە بوو کە لە هەموو سەردەم و قۆناغە سەختەکانیش چ لە ناو زیندان یا کەمپ و شوێنە مەترسیدارەکانیشدا هەمیشە لە هەوڵی تێکۆشان و خەبات کردنداببون بۆ گەیاندنی نەتەوەکەیان بە ترۆپکی سەرکەوتن و رزگاربوونیان لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری. لێرەدا چیرۆکێك دەگێڕینەوە کە دوای پیلانی رێکەوننامەی جەزائیر و خامۆشکردنی شۆڕشی ئەیلوول، بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی پارتی و رێبازی بارزانیی نەمر، خۆبەدەستەوە نادەن نە بە رژێمی عێراق نە خۆشیان بەدەست نیرادەی ئێرانەوە دەدەن، ئەوەتانێ لە ئاوارەیی و لەنێو کەمپەکانیشدا کە لە ژێر چاودێرییەکی چڕ و تووندیشدا دەبن، کەچی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول دریژەیان بە خەبات و تێکۆشان دەدەن کاروباری رێکخستنی حزبی و کوردایەتی بڕەوپێدەدەن بەنهێنی، بۆ بەڵگە، لێرەدا چەند نامەیەکی شەهیدی فەرمانده (زۆران عەزیز پشتیوان)، بۆ فەرماندەی تێکۆشەر (مەلا عەلی زمناکۆ) دەخەینەڕوو کە لەو ڕۆژگارەدا ئەم دوو پێشمەرگە و فەرمانده تێکۆشەرە، ئازایان کاریان کردووە و دریژەیان بە ڕەوتی خەبات داوە و هەوڵی زیندوو کردنەوەی رێکخستنەکانیان داوە و لەو رێگەیەشەوە بۆنە نەتەوەییەکانیان زیندوو کردۆتەوە.



شەهید فەرمانده و قارەمان (زۆران عەزیز پشتیوان)

شەهید زۆران لە ساڵی ١٩٤٣ لە خانەقین لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە، بەهۆی پاشخانی پڕ سەروەریی بنەماڵەی (پشتیوان) و باوکێکی خەباتگێڕ و مامۆستای کوردایەتی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی حیزبی هیوا، شەهید زۆران بە بیری خۆشەویستی کوردستان و کوردپەروەریی گۆشکراوە. لەو روانگەیەشەوە چەندین جار زیندانی کراوە لە ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٩، لە گرتووخانەکانی (رومادی و حللە و نوگرەسەلمان و مووسڵ) بووە. پاشان بڕتە پێشمەرگە، دۆست و هەڤاڵی کاك مەلا عەلی زمناکۆ بوو، لە قۆناغی سەختی خەبات و کوردایەتیدا، لە کەمپی جەهرووم پێکەوە بوون و کاری رێکخستنەوەی رێکخستنەکانی پارتی و یاد و بۆنە نەتەوەییەکانیان کردۆتەوە و زانیاریی و نامەیان ئاڵوگۆڕکردووە.

پاش رێککەوتننامەی جەزائیر بە چەند مانگێك شەهید زۆران لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند پێشمەرگەیەکی دێرین شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد. یەك ڕۆژ پێش ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵان لە ١٩٧٧/٥/٢٥دا لەگەڵ (١٣) پێشمەرگەی قارەمان لە داستانێکی کەم وێنە و شەڕێکی سەختدا لەگەڵ هێزێکی زۆری رژێمی عێراق لە ناوچەی بەرواری باڵا لە سنووری شاری دهۆك شەهید دەکرێن و تەرمەکانیشیان کەوتە دەست هێزەکانی رژێم.

ئەو ڕۆژگارانە ڕۆیشتن و ناگەڕێنەوە، ڕۆژانێکی پڕ لە بەڵێن و ئاشنایەتی و بە تەنگەوەهاتنی یەکتر و فریاکەوتن و هاوکاری و یارمەتیدان بوو، هەموو ئەمانە و خەسڵەتە جوانەکانی کوردەواری، کە وەك پەلکەزێڕینەی پاش بارانی بەهاری ئەم کوردستانە تێکەڵ بەیەکتر دەبوون. چەندە لێبان ورد بینەوە، هێندە جوان و جوانتر خۆیان دەنوێنن. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی بڕوا و متمانە و هاریکاری و ئومێدبەخشین بوون.

هەریەك لە شەهید زۆران عەزیز پشتیوان و کاك مەلا عەلی زمناکۆ، لە پیاوە کوردپەروەرەکانی سەردەمی خۆیان بوون و ڕۆشنبیر و تێکۆشەری بوێر و خەباتگێڕی بەئەزموونی ئەو سەردەمانە بوون، کە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵیان لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە ڕۆشنبیر و تێکۆشەرە ناسراوەکانی حزبەکاندا هەبووە. هەوڵیان داوە لە رێگایەك لە رێگایەکانی نەتەوایەتی و کوردایەتی، بە تایبەتی لە رێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تێبکۆشن و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیەکی مەزڵووم بکەن. پاشان وەك هەزارەها ڕۆڵەی کورد دەبنە پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی نیشتمان و دریژە بە شۆڕش دەدەن و بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان بە ترۆپکی سەرکەوتن بگات، دوای چەند ساڵێك بەشداربوونیان لە شۆڕشی ئەیلوول، بەڵام مخابن ناحەزانی گەلی کورد لێ نەگەڕان و بوون بە بەربەست و کۆسپی گەورە لەبەردەم شۆڕشی کوردا، تا سەرەنجام شۆڕشی کورد دووچاری نسکۆهات و ئەمانیش لەو دەمەدا بەشی خۆیان مەینەتییان چەشت.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، کاتێك ئەمانیش (زۆران و مەلاعەلی) وەك زۆر لە خەباتگێڕان ملیان نەدا بۆ دوژمنان و ڕوویان لە وڵاتی ئێران کرد و ملیان بۆ ئیرادەی ئێرانییەکانیش نەدا، هەر بۆیە ئەوانیش لە ژێر چاودێریدا لە (کامپ)یان دانان و دەستبەسەریان کردن، بەڵام ئەم تێکۆشەرانە لەو کامپەیشدا هەر دریژەیان بەڕەوتی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و کوردپەروەری و پارتایەتی دەدا و دروشمی نەسڕەوتن تا سەرکەوتنیان کردبووە ئامانجی سەرەکیی ژیانیان، چونکە پێیان وابوو هەر دەبێ گەلی کورد سەربەست بژی و ڕۆژێك دێ خۆری ئازادی لە کورد هەڵدێت.

لەوکاتە دژوار و سەخت و ناهەمواردا، بەناوی نهێنی (نامە و نووسراو)یان بۆیەکدی دەنارد، چونکە لەژێر چاودێرییەکی تووندی پیاوانی رژێمی ئەو وڵاتەدا، واتە رژێمی شای ئێراندا بوون.

هەر بۆ ئەو مەبەستە و لە ڕۆژێکی تەماوی و خەمناکی ساڵی ١٩٧٦دا لە کامپی (جەهرووم)ەوە، کە لە یەکێك لە شارەکانی وڵاتی ئێران دایە، شەهید (زۆران عەزیز پشتیوان)، بە چەند ناوێکی خوازراوەوە و بۆ چەند ناوێکی خوازراوی دیکە، کە فەرماندەی تێکۆشەر (مەلا عەلی زمناکۆ)یە، چەند نامەیەك دەنووسێ. بۆ ئەوەی بەنهێنی هەوڵی رێکخستنەوەی کاروباری حزبیی و چالاکییەکانیان لەنێو ئەو کەمپەدا بدەن.

ئێمەیش لێرەدا و لەم بابەتەدا، یەك دووی لەو نامانە باس دەکەین و دەیخەینە ڕوو، کە نامەی پڕ لە خۆشەویستی و هیوا و ئومێدبەخشن و لە هەمان کاتیشدا هانیان دەدا تاکوو دریژە بە کاروانی نەپساوەی خەباتی گەلی کورد بدەن و خۆیان گوتەنی: «ئەو کەش و هەوا سەخیفەی ئەو کامپانە کاریان لەسەر نەکا و لە دریژەدان بەڕەوتی خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی سارد نەبنەوە».

شەهید زۆران، بەناوی نهێنیی [(ز.ع) و (شێرکۆ) و]، بۆ [(م.م.ح) و (شوان)ی] نووسیوە، کە هەر دوو ناوە نهێنییەکەی یەکەم خۆیەتی و هەردوو ناوە نهێنییەکەی دووەمیش، مەبەست لێی کاك مەلاعەلی زمناکۆیە. بەم چەشنە نووسیویەتی:

برای ئازیز و دۆستی دڵسۆزم (م.م.ح)
سڵاو و شانازی

هیوادارم ساغ و سەلامەت بن لەو کامپە پڕ لە کەش و هەوا سەخیفە، ئاواتەخوازم خۆزی هیوا بۆ بەرێزتان و کەسانی وەك خۆتان هەڵبێ بۆ ئامادەکردنی نەتەوەیەکی دڵسۆز بۆ نەتەوەکەمان، زۆر بەوەریەکی بەرزەوە ئەڵێم:

کە بەرێزتان پیاوی ئەم قۆناغە سەختەی نەتەوەکەمانن، چونکە تەجروبەی بەرێزتانم کردووە لەم قۆناغە ناسکەی بەسەر ئەم قوربانیانەداتێدەپەڕێ.

* ئازیزم، حەزمکرد کە بزانی هەندێ لایەنی نەناسراو کوپڕەکەی فرانسۆ حەریریان فڕاندووە و هەروەها عەقراویەکی تریش.

* بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە هەندێ لایەنگری سەر بە مام جەلال و لایەنگرانی دی سەر بە کاك مەسعوود و کەسانی تریش سەر بە لایەنی سێیەم بەناوی (نەجم)ەوە.

ئەمانە لەناو ئۆردوگادا چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن، کە دەشێ دەسەڵاتی ناحەزان و ماستاوچی و گشت ترسنۆکەکان بلەقێنێ.

ئەمەو دەستەکانت دەگوشم و تا بەیەکگەیشتنێکی پڕ سوود.

برات

ز.ع

بۆگەناو وان. جا لە تەك بنیاتنانی هەندێ پەیوەندی و متمانە بوون لە نێوان کەسە پاکەکاندا ئەوا بە کردار بەشداری دەکەین لە پرکردنەوەی یەك لەو گۆماوە بۆگەنانە. بەڵام مێشوولە هێشتا هەر گەرا دەخەن و زۆر دەبن.. لە کۆیدا پاشماوەی کینەی کۆنەپەرستی و چینایەتی ڕەش هەبێ بۆ تێکدانی پەیوەندییەکەمان.

هێشتا ئەم بیر و بۆچوونانە لە کەش و هەوا و بیر و مێشکی زۆرێك و بگرە زۆربەی هەرە زۆری میللەتی کوردماندا هەر پایە و دەڕی.

ئاشکراشە کە پەیوەندیە شۆڕشگێڕانە برایەتییەکانی نێوان من و تۆ هەرکات بیرکردنەوەیەکی بابەتی و وشەی جوان و ددان بەخۆداگرتن و ئارامی تیابدا بەڕەو ڕووی تاڵی و تەڵخی دەڕووبەر بوونەوە، ئەوا ئەو پەیوەندییەمان تووندوتۆڵتر دەبێتەوە.

بەڵام گومانی بێ بنەما لە کەسانی تر و بێ باوەڕی بەگشت کەسێك لێرەدا ئەوا دۆزمنایەتی و دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی ئەو (هیوا)یە دەنێتەوە کە هەوڵی بۆ دەدەین... هەروەك ئەوەی ئێمە ئاو بکەینە ئاشی لایەنەکانی کۆنەپەرستی و دواکەوتن.

ئازیزم کاك شوان:

پەتای تۆزە سیخۆڕی و جاسووسیەکان لێرەکانێ لە پەرەسەندنداید، جا پشی پشی ئەوانە بۆمان یەکێکە لە دیاردەکانی ئەم پەتایە.

لە بەرواری ١٢/٢٨/ ١٣٥٤ کاتی ئێوارە (.....) بانگی کردمە ماڵەکەی خۆی، پاش پرسینەوەیەکی دوورو درێژ ئەم ناوانەی دامێ و وای دانابو کە سیخوڕی مەترسیدارن.


پێی گوتم: دەبێ وریابیت لە مانە و خۆتیان لێ بپارێزی و من تاکۆتایی لە تەکتدا دەبم.

هەر وەها گوتی: کە ئەو – یانی (.....) کاتی خۆی لە ریزەکانی ئەو تۆرەدا لێرە کاری کردووە، دووجار مووچەی لێ وەرگرتوون، بەڵام لە پێنج شەممەی رابردوودا زیاتر لە (٦٠٠) دروشم دابەشکرا، دروشمەکان هێبا و جیا جیا بوون، لە ناو چکلێتەوە پێچرا بوون، خراپبونە سەر مێزەکانی ناو پۆلەکان و پۆلەکانی نیگارگا و بەشێکیان لە بەشە جیا جیاکانی ئۆردوگاکەدا بڵاوکرانەوە.

کاردانەوە بەرامبەر ئەم چالاکییە سادەیە ئەرێنی بوو بەتایبەت تۆرەکە تۆقین و بیریان لە کاری ڕەشی خۆیان دەکردەوە.


برات/ شێرکۆ

تێبینی: لێرەڕا وا پێشنیاز دەکەم لە نامەنووسینداندا کە ناوێکی خوازراو بۆ خۆت هەڵبژێری، لەبەر هیچ نا تەنیا بۆ مەبەستی پاراستن و ڕێوشوێنی قایمکاری، ئەوا من ناوی (شیرکۆ)م بۆخۆم هەڵبژارد.




فەرماندەی شۆڕی ئەیلوول و گوڵان (مەلا عەلی زمناکۆ)

عەلی عەبدولکەریم فەرەج، ناسراو بە مەلا عەلی زمناکۆ، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی زمناکۆ لەدایك بووە، بەهۆی پەیوەندی بە بیری کوردایەتی قوتابخانە بەجێدەهێڵێت و ساڵی ١٩٦٧، زانستی ئیسلامی خوێندووە و لەو ساڵەدا چووەتە ریزی پێشمەرگە، لەو سەردەمانەدا بەشداریی کۆمەڵێك لە داستانەکانی (سنووری هەڵەبجە، بەمۆ، گەرمیان)، ئەندامی کۆنگرەکانی (٨،١١،١٢،١٣) ی پارتی بووە، دوای کۆنگرەی هەشت، کراوە بە ڕابەر سیاسی، بەرپرسی رێکخراوی سەربازی و مەسئولی عەسکەری و سەرلقی ئیسناد.. ئاوارەی ئێران بووە، دواتر خراوەتە کەمپ و دواجار ڕەوانەی جەهرووم کراوە. دوای بینینی کاك ئیدریس بارزانی لە پایزی ١٩٧٦ بووەتەوە بە پێشمەرگە، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانیی نەمری پێ بەخشراوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی سەربازی پێبەخشراوە، وەك فەرماندەی هێزی خەبات، فەرماندەی سوپای گەرمیان، کارگێڕی لقی٣، لە ساڵی ٢٠٠٠ جێگری فەرماندەیی (کەرکوك - سلێمانی) بووە، لە ٢٠٠٥ بە پلەی لیوا کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی هەتا ساڵی ٢٠١٥، پاشان کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی گەرمیان، ئێستا بە پلەی فەریق خانەنشینە. لە ساڵی ١٩٦٧پێشمەرگە و فەرمانده بووە لە هەر دوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان، بە بێ دابڕان هەتا ئێستاش پێشمەرگەیە.







هەڵبژاردنی پێشوەختە و پرۆسەی تەعریب

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، کە بڕیارە لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەڕێوەبچێت، وێڕای ئەو مشتومڕە زۆرەی لەسەر ئاستی ناوەندە سیاسی و میدیاییەکاندا دروستی کردووە، هاوکات چەند ڕەهەند و لێکەوتەیەکی خراپیشی لێدەکەوێتەوە، بەوپێیەی هیچ کات هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا نەیانتوانیوە چارەسەری کێشەکان بکەن، بگرە کێشەکانیان زیاتریش کردوون، بەدیاریکراویش لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەکان، هێز و لایەنەکانی بەغدا تا ئاستی گرژی، نێوانیان تێکدەچێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەش دەبێت، بە تایبەتی ئەو هەڵبژاردنەی ئێستا بە هەموو شێوەیەك بۆ کورد خراپە، چونکە بەگوێرەی یاسایەك لایەنی عەرەبی بەرژەوەندییان تێدایە، بە دیاریکراوی لە سنووری کەرکووك، کورد زیانی بەردەکەوێت.

یەکێك لە ڕەهەندە خراپەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، ئەوەیە ئیدی ئەو شێوازە لە هەڵبژاردن، بۆی هەیە ببێتە نەریتێك و هێزە عێراقییەکان دوای پێکهێنانی هەر کابینەیەك و پێش کۆتایی واده یاساییەکەی، بە ئەنقەست کێشە بۆ حکوومەت دروست بکەن، ئەمەش لە یەك کاتدا دۆخە سیاسییەکە کە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، ئاڵۆز دەکات و خەرجییەکی زۆریش لەسەر حکوومەت دەکەوێت، وێڕای ئەمە هەر چەند ساڵەی سەدان پەرلەمانتاری تازەش دەچنە پەرلەمان و ئەوانیش مووچە و بوودجەیان دەوێت، جگە لەو کەشە ئاڵۆزەی لەکاتی هەڵبژاردندا دروست دەبێت، بەوپێیەی هێزە عێراقییەکان هێشتا پرۆسەی هەڵبژاردن وەك کولتوورێکی دیموکراسییانە قبوڵ ناکەن و ئەوانەی دەچنە ناو پرۆسەکەوە، وەك ئەوەی بچنە جەنگ و هێرشکردنەسەر یەکدی، لەو ڕەگەزەی دیموکراسییەت دەڕوان، جگە لەوەی عێراق هەر خۆی دیموکراسی نییە و ناشبێت، ئاخر دیموکراسی پێش هەر شتێك، کولتووڕە، ئێ عێراق هێشتا ئەو کولتووڕەی نییە تا بڵێین پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت!

ئەوەیشی پێوەندەی بە کوردەوە هەیە، ئەو هەڵبژاردنە لایەنی خراپەی زۆرە، وێڕای هۆکارەکانی سەرەوە، هاوکات ئێمە کێشەی خاك و نەتەوەییمان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا هەن، کە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئەو ناوچانە لە پرۆسەیەکی داگیرکاریدا کەوتنەوە ژێر چنگی حەشدی شەعبی و لەوکاتەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەعریبی ناوچە کوردییەکان دەکرێ و ڕێگری لە گەڕانەوەی کوردە ڕەسەنەکان دەکرێت و ئەوانەی لەوێشن، لەژێر ترس و تۆقاندندان، ڕەنگە هەر نەشوێرن دەنگن بدەن، هەروەها بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە سنوورەکە نین، لەکاتێکدا پارتی حزبی یەکەمی هەرێمی کوردستانە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و ڕێژەی دەنگەکانی کورد لەو ناوچانە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەیەکی چاوسوورکردنەوە لە ئارادایە بۆ ئەوەی کورد ناوچە کێشەلەسەرەکان چۆڵ بکات و لەبری کوردیش عەرەبی هاورده جێگیر بکرێن.

مادام پرۆسەکە بەڕێوەدەچێت، هەر هیچ نەبێت گرنگە لەو سنوورانە کورد بە یەکگرتوی و یەکهەڵوێستی و یەکلیستی ڕووبەڕووی ئەو پرۆسەیە ببێتەوە، پێدەچێت جۆرێك پیلان دژی کورد لە سنووری کەرکووك و ماددەی ١٤٠ لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی بە فەرمی دەنگی کورد کەمبکەنەوە! ئەوکات مەرامی سیاسی دەیێکن و کەمبوونەوەی دەنگەکانی کوردیش وەك کارت لە دژی کورد بە کاردەهێنن و پرۆسەی تەعرییش خێراتر دەکات. کەوایە گرنگە هەرێمی کوردستان ڕوئیای تایبەت و وردی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هەبێت، بە دیاریکراویش لە سنووری کەرکووك و ماددەی ١٤٠ی دەستوورداتا ئامادەسازییەکی زۆر بکات بۆ ئەوەی فەشەل بە مەرامی سیاسی بەغدا بهێندرێت.

شکۆی دەوڵەت

بەهزاد حەویزی

دوابەدوای دەستبەرکاربوونی مستەفا کازمی –بە ڕەزامەندیی هەردوو لایەنی نێوخۆیی و دەرەکیی- وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق، هەناسەیەکی تازەی ئومێد بەرسنگی ئەو وڵاتەو خەڵکەکەی گرت، ئیدی ئەو چاوەڕوانییە وەڕسکەر و ئاشووب و گرژیی و ململانێیانە کۆتاییان پێبێت.

ئەوەی مایەی سەرنج و خوێندنەوەیە لەو باس و خواس و وتارو لێکۆڵینەوانەی نووسەرو لێکۆڵەر و شارەزایانی بواری سیاسی، چەندین خاڵی گرنگ هەن ئاماژەیان پێدراوە و زۆربەیان لەیەك بازنەی (شکۆی دەوڵەت) دەخولێنەوە وەکو ڕەگەزە موئەسەساتییەکانی دەوڵەت و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەڵبژاردن و هاوسەنگیی نیشتیمانی لەبری -موحاسەسەی- حزبی و تایەفی و سەروەریی نیشتیمانیی.

ئەو خاڵانە بۆ سیستەمی سیاسی و دەوڵەت گرنگن، وەلێ خاڵە هەرەگرنگەکان نین بۆ بونیاتنانەوەی ئەو وڵاتە، کە مەبەست و ئامانجی گەلانی عیراقە، ئەو وڵاتەی پێویستی بە دارشتنەوەی داموددەزگایی هەیە لەڕووی یاساو دەستوورەوە، واتە داننان بەوەی ئەو وڵاتە دەوڵەتێکی ئیتیحادی-فیدراڵیە.

سەرلەنوێ بونیاتنانەوەو چاکسازیی ڕیشەیی لە هێزی بەشەریی (تاکەکەسەکان) پێویستە شانبەشانی چاکسازیی لە بونیاتی داموددەزگاکانیش بێ، کە هەمان گرنگی تاکەکەسەکانی هەیەو لەژێر فشاروکاریگەری ئەو دەستە سیاسیە سێبەرانەن، کە مەزهەبی و تایەفی و حزبییە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە:ئایا کازمی دەتوانێ وەك کەسێکی بێلایەن، ناحزبی، ئەو پەیامە بگەیەنتە جێ، کە لە نێوان دوو بژاردەی دەوڵەتی موئەسەساتیی و موئەسەساتی دەوڵەتدایە، لەلایەکی دیکەوە ئایا پشکداریی حزبی و تایەفی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای سازان و هەڵبژاردن نەبووە، ئایا ئەو حزب و لایەنەسیاسیانە نمایندەی خەڵك و خاوەن جەماوەری خۆیان نین؟.

من پێموایە کارکردن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە ڕەنگە ئاسان نەبێت، هۆکارێك بریتییە لە فەرامۆشکردن و پشتگوێ خستنی هەقیقەتی پێکهاتەی مێژوویی عیراق لە دوو گەلی سەرەکی کورد و عەرەب و پێکهاتە ئیتنی و ئایینیەکانی دیکە(ماددەی ٣و٤ی دەستوری نوێی عیراق) لە ڕووی چارەسەنەکردنی کێشە دریژخایەکان.

ئێستا کازمی لە دووریانی شکۆی دەوڵەت و سیستەمی پشکداریی هەمەلایەنەدایە، جگە لە گیروگرفت و کێشەکانی سەردەمی پێش خۆی، هەروەها هەنگاونان بەڕەو فرەیی سیاسی و دیموکراسیی لەسەر بنەمای (سەروەریی شوناسیی نیشتیمانیی) و نیشتیمانێتیی عیراقی، لەسەرینی ئەو خاڵانەوە ئایا کازمی دەتوانێت هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێت و دوو هەنگاو بۆ دواوە نەنێت؟!.

وون بوون

پسـوولەی شـارەوانی ٣ هەولێـر ژمـارەی پسـوولە ٠٨٣٧٩٢٠ بـەرواری ٢٠١٩/١٢/١٢ بەبـڕی ٣٠٠٠٠٠ بەنـاوی اكـو حمـه امیـن قـادر وون بـووە هەركەسـێك دۆزییـەوە بیگەڕێنێتـەوە شـوێنی دەرچوونـی.

* * *

وون بوون

دەفتەرگرانـی ئۆتۆمبێـل ژمـارە ١٢٥٧ هەولێـر/ تایبـەت لەبەڕێوەبەرایەتـی گومرگـی هەولێـر دەرچـووە بەنـاوی عمـر هاشـم عزیـز وون بـووە هەركەسـێك دۆزییـەوە بیگەڕێنێتـەوە شـوێنی دەرچوونـی.

* * *

وون بوون

مەنەفێسـت بەنـاوی ك/ صبـاح نعـمان رشـید جـۆری ئۆتۆمبێـل میتسوبشـی كانـتر ٤،٠٥ تـەن عـادی ئۆتۆمبێلـی بارهەلگـر – لـوری رەنـگ سـپی مۆدێـل: ٢٠٢٠ ژمـارەی ئۆتۆمبێـل ٨٢١٤ كاتـی هەولێـر ژمـارەی شـاصی: JL٧B٦EIPXLK٠٠١٦٨٤ وون بـووە هەركەسـێك دۆزییـەوە بیگەڕێنێتـەوە شـوێنی دەرچوونـی.

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (محلـو رفـو مـراد) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحـث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (كـمال محلـو رفـو) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (جـمال محلـو رفـو) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (خيري محلـو رفـو) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (صبريـه ايـزدو قاسـم) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحـث والتحـري عنـه لم يتـم التعـرف علـى مـكان تواجـده ولم يعلـم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (نشـوان مشـكو تمـو رفـو) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحـث والتحـري عنـه لم يتـم التعـرف علـى مـكان تواجـده ولم يعلـم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (مشـكو تمـو رفـو مـراد) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحـث والتحـري عنـه لم يتـم التعـرف علـى مـكان تواجـده ولم يعلـم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (تمـو رفـو مـراد) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

محكمة تحقيق سنجار

اعلان عن مفقود

الى المدعـو (شـمي تمـو رفـو) بتاريـخ ٢٠١٤/٨/٣ وتـم خطفـه مـن قبـل عصابـات داعـش الارهابيـة خـلال احـداث سـنجار يـوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغـم البحث والتحري عنـه لم يتـم التعرف علـى مـكان تواجده ولم يعلم مصيره فمـن لديـه معلومـات عنـه اخبـار اقـرب محكمـة تحقيـق او مركـز شرطـة

القاضي / خالد هويدى وكاع

* * *

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ زاخو

العدد: ٣٥٥/تنفيذ/٢٠٢٠

التاريخ: ٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدين/ احمد حامد كولى

نظـرا لمجهولية محل اقامتك حاليـا حسب كتـاب مركـز شرطـة سـيمالكا المرقم ٢٤٤٧ فـي ٢٠٢٠/٩/٤ عليـه و بموجـب المـادة ٢٧ مـن قانـون التنفيـذ قررنـا تبليغـك عـن طريـق صحيفتيـن محليتيـن للحضـور امـام مديريـة تنفيـذ زاخـو أو مـن ينـوب عنـك قانونـا وذلـك عـن الديـن المتعلـق بذمتـك فـي الاضبـارة التنفيذيـة المرقمـة ٣٥٥/تنفيـذ/٢٠٢٠ بمبلـغ قدرهـا (١٧٣٤٠٠٠٠) سـبعة عـشرة مليـون و ثلثمائـة و اربعـون الـف دينـار عراقـي للدائـن (بختيـار سـالم محمـد) وبعكسـه سـوف تتخـذ هـذه المديريـة الاجـراءات القانونيـة بحقـك بعـد مـرور الفـترة القانونيـة البالغـة (١٥) خمسـة عـشرة يومـا مـن اليـوم التالـى لنـشر هـذا التبليـغ.

جێبەجێكارێ دادێ زاخو/ خضر محمد حسن

* * *

مديرية التسجيل العقاري العامة

دائرة التسجيل في بردةرش

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا

بنـاء علـى طلـب المقـدم الى هـذه الدائـرة بتاريـخ ٢٠٢٠/٩/١٥ لتسـجيل تمـام العقـار تسلسـل ٤٦ محلـة زەنگنـه باسـمها فوزيـة فاخـر عبدالكريـم مجـددا باعتبـار حائـزا لهـا بصفـة المالـك للمـدى القانونيـة , و لغـرض تثبيـت الملكيـة المذكـورة تمهيـدا للتسـجيل وفـق احـكام القانـون التسـجيل العقـاري (٤٣) لسـنة ١٩٧١ قررنـا اعـلان هـذا الطلـب , فعـلى كل مـن يدعـي بوجـود علاقـة او حقـوق معينـة عـلى هـذا العقـار تقديـم مـا لديـه مـن بيانـات الى هـذه الدائـرة خـلال مـدة ثلاثـون يومـا اعتبـارا مـن يـوم التـالي لنـشر هـذا الاعـلان و كذلـك الحضـور في موقـع العقـار في السـاعة العـاشرة صباحـا مـن يـوم التـالي لانتهـاء مـدة الاعـلان و ذلـك لاثبـات حقوقـه موقعيـا في الكشـف الـذي سـيجري في اليـوم المذكـور لهـذا الغـرض .

مدير دائرة التسجيل العقاري في بردرش

تێبینەر/ عبدالحافظ احمد رجب

* * *

دادگای بەرایی بەردەرەش

ژمارە / ١٥٠/ش/٢٠٢٠

ڕێكەوت ٢٠٢٠/٩/٢٠

جاردان

بۆ / داوالێكراو (ادريس رمضان رشيد) شوێنی دانیشتووی نادیار.

داواكار (غريبـه محمـد مصطفـى) داوای شـەرعی ژمـارە (١٥٠/ش/٢٠٢٠) لـەم دادگایـە لـە سـەرت تۆمـار كـردووە كـە داواكـە بریتیـە (لێـك جیابوونـەوە بـە هـۆی كۆچكـردن)(تفريـق بسـبب الهجـرە) وە لـە بـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بـە پێـی (ئیشـعاری موختـاری قـەزای بـەردەرەش) وە نـووسراوی بنكـەی پۆلیسـی بـەردەرەش ژمارە(٢٥٤٩/٦)لـە ڕێكەوتـی ٢٠٢٠/٩/٧ بۆیـە ئـەم دادگایـە بڕیـاری دا بـە پێراگەیاندنـت لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخۆیـی بـە خـۆت یـان نوێنەرێكـی یاسـایی ئامادەبێـت لـە ڕۆژی دادبینـی ڕێكەوتـی ٢٠٢٠/١٠/٦ بـە پێچەوانـەوە دادبینـی وەكـو پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت بـە پێـی یاسـا لـە گـەل ڕێـزدا .

دادوەر /نزار خليل ابراهيم

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٣١٦/ب٢٠١٩/٤

ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێكراو (بەڕێوەبەرایەتی ڕێپێدراوی كۆمپانیای چاودێر بۆ بەلێندەرایەتی وەبەرهێنان)

داواكار (ئاژیـن علـی حسـین) داوای ژمـارە ٢٣١٦/ ب/٢٠١٩/٤ لـەم دادگایـە تۆماركـردووە لەسـەرتان وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری پارێـزگاری هەولێـر/ گەرەكـی زانایـان و هەڤـالان بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێراگەیاندنـت بـە پابەندكردنـت ١٥٠٠٠/ دۆلار كـە دەكاتـە ١٨٠٧٥٠٠٠ هـەزار دینـاری عیراقـی بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێراگەیاندنتـان بەبڕیارەكـە لەرێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخـۆی هەرێمـی كوردسـتان بـەم بڕیـارەو بڕیارێكـی پاشـملەیە و (قابـلا للاعـتراض و الاسـتئناف و التمییـز) و مافـی تانەدانـت هەیـە لەبڕیارەكـە لەمـاوەی یاسـاییدا بەپێچەوانـەوە بڕیارەكـە پلـەی كۆتایـی وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ كاوە صدیق حسین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٤٧٠

ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٠

جاردان

بەڕێوەبەرایەتـی جێبەجێكردنـی (هەولێـر) موڵكـی ژمـارە (٥٤٦٩/٥) كەكەوتۆتـە (٩٣ی حصـارۆك) دەفرۆشـێت، خاوەنەكـەی قـەرزار (شـاد سـیف الدیـن وهـاب) كـە گلدانـەوەی خراوەتـە سـەر لەجیاتـی قـەرزی (شـوان كریـم فتحـی) بـە بـڕی (٢١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیـۆن دینـار، هەركەسـێ ئارەزوومەنـدە لەمـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ لـە ڕۆژی دوای ئـەم بڵاوكردنەوەیـە لەگـەڵ بارمتـەی یاسـایی كـە (١٠٪) نرخـە قرسـاوەكەیەتی وڵاتنامـەی عێراقـی ئامادە بێـت و پـارەی تۆماركـردن و دەلالیـش لەسـەر كڕیـارە.

جێبەجێكاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

ئاكارەكان:

١- شـوێن و ژمـارەی /هەولێـر-٥ی حصـارۆك ٥٤٦٩/٥ لـە ٩٣ی حسـارۆك

٢- موڵكی تەواو

٣- سـنوورو ئـاگاداری: وەك لـە نەخشـەكەدا هاتـووە/٥ی حسـارۆك

ط- پێكهاتەكـەی لـە دوو خانـوو پێـك دێ وەك یەكن-خانـووی قـەرزار دوو نهـۆم دەسـتووری سلێمانی، نهۆمـی یەكـەم یـەك ژوور و هـۆڵ. مطبخ و مرافـق، نهۆمی دووەم، دوو ژوور و هـۆڵ و مطبـخ.

٥- رووبەرەكەی (٢٩٨م٢)

٦- نیشتەجێ: كەس دەرگای نەكردۆتەوە

٧- نرخـی قرسـاو: ٩٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن بەشـی قـەرزاری ناوبـراو

* * *

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ بردرش

العدد/ ٢٧٤/ت.د/٢٠٢٠

التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

قـررت مديريـة تنفيـذ بـردرش بيـع السيارة العائـد للمديـن (زاهـد خليـل امين) المدرجـة اوصافهـا و قيمـة المقـدرة لهـا ادنـاه والتـي تـم حجزهـا لقـاء ديـن الدائـن (باقـر ياسـين اسـماعيل) و البالـغ (١٢,٢٤٠,٠٠٠) اثنـاء عـشرة مليـون و مائتـان و اربعـون الـف دينـار. فعـلى الراغبـين بالـشراء مراجعـة هـذه المديريـة خـلال مـدة ثلاثـة ايـام تبـدأ مـن اليـوم التـالي للنـشر مسـتصحبا معـه التأمينـات القانونيـة البالغـة ١٠٪ عـشرة مـن المائـة مـن القيمـة المقـدرة وان رسـم التسـجيل و الدلاليـة عـلى المشـتري و ذالـك بموجـب احـكام المـادة ٧١ مـن قانـون التنفيـذ النافـذ.

المواصفات/

١- تويوتـا كـرولا صالـون, لونـه اسـود, موديلـه ٢٠١٦

٢- القيمـة المقـدرة ١٥,٠٠٠,٠٠٠ خمسـة عـشرة مليـون دينـار.

المنفذ العدل/ عنتر فرهاد محمد

* * *

دادگای بەرایی شەقڵاوە

ژمارە/ ٢٨٥/ب/٢٠١٩

ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٦

جاردان

داواكار/ شاناز عبدالخالق حسن/

ب.پ. علي وادي حسن

داوالێكـراوان/ توانـا عبدالقـادر حسـن، ژیـان عبدالقـادر حسـن، ڤیـان عبدالقـادر حسـن، ئەژیـن وسـو حسـن، شـیلان وسـو حسـن، دوابـەدوای بڕیـاری ئـەم دادگایـە لـە داوای ژمـارە ٢٨٥/ب/٢٠١٩ بـە لابردنـی هاوبـەش ازالـە شـیوع لـە پارچـە زەوی ژمـارە ٢/٦٧٩ كەرتـی ١/ بسـاتتین بـۆ فرۆشـتنی لەبـەر دابـەش نەبوونـی بۆیـە ئـەم زەویـە كـە ئاكارەكانـی لـە خـوارەوە دیـاری كـراوە بـە زیادكردنـی ئاشـكرا دەفرۆشرێـت بـۆ مـاوەی ٣٠ سـی ڕۆژ دوای بڵاوكردنـەوەی جـاردان لـە ڕۆژنامـە یەكـەم ڕۆژ ئەبێـت وە ئـەو كەسـەی ئـارەزووی كرینـی هەیـە بـا ١٠٪ نرخـی خەملێنـدراو لەگـەڵ خـۆی بێنێتـە دادگا ئەگـەر هاوبـەش نەبێـت وە لـە سـی یەمیـن ڕۆژ كاتژمێـر ١٢ی نیـوەڕۆ زیادكـردن دەسـت پێـدەكات و ئەگـەر زیـاد كـردن كەوتـە پشـووی ڕەسـمی ئـەوا ڕۆژی كاركردنـی دوای پشـوو دەبێتـە ڕۆژی زیادكـردن ڕەسـمی تۆماركـردن و كرێـی بانـگكار دەكەوێتـە سـەر كڕیـار.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

ئاكارەكان:

١- ژمارەی زەوی / ٢/٦٧٩ كەرتی ١ / بساتتین

٢- جۆری ملك/ مولكی تەواو

٣- ڕووبەر/ ١٤ ئۆلك

٤- پێكهاتەكان/ زەوی بەتال

٥- نیشتەجێ/ نیە

٦- نرخی خەملێندراو/ نرخی قرساو ٢٥٢,٠٠٠,٠٠٠ دووسەدو پەنجاو دوو ملیۆن دینار.

* * *

دادگای باری كەسیەتی ڕانیە

ژمارە/ ١٠٨/ش/٢٠٢٠

ڕۆژ/ ٢٠٢٠/٩/٩

ئاگاداری

بۆ داوالێكراو/ خاتون عزيز احمد ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

داواكار/ عمـر حسـن احمـد داوای ژمـارە ١٠٨/ش/٢٠٢٠ لـەم دادگایـە تۆماركـردووە لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٨ بـۆ تصدیـق طـلاق لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـی ڕوونكردنـەوەی پۆلیسـی كیـوە ڕەش و پشـتگیری موختـاری گەرەكـی كیـوەڕەش بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە ئاگاداركردنـەوەت بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخـۆ لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١ لـەم دادگایـە ئامادەبیـت یـان بریكارێكـی یاسـایی بنێریـت بەپێچەوانـەوە ئـەم دادگایـە بـە نادیـاری و ئاشـكرا كاری یاسـایی خـۆی دەكات.

دادوەر/ حبيب حميد علي

* * *

دادگای باری كەسی هەولێر/٦

ژمارە:٣٨١٢/ش/٢٠١٩/٦

ڕێكەوت:٢٠٢٠/٩/٢١

جاردان

بۆ/ داوالێكراو (كامران عبدالرحمن عبدالله) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواكار (سـوزان مصطفـى عبداللـه) لـەم دادگایـە داوایەكـی لەسـەرت تۆماركـردووە بەژمـارە (٣٨١٢/ش/٢٠١٩/٦) تیایـدا داوای (تفريـق للهجـر) دەكات وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی نـووسراوی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ قـەلای نـوێ) بۆیـە دادگا بڕیـاری دا بەپـێ ڕاگەیاندنـت بەهـۆی دوو ڕۆژنامـەی ناوخـۆ و ڕۆژانـە بـە ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ ڕۆژی دادبینـی ٢٠٢٠/١٠/٨ كاتژمێـر ٩ی بەیانـی.

دادوەر/ مازن مظفر محمد

* * *

دادگای بارێ كەسایەتی ل دهوك

ژمارە: ٢٠٧/ش/٢٠٢٠

ڕێكەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٠

ئاگەهداركرن ب بریارا پاشملە

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێكری/ (یاسین محمد خالد)

ڤـێ دادگەهـێ ل ڕێكەفتـی ٢٠٢٠/٧/٢٧ێ د كێشـا ل سـەری دیاركری دا ئـەوا هاتیـە توماركرن ژ لایـێ داواكار (انتصـار عـواد محمـود) بریـاردا ب (التفريـق القضائـی) دناڤبـەرا تـە و هەڤژینـا تـە یـێ داواكار دا وتـە مافـێ نەرازیبوونـێ یـێ هـەی د مـاوێ دەه ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهداركرنـا تـە ل ڕوژنامـێ و بەروڤـاژی وێ دێ فەرمانـا ل سـەری دیاركـری ل سـە تـە هێتـە بجهئینـان.

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

* * *

دادگەها باری كەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارا/ ٥٤٢/ش/٢٠٢٠

ڕوژا/ ٢٠٢٠/٩/٢١

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێكەراو/ سمیر صالح عبدالله/

جهی ئاكنجی بوونێ نەدیارە

داواكار (شـهلە محمـد رشـید) تێـدا داخـازا ژێـك جوودابـوون (تفریـق) ژ تـە دكـەت و ژبـەر كـو جهـێ ئاكنجـی بوونـا تـە نەدیـارە لدویـف ئاگەهداریـا هەلبژێـر و دەسـتەكا پارێزگەهـا دهوكـی – ئیتیتـی ئاگەهداركرنـا تـە بێتـە كـرن ل دوو ڕوژنامەییـن ڕوژا نەییـێ نافخویـێ كـو ئامادەبـێ ل بەرمابـەر ڤـێ دادگەهـی ل دەمژمێـر ١٠ سـپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/١٠/٧ و ل بەروڤـاژی ڤـی چەنـدی دادبینـی ل دەرهەقـێ تـەدا ب نەئامادەیـی و ئاشـكرایێ هێتەكـرن..

دادوەر/ زیرك محمد صديق عبدالكریم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان

بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٠٠١

ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٩/١٧

بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای (DELTA DREAM ICE) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆكـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی كۆمپانیـای (DELTA DREAM ICE) بـۆ (بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) لـە ڕێكەوتـی (٢٠٢٠/٩/١٦) تایبـەت بەدانانـی كۆمپانیـا لەژێرپاكتاوكـردن و دانانـی بەڕێـز (وفـاء محمـد مـلا) بەپاكتـاوكاری كۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری كۆمپانیاكانـی هەولێـر بڕیـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندكرد بەمەرجێـك بڵاوبكرێتـەوە بەپێـی ئەحكامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆماركردنـی كۆمپانیـاكان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/١٧

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەكەینـەوە كۆمپانیـای كۆمپانیـای (DELTA DREAM ICE) بـۆ (بازرگانی گشـتی/ سنوردار) بریـاری پاكتاوكردنی كۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر كەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێكـی لەسـەر كۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاكتـاوكار بكاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)

پاكتاوكار/ وفاء محمد ملا

ناونیشان/ هەولێر

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥١٤٦٠٨٧٠٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان

بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٠٠٤

ڕێكەوت: ٢٠٢٠/٩/١٧

بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای (Professional Cleaning Sestem) بۆ (هاوردە و هەناردەی ئامێری پاك كردنەوە/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆكـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی كۆمپانیـای (Professional Cleaning Sestem) بـۆ (هـاوردە و هەنـاردەی ئامێـری پـاك كردنەوە/سـنوردار) لـە ڕێكەوتـی (٢٠٢٠/٩/١٦) تایبـەت بەدانانـی كۆمپانیـا لەژێرپاكتاوكـردن و دانانـی بەڕێـز (وفـاء محمـد مـلا) بەپاكتـاوكاری كۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری كۆمپانیاكانـی هەولێـر بڕیـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندكرد بەمەرجێـك بڵاوبكرێتـەوە بەپێـی ئەحكامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆماركردنـی كۆمپانیـاكان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/١٧

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەكەینـەوە كۆمپانیـای كۆمپانیـای (Professional Cleaning Sestem) بـۆ (هـاوردە و هەنـاردەی ئامێـری پـاك كردنـەوە/ سـنوردار) بریـاری پاكتاوكردنی كۆمپانیـای داوە، بۆیە هـەر كەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێكـی لەسـەر كۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاكتـاوكار بكاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)

پاكتاوكار/ وفاء محمد ملا

ناونیشان/ هەولێر

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥١٤٦٠٨٧٠٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر

بەشی یاسایی

ژمارە/ ١٢٤٦٨

ڕێكەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢١

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتـی هاتووچـۆی هەولێـر نیـازی فرۆشـتنی هەیـە بـۆ ئـەو ماتۆرسـكیلانەی كـە لـە بەڕێوەبەرایەتیەكەمـان دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە بـێ خـاوەن و بـێ بەراییـن بەپێـی ڕێنمایـی ژمـارە ١ی سـالی ٢٠١٦ بـە زیادكردنـی ئاشـكرا پـاش پـان كردنـەوەی و تێكشـكاندنی وەك خامـی ئاسـن لـە تـەن لـە گۆرەپانـی دەسـت بەسـەرداگرتن لەسـەر ڕێـگای كركـوك كۆكراوەتـەوە ژمارەیـان بریتییـە لـە ٣٢٣٠ سـێ هـەزارو دوو سـەدو سـی ماتۆرسـكیل، جـا هـەر كەسـێك ئـارەزووی كرینـی هەیـە ئامادەبێـت لـە ڕۆژی سێشـەممە لـە ڕێكەوتـی ٢٠٢٠/١٠/٦ كاتژمێـر ٩ی بەیانـی لەگـەل ڕەچاوكردنـی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بەپێـی ڕێنماییـەكان:

١- پێشكەش كردنی بارمتەی یاسایی تأمینات بەشێوەی نقدی بێت بەبڕی ١٠٪ی خەملێنراو.

٢-پارەی فرۆشتنەكە پارەی چاپی عێراقی دەبێت بەشێوەی نەختینەی نقدی وەردەگیرێت.

٣-بەلێننامەیـەك لـە كریـار وەردەگیرێـت بەبـڕی ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجـا ملیـۆن دینـار كـە نابێـت بـۆ جارێكـی تـر ماتۆرسـكیلە لەناوبـراوەكان چاكیـان بكاتـەوە بیگەڕێنێتـەوە نـاو بـازار.

٤-كریـار دەبێـت لـە مـاوەی ٥ پێنـج ڕۆژ ماتۆرسـكیلە لەناوبـراوەكان هەلگرێـت لـە گۆرەپانـی بەڕێوەبەرایەتیـان بـۆ كارگـەی ئاسـن.

٥-گشت خەرجیەكان بڵاوكردنەوە زیادكردنی ئاشكرا لە ڕۆژنامە دەكەوێتە ئەستۆی كریار.

عەمیدی مافپەروەر/ دیدار عمر قادر

بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریـا گشـت لایەكـی دكەیـن كـۆ كومپانیـا (داڤ) بـۆ (بازرگانـی گشـتی وئامێـر وپێداویسـتی پزیشـكی - هێنـان وبـردن / سـنوردار) بریـارا پاكتاوكرنـا كومپانیـێ دایـە لەومـا هـەر لایەنـەك وكەسـەكی مافـەك ل سـەر كومپانیـێ هەبیـت بـلا ددەمـێ یاسـایی دا ئاگەهداریـا پاكتاوكـەری بكـەن ل (باژێـرێ دهوكـێ) بـۆ ئێكلاكرنـا كێشـەیان

پاكتاوكەر / عبدالله كمال عبدالله

ناڤ ونیشان / دهوك - بروشكی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٢٩٤٧٥٦

www.xebat.net
سێشەممە 2020/9/22 ژمارە(6009)
خەبات

پەرتوکی ئەوسالّەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم بلّاوکرایەوە

خەبات – ساسان دەرویّش

لە مۆزەخانەی نیشتیمانیی (ئەمنە سورەکە)ی شاری پ سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری ، کەنالّی تەلەفزیۆنی سلێمانی هەلّسا بە سازکردنی مەراسیمێکی شایستە بۆ ناساندن و بلّاوکردنەوەی پەرتووکی (ئەو سالّەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم) نووسەر لە پەرتوکی ئەوسالّەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم دەلّێت : بەڕەو چیاکان تەکانم دا ، هەموو هیوام خەبات بوو بۆ بەدەست هێنانی سەروەری بۆ کوردستان و نەتەوەکەم ، ئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە چەند ڕۆژێك وەك مامۆستا لە گوندی هاودیانی ئازاد دەست بەکاربووم ، گوند چۆلّی کرد ، تەنها پێشمەرگەی لێ مایەوە ، من بەجێم نەهێشت هەر لەو گونده بەتالیۆنێکی پێشمەرگەی لێ بوو ، بوومە پێشمەرگە ، وەك لەبەرایی بیرەوەرییەکەمدا ئامازّەم بۆ کردووە ، چەند هەفتەیەکیش پێشمەرگەی نەبەردییەکانی ئەو بەتالیۆنەش بووم ، هاتمە چۆمان ، خۆم لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا بینییەوە ، بەشانازییەوە یەك سالّی تەواو ، تا پاشقولە نێودەولّەتییەکەی جەزائیر من وەك بێژەر و نووسەر لەو ئیزگە خۆشەویستەدا کارم کرد .

سەرەتای مەراسیمەکە بەخولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستپێکرد ، پاشان لەلایەن ئامانچ عەبدولّا سوور ، بەڕێوەبەری کە نالّی تەلەفزیۆنی سلێمانی لە ووتەیەکیدا باسی ڕۆڵی گرنگی وێستگەکانی ژیانی نووسەری کرد وەك پێشمەرگە و هونەرمەند و کەسایەتیکی دیاری شار و هەڵوێستی جوان و کوردانەی مامۆستا حەمە ڕەشید هەرەس ، سوپاسی دەزگای گولّانی کرد بۆ ئەرکی چاپکردنی ، پاشان د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی تێروتەسەلی دەربارەی ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆشنبیرانی لە چەقبەستووله نێو ڕووداوەکاندا لە چەند تەوەرێکدا خستە ڕوو ئاماژەی بەکێشەکان وخودی نووسەر و خوێنەرکرد وچەند نموونەیەکیشی کردە هەوێنی باسەکانی وهەروەها گوتیشی ئەم مەراسیمە لە ڕووی کات وشوێن وپەرتوکەکە ماناداره کە مانگی ئەیلوولە هێمایە بەیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وهاوکات یادی ڕیفراندۆمی شانازی نەتەوەیان کە لە نێو پەرتوکەکەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە ، بۆیە جێگای دەستخۆشیە بۆ گۆڤاری گولّان و تەلەفزیۆنی سلێمانی توانیان لێرە کۆمان بکەنەوە .هەروەها لەلایەن سەربەست مەنمی سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ گوتارێك پێشکەشکرا کە تیایدا باسی لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکرد وشەن وکەوێکی جوانی و ێناکراوەکانی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەی کردو گوتی: بەئومێد بەخشیەوە لەم ڕوانگەیەوە بۆ شۆڕش دەڕوانین کە مامۆستا زۆر دڵسۆزانەو بە وەفاداری توانیویەتی ڕاستگۆیانە لە ڕووداوەکان بدوێ و پشت بە هاوڕییەکانی ببەستێ وەك سەرچاوە وکەرەستەی نووسینی پەرتوکەکەی ،لە کۆتایشدا مامۆستا حەمە ڕەشید بەشێك لە قەسیدەیەکی شیعرەکانی ئەوکاتەی کە لە ڕادیۆ نووسیویەتی و خوێندویەتیەوە بەشیکی پێشکەشی ئامادەبوانی کرد و لەلایەن د. سالار عوسمان چەپکە گولّی ڕێزلێنانی مەراسیمەکەی پێشکەشکرد و لەنێو ئاپۆڕای ئامادەبوانیشدا مامۆستا حەمەڕەشید هەرەس پەرتوکەکەی بە واژووی خۆی پێشکەش بەئامادەبووانی مەراسیمەکە کرد .













پەرتووکی
(کازم ساهیر، چەنگی سۆمەری)
بلّاوکرایەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

ئەم پەرتووکە لە نووسینی (ئاکام بایز حەمزە)یە، کە بە (ئاکام ساهیر) ناسراوە، بۆ ماوەی (٨ تاکو ٩) ساڵ کاری تێدا کردووە. کاری دیزاینی لەلایەن دیزاینەر (ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵلّا)ەوە ئەنجامدراوە. پەرتووکەکە بەسپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیاسێڵ)ەوە لە (دوو) بەرگ پێکهاتووە، لەدوو تونێی (١٠١٢) لاپەڕەی قەبارە گەورەو لەناو پۆکسێکدا، کە لە چاپخانەی (کارۆ) بەباشترین کوالیت چاپ کراوە، ئاکام ساهیر دەربارەی کتێبەکەی بەخەباتی گوت: بیرۆکەی ئەم کارەش لەوەوە سەریهەڵدا، کە هەر لە تەمەنێکی زووەوە شەیدای هونەرمەندی گەورەی عەرەب (کازم ساهیر) بووم، بەشێوەیەك زانیاری زۆر ورد و بەپێزم لەسەری کۆکردۆتەوە و وەك ئەرشیف لای خۆم هەڵمگرتوون، ئینجا دوای تێپەڕبوونی ماوەی چەندین ساڵ، بیرۆکەی ئەوەم لەلا گەڵاڵە بوو، کە بیکەم بەپەرتووکێك و بابەتەکانی تێدا بڕازێنمەوە و پێشکەشی هەواداراکانی ئەم هونەرمەندەی بکەم،ئاکام زیاتر گوتی:


ناوەڕۆکی پەرتووکەکە لە (پێنج) بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بەشێکیانی بەئاشنایەتی کازم لەگەڵ (کورد) دا تەرخان کراوە و لەمیانەیدا، دیانەی تایبەتم لەگەڵ چەندین هونەرمەندی ناوداری کورد سازکردووە و بڕچوونیانیانم بەرامبەر بەکازم خستوونەتەڕوو. لەتێستادا پەرتووکەکە لەتەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بلّاوبۆتەوە .



نووسەر لەچەند دێڕێکدا:
ساڵی (١٩٧٩) لە شارۆچکەی (قەڵادزێ) دا لەدایکبووە.
ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) پروانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدیندا وەرگرتووە.پێشتر چەند بابەتێکی هەمەڕەنگی لەناو ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان و پێگەکانی ئینتەرنێتدا بلّاوکردوونەتەوە. ئێستاش وەك (کارمەند) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاردەکات و لە شاری (هەولێر)ی پایتەختی کوردستاندا نیشتەجێیە.

پۆلیسی تەکنیکار

خوێندنەوەی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی



پۆلیس پارێزەرو چەتری پاراستنی کۆمەڵایەتیە، بەرپرسێتیەکی مێژوویی لە ئەستۆدایەو هەڵگری پەیامێکی مەزن و پیرۆزی مرۆییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە فەراهەمهێنان و بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایشی هاونیشتیانیان دەبینێ، لە غیابی پۆلیس هیچ بەهایەك بۆ مانەوەی کۆمەڵگا لەسەر ڕێبازو ڕێچکە ڕاستەقینەکەی نامێنێتەوە.

پۆلیس هەمیشە مەشخەڵهەڵگری ڕێی ڕووناکی و نیشاندانی نموونەیەکی جوانە ئەگەر بە شەوق و ڕەوق و ئەداو دانا و زیرەکیەوە لە خوێندنەوەی واقعی ئەو ژینگەیەدا بتوانێ کارەکانی بە چاك و باشی ڕایی بکات و ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانی، وەکوخۆی یا بەزیادەوە پیادەی بکات و لەمەیشدا دەبێ خۆ ڕۆشنبیرکردن و تەیاربوون بە دوایین گۆڕانکاری و پیشەیی کارەکەی، سەرقافڵەو ئەرکی لە پێشینەی بێت.

لەم ماوەیەدا کتێبی (پۆلیسی تەکنیکار) لە نووسینی (د. مارسیل لوکلیر) و وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە بۆ کوردی لەلایەن عەمیدی مافپەروەر(غفران سلیم سام) ساڵی 2020، چاپی یەکەم، لە چاپخانەی (ڕۆژهەڵات-هەولێر) بە تیراژی (1000) دانە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردەوە، ئەوەی لێرەدا هەوڵێستەی پێکردم و سەرنجی ڕاکێشام، کاك غفران وەك هەبوونی پێشینەیەك لە سۆنگەی نووسین و خوێندنەوە، توانیویەتی لەبواری وەرگێڕان شتێکی جوان پێشکەش بکات، تەنانەت لەم کتێبەدا بەزمانە تەڕو پاراوەکەی بەجۆرێ شەنوکەوی تێدا کردووە، بەش بەحاڵی خۆم، سەرسام بووم کە ئەگەر ناوی نووسەر بەسەر بەرگەکە نەبوایە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەوە نووسینی نووسەرێکی بیانی بێت، چونکە لەخوێندنەوەیدا وا گومان دەبەی، بیرۆکەو سەرتۆت وساراپای ئەم کتێبە هەڵقوڵاوی کلتوورو داب ونەریت و ژینگەی کوردەواریە، ئەوەش لێهاتوویی وەرگێڕ بۆ خۆدۆزینەوە لەو بوارە دەردەخات.

وەرگێڕی ئەم کتێبە لە پێشەکیەکەی دا بە زمانێکی سادەو ساناو ساکار خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ دەزگای پۆلیس دەکات بەوەی : دەزگای پۆلیس لە دەزگاکانی هەر دەوڵەتێك دەزگایەکی چالاکە، هەمیشە بەر فراوان و پڕ ئەرکەو لێپرسراوێتی جۆراوجۆرو هەمەلایەنەی لە ئەستۆدایە، چەندین ئامانجی پیرۆزی وەك دروشم هەڵگرتووەو ڕۆژانە بە کردەوە، هەنگاو دوای هەنگاو جێبەجێیان دەکات، سەروسامانی هاوڵاتیان و ئاسایشی وڵات دەپارێزێ، ئارامی و ئاسوودەیی دەخاتە ناو ماڵ و دڵی هەموو دانیشتوانی شارو شارۆچکەو گوندەکانی وڵات و جێگای سەرنج و متمانەی گەورەو بچووکی گەلەکەمانەو لە کاتی تەنگانەدا هانای بۆ دەبەین.

ئەم کتێبە (پۆلیسی تەکنیکار) لە بیست و سێ بەندی تێکهەڵکێش و جیاوازو سەربەخۆ پێکهاتووە، لەوانە تیشك خراوەتە سەر وشەو زاراوەی پۆلیسی تەکنیکار و باس لە باوەڕپێکراوانی پۆلیسی تەنکیکار کراوە.



مەحمود دەرویّش
شاعیری بەرگری و هیوای فەڵەستینییەکان



بۆتان جەلال

هێشتە گەلی فەڵەستین و مەسەلە ڕەواکەی زۆر پێویستیان بە (مەحمود دەرویّش)ی شاعیر مابوو، هیوایەکی زۆریان بە قەڵەم و هزری ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە هەبوو کە پاڵپشتی لە دۆز و مێژووی ئەو میللەتە ستەم دیدە بکات و بە شیعر سەنگەر لە دۆزمنانیان بگرێت، بە داخەوە ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٩ خۆزی گەشاوەی فەڵەستین لە ئاسمان دا ونبوو، مەحمود کۆچی یەکجاری کرد و لە پێشبینی کەسیش نەبوو بەم جۆرە لە ناکاوە خواحافیزی دەکات، قەدەر و نوکی چەقۆ غەدار بوون ئەو میللەتەیان لە گەرم و گوڕی شیعرەکانی و لە ئازایەتی بەرگریکردن بێبەش کرد، ئەستێرەیەکی هەرە گەشی شەوانی تاریکی فەڵەستین ئاوابوو، کەس نییە لە فەڵەستینییەکان ناوی ئەو شاعیرەیان نەبیستبێ و شیعر و سروودەکانیان ئەزبەر نەکردبێ، شۆڕشگێڕێکی فەڵەستین نیە مەحمود دەرویّش بە پێشەنگ و خەباتکارێکی بوێر و چاونەترس دانەنێت، لە دڵی دایکی هەموو شەهیدێکی فەڵەستین خورپەی هێوری و سەبووری و بەرگری نەچاندبێت، هەر کە دەڵێی مەحمود دەرویّش، واتە فەڵەستین و بەرگری و خاکی زەوتکراو کە دەڵێتی مەحمود دەرویّش، واتە مەسەلەیەکی ئینسانی و دۆزێکی ڕەوا و مۆمێکی داگیرساو، بە دڕێژایی زیاتر لە (٥٠) ساڵ چ وەك پیاوێکی شۆڕشگێڕ چ وەك کەڵە ڕۆشنبیرێکی هزر کراوە و بیرمەند و شاعیرێکی بە جەربەزە و بەوەفا، لە سەنگەری مقاوەمەت دانەبڕاو، تا دوا چرکەکانی ژیانیشی کە لەسەر کورسی نەشتەرگەریدا دڕێژ ببوو، دەیگوت لە مردن سڵ ناکەم، لەوە دەترسێم پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکانم لە دەست بچن، ترسم لەوە هەیە غەدر لە میللەتەکەم بکرێ و من لەوێ نەبم.

مەحمود دەرویّش لە ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی ئەلبەڕوە لە دایك بووە، کوڕی دووەمی خێزانەکەی بووە، کە لە (٥) کوڕ و (٣) کچ پێك هاتبوون، باوکی هەژار و نەدار بووە، ژیانێکی کۆڵە مەرگی ژیاوە، ساڵی ١٩٤٨ دەرویّش ڕوو دەکاتە لوبنان کە ئەوکات تەمەنی (٧) ساڵ بووە، یەك ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە فەڵەستین و لە گوندی دیرئەسەد باکووری مەجد مەکروم لە جەلیل ژیان دەباتە سەر و خوێندنی سەرەتایی دەست پێ دەکات، خوێندنی دواناوەندیشی لە گوندی یاسیف دەبێت، بە ژیانێکی پڕ لە مەترسی و نیگەرانی خوێندنەکانی دەبڕێت لە ترسی دەرکردن لە گوندەکەیان و ئاوارە بوون و کۆچ کردنی بە زۆرە ملێ.

لەو تەمەنە و لەو قۆناغی خوێندنە دا خولیای ئەدەب و شیعر دەبێت و دەست لە سیاسەت وەردەدات، سەرەتا دەچێتە ڕیزی حیزبی شیوعی فەلەستین و لە پاڵ سیاسەت خۆی بە ڕۆشنبیری دەوڵەمەند دەکات، شیعر و وتار بۆ ڕۆژنامەی (الاتحاد) و گۆڤاری (الجدید) دەنێرێت و بڵاویان دەکاتەوە، پاشان دەبێتە سەرپەرشتیاری گۆڤاری (الجدید) کە هەردوو ڕۆژنامە و گۆڤارەکە لە لایەن کۆمۆنیستەکان دەردەچوون، هەروەها وەك نووسەر لە ڕۆژنامەی (الفجر) کاری کردووە، ژیانی پڕ بووە لە ڕاکردن و خۆ شاردنەوە و چەند جارێك گیراوە و لە بەندیخانە ئازار و ئەشکەنجە دراوە، لە ساڵی ١٩٧٢ ڕوو دەکاتە میسر و وەك پەنابەرێك کاری سیاسی و ئەدەبی دڕێژە پێدەدات، پاشان دەچێتە لوبنان و لە دەزگاکانی بڵاو کردنەوە کە سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بوون کار دەکات، لە ڕیزی ئەو ڕێکخراوە دوای ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ دەردەچێت وەك ناڕازی بوونێك لە نێوان کوتلە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە، دەرویّش ماوەیەك دەبێتە سەرۆکی ڕابیتەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی و لە گۆڤاری (کەرمل) وەك نووسەر ئیش دەکات.

وەك شاعیر بە یەکێك لە شاعیرە پێشەنگەکانی شیعری نوێی عەرەبی لە قەڵەم دەدرێت، ئەگەر چی ماوەیەکی زۆر خۆی پابەند کردبوو بە شیعری ئازاد لە شیعری پەخشانی و نوێخوازی خۆی دوور دەخستەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی ئەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتیش لە کۆمەڵە شیعری (ئەر ئەلفراشە) و (علی محگە قگار سقگ عن الخریگە) دا جۆرێك لە شیعری پەخشانی و نوێخوازی لێ بینراوە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ کلتووری میللەتەکەی و ڕەسەنایەتی زمانەکەی، هەر ڕستەیەکی شیعر شرۆڤەکاری بونیاد گەری و فەلسەفی لە خۆدا دەگرێت، بۆیە سەیر دەکەین شیعرەکانی دەرویّش پڕن لە ستاتیکای زمانەوانی و بونیادی فەلسەفی و چەمکی مەعریفی و دەلالی، لە شیعری (تفەنگ) دەڵێت:

کەس نامبەزێنێ، لە کەسیش نابەمەوە
پیاوە ئاسایشە ماسکدارەکە کە ئەرکێکی تەمو مژاوی پێ سپێردراوە
پێمی وت گوللەیەك بە هەوا بتەقێنە
وتی تەنیا گوللە کە بۆی هەیە دوژمنی خۆی بناسێتەوە
هەواش بە گوللەیەك ڕەتی دایەوە

هێندەی پێناچێت هێنریك ئیبسن ماڵە شێواوەکەیان جێدەهێڵێ و بۆ شارێکی دیکەی وڵاتەکەی چوو تاکو بە ئارامی تێیدا بژیەت. بەر لەوەی تەمەنیشی ١٦ ساڵان تێپەڕێنێت، لە درەمانخانەیەك کاری دەستکەوێت. بەو جۆرە توانی بەپشتبەستن بە خۆی، ڕووبەڕووی پێداویستەکانی ژیان بێتەوە. ئەوسا حەزی لەوەبوو بچێت بە پزیشك، بەڵام بارودۆخی ژیان و باری دەروونی، ڕووە و دونیای نووسینیان برد تا بوو بە شانۆنوسێکی پلەیەك، یان دەتوانین بڵێین، بە گرنگترین شانۆنووس لە مێژووی نەرویژدا.

دواتر خاتوونی ناوبراو دەنووسێت (ساڵی ١٨٤٨ شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری ئەروروپا بەرپابوو کە کاریگەری زۆری لە هێنریك ئیبسن کرد و پاڵی پێوەنا یەکەم شانۆنامەی بە ناوی (کاتیلینا) بنووسێت. دوای ئەوەی شانۆی نەرویژی رازینەبوو ئەو بەرهەمەی تێدا پێشکەش بکرێت، هێنریك ئیبسن بە یارمەتی هاوڕێیەکی لە ساڵی ١٨٥٠ بەناوی خوازراو و بە تیراژی ٢٥٠ دانە بڵاویدەکاتەوە.

دواتر بەمبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەرەو شاری ئۆسلۆ چوو، تاکو بە هۆیەوە لە زانکۆ بخوێنێ. ئەوسا لە دوەروونیدا چەندان پڕۆژەی هونەری و هزری و شیعری هەڵگرتبوو. کە شانۆنامەی دووەمیشی بەناوی (گردی جەنگاوەران) نووسی، ئەو جارەیان شانۆی ئۆسلۆ رازیبوو لەسەر سەکۆ گەورەکەی نمایشبکرێت. جا لەگەڵ ئەوەی جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بینینی بوون، کەچی سەرکەوتنی بەو ئاستە نەبوو. لە ڕاستیشدا هێنریك ئیبسن کاتێکی درێژی پێویست بوو تاکو تامی سەرکەوتن و ناوبانگی بچێژێ.

دواتر لەبەر شەیدابوونی زۆری بۆ شانۆ، پێشنیاریانکرد بێت بە بەڕێوەبەری شانۆی شار، ئەویش ڕازیدەبێت. پاش ئەوەش بۆی ڕەخسا سەردانی کۆپنهاگنی پایتەختی وڵاتی دانیمارك و شاری دەرێسەدنی ئەڵمانی بکات. لەو گەشتەیدا بەشێوەیەکی چاکتر فێرە تەکنیکی شانۆیی بوو. ساڵی ١٨٥٨ کە تەمەنی گەیشتە ٣٠ ساڵ، بووە ڕاوێژکاری شانۆی ئۆسلۆ. ساڵی ١٨٦٤ گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی ڕوویدا، سەرەتا لە ڕۆمای پایتەختی وڵاتی ئیتاڵیا مۆڵەتی خوێندنی پێدرا، ئەویش بەو هیوایەی کە زیاتر لە چارەگە سەدەیەك تێیدا بمێنێتەوە بۆ ئەم وڵاتە چوو. لە ڕێگاشدا وڵاتەکانی ئەڵمانیا و نەمسای بڕی.

لەو ئەزموونەشیدا زۆر شتی نوێ فێربوو، نووسراوەکانیشی ئاراستەی ڕەوتی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییانەیان گرتەبەر، واتە لە قۆناغی ڕۆمانتیکی بەرەو ڕیالیزمی چوون. هاوکات لە ساڵی ١٨٧٩ دراماکی کۆمەڵایەتی بەناوی (خانووی بووکەشوشە) نووسی کە تێیدا بارودۆخی هەژار و بێدەرەتانانی دەربڕیووە. ئەو کارەی لەوانەی پێشوو جیابوو، پرسی ئافرەتی لە کۆمەڵگەی نوێ و ئاستی جیاوازی ژیانیان لەبەرامبەر ژیانی ناو کۆمەڵگەی ئاسایی بەدیار خستووە. ئا لێرەوە نوێخوازی لە هزر و فەلسەفە و ڕوانینی کۆمەڵایەتییانەی خۆی نیشاندا. دواتر کێشەکانی سەردەمەکەی خۆی بەوپەڕی واقیعی و لێپرسراویەتی لە کارەکانی دەربڕی کە لە دوای کاتێ گەڕایەوە خیوەتگاکەی
خۆی بە تفەنگەکە لار کردبۆوە
سەیری کرد ماڵەوەیان قەڵەباڵغە و
خەڵکی بۆ سەرەخۆشی لێکردنی هاتوون
ئەو پێکەنی، وای بۆ دەچوو کە خەڵکی وا دەزانن شەهید بووە
پێیانی وت، نەخێر من ماوم
کاتێ پێیان وت نەخێر تۆ بکوژی براکەتی
بە تووڕەیی تەماشایەکی تفەنگەکەی کرد و وتی:
تفەنگەکەم دەفڕۆشم و کفنێك شایستە بێ
بە براکەم بۆی دەکڕم

شاعیر (هێنا) سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بە وردی و پڕ لە مانای فەلسەفی لە دەقەکانیدا بەرجەستە کردوون، ئەو خاوەن کێشەیەکی مێژوویی و سیاسیە، مەسەلەیەکی پڕ لە ئاڵۆزی و بێهوودەیی، هەمیشە لە شوناسنامەیەك دەگەڕا، کەوا بە سانایی پێی نابەخشرێ، بۆیە لەو تەوەرانەدا نمونەی دەوڵەمەند لە شیعرەکانی شاعیر زۆرن.

لە قۆناغە جیاجیاکانی شاعیرێتی دا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری وەرگرتووە کە هەموویان بە شایستەیی پێبەخشراون، لەوانەش خەڵاتی (لۆتس) لە ساڵی ١٩٦٩، خەڵاتی (دەریای ناوەڕاست) لە ساڵی ١٩٨٠ و خەڵاتی (قەڵغانی شۆڕشی فەلەستینی) لە ساڵی ١٩٨١ و خەڵاتی (تابلۆی ئەوروپا بۆ شیعر) لە ساڵی ١٩٨١ و خەڵاتی (ئیبن سینا) لە یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٨٢ و خەڵاتی (لینین) لە ساڵی ١٩٨٣ و خەڵاتی (ئەرکان)ی مەغریبی لە ساڵی ٢٠٠٨. هتد.

هێندە وەك پەپولە ئەم چڵ و ئەو چڵی گوڵزارەکانی شار و دێهاتەکانی وڵاتەکەی کردووە و شیلەی هەڵمژیوە و شوێنەواری نیشتنی لە سەریاندا جێهێشتووە. بۆیە تا ژیان مابێ لە فەڵەستین شوێنەواری مەحمود دەرویّش ناسڕێتەوە، هێندە لەگەڵ مندااڵنی کۆڵانەکانی شار و دێهاتەکان یاری کردووە، ئەمڕۆ هەرچی مندااڵە سروود و شیعرەکانی ئەویان لە قەفەسی سینگ لە جیاتی بووکە شووشە هەڵگرتووە، هەرچی دایکێك لە فەڵەستین هەبێ مەحمود دەرویّش غەریبی و سۆزی نان و قاوەی سبەینانیان دەکات، هەرچی پیاو و پیرەمێردێکی ئەو وڵاتە هەیە وا سەیر دەکەن مەحمود لە هەر چرکەیەکدا نامەی ئاشتی و ناسنامەی وڵاتەکەیانیان بۆ دەهێنێ، بۆیە ئەم کەڵە شاعیرە بە نەمری لە ویژدانی هەموو فەڵەستینیەك و ئازادیخوازێکی جیهان دەمێنێتەوە، هەمیشە خەمی ئەم شاعیرە ئەوە بوو ململانێ لە گەڵ زەمەن بکات بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژە لە خۆشەویستی و ئاشتی ببەخشێ بە ئینسان، کاتێ لە ڕۆژانی بەر لە نەشتەرگەرییەکەی، دکتۆرەکان پێیان دەگوت دەبێ نەشتەرگەرییەکی قورس ئەنجام بدەیت، تۆ دەترسی یان نا؟ دەیگوت من لە مردن ناترسم، لەوە دەترسم زۆر شت ماوە بینوسم و بمرم لە دەستم دەچێ، دەترسم کێشەی میللەتەکەم بە هەڵپسێردراوی بمێنێتەوە لە مێژوو و جوگرافیا دا ناومان بزر ببێت، بۆیە بڕیاری ئەنجام دانی نەشتەرگەریەکەم دەدەم بەڵکو چاك ببمەوە و پڕۆژەکانم تەواو بکەم.

ئەگەر مەحمود دەرویّش بە ئاکام نەگەیشت و ماڵئاوایی لە ژیان کرد و هیچ کوڕ و کچێکیشی لە پاش بەجێ نەما، بەڵام وەك چۆن خۆی هەموو جار دەیگوت من بۆ شیعر و بەرگریکردن لە مەسەلەی میللەتەکەم لە دایك بووم، بۆیە هەموو فەڵەستینییەك بە کوڕ و کچی خۆم دەزانم.

لە دوا شیعر دا کە بە ناوی (یاریزانی زار)ی بڵاو کردەوە زۆر ڕاشکاوانە لە چارەنووسی خۆی و خێزانەکەی و میللەتەکەی دەدوێ کە چۆن قەدەر یاری بە دوا ڕۆژ و مەسەلەی نەتەوەکەیان دەکات و هەمیشە لە چارەنووسێکی نادیار دا دەژین و دەڵێت:

من کێم تا پێتان بڵێم،
پێتان بڵێم؟
من ئەو بەردە نیم ئاو چووبێتە جەستەم و
تەڕیی کردبم و کردبمی بە دەم و چاوێك
ئەو قامیشەش نیم (با) کون کونی کردبم و
کردبمی بە شمشاڵ...
من یاریزانێکی زار زارانێم
جارێك دەبەمەوە، جارێك دەدۆڕێم
من وەك ئێوەم
یان تۆزێکیش کەمتر...
لە ڕۆخ بیر لە دایك بوویم
لە ڕۆخ سێ درەختە تەنیاییەکان
بێ هەڵهەڵە لێدان و بێ مامان لە دایك بوویم
بە ڕێکەوت ناویان ناوم
بە ڕێکەوتیش بوویمە نەوەی خێزانەکەم
ڕووخسار و سیفاتی خێزانەکەم
بە میراتگر بۆم ماوەتەوە:
یەکەم- نەخۆشییەك لە شادەمارەکان و
بەرزی فشاری خوێن
دووەم- شەرم کردن لە قسە کردن لە گەڵ دایك و باوك و داپیرە و درەخت
سێیەم- هیوا خواستن بۆ چاکبوونە لە ئەنفلۆنزا بە فنجانێك بابوونگی گەرم
چوارەم- تەمبەڵ لە باسکردنی شۆخ و شەنگان
پێنجەم- بێزار بوون لە شەوانی زستان
شەشەم- سەرنەکەوتن لە گۆرانی گوتن
هیچ ڕۆڵێك لە بوونم نییە
بە ڕێکەوتیش من هەم و نێریشم

بڵاو بوونەوەی هەواڵی کۆچکردنی مەحمود دەرویّشی شاعیری بەرگری فەلەستین، خەڵکی هەراسان کرد و تەم و خەم ئاسمانی هەموو ماڵێکی فەلەستینی داگرت و پەژارەیی بەسەر دەم و چاوی هەموو هاوڵاتییەکی فەلەستینی دیار بوو، بەم بۆنەیەوە، سەرۆکی فەلەستینی (مەحمود عەباس) بڕیاری (٣) ڕۆژ پرسە دانانی لە هەموو خاکی فەڵەستین دا و ئاڵای فەلەستین هێنرایە خوارەوە. سڵاو لە شاعیری گەورەی فەلەستین مەحمود دەرویّش.

هێنریك ئیبسن و سەرهەڵدانی نوێخوازی

ئامادەکردنی / ئاکۆ عەبدوڵا

خاتوو تۆریل مۆرا تۆژەری ئینگلیزی و پسپۆر لە بواری ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و پەیوەندی نێوانیان، بە زمانی ئینگلیزی کتێبێکی بەناوی (هێنریك ئیبسن و سەرهەڵدانی نوێخوازی Henrik Ibsen and the birth of Modernism) بڵاوکردەوە کە بریتییە لە تۆژینەوەیەکی درێژ و قوڵ لەسەر ژیان و لایەنەکانی نوێخوازی لە کارەکانی یەك لە شانۆنووسە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئەویش هێنریك ئیبسنی نەرویژییە.

سەرەتا خاتوو تۆریل لەو کتێبەیدا نووسیویەتی: هێنریك ئیبسن لە ساڵی ١٨٢٨ لە خێزانێکی دووچاربوو بە مەینەتی ژۆر، هاتەدونیا. باوکی لەناکاو دووچاری مایەپووچی بوو، کە تەمەنی هێنریك ئیبسن گەیشتە حەوت ساڵ، لە ڕووی دارایی خێزانەکەیان تەواو مایەپووچبوو. دواتر باوکی قەرزێکی زۆریی کەوتەسەر. بۆیە وەك ڕاکردنێك لەو نالەبارییە، پەنای بۆ مەی برد و بەردەوام مەدهۆشبوو. هەموو ئەوانە کاریگەرییان لە کەسایەتی ئەو مندااڵە کرد. دوای ئەوەیی دایك و باوکیشی لە یەکتری جیابوونەوە، بارودۆخی خێزانەکەیان ئالۆزتربوو. ئەوانەش لە دەروونی هێنریك ئیبسن وەها ڕوان کە دواتر لە شانۆنامە و نووسراوەکانی دیکەی بە دیارکەوتنەوە.

هێندەی پێناچێت هێنریك ئیبسن ماڵە شێواوەکەیان جێدەهێڵێ و بۆ شارێکی دیکەی وڵاتەکەی چوو تاکو بە ئارامی تێیدا بژیەت. بەر لەوەی تەمەنیشی ١٦ ساڵان تێپەڕێنێت، لە درەمانخانەیەك کاری دەستکەوێت. بەو جۆرە توانی بەپشتبەستن بە خۆی، ڕووبەڕووی پێداویستەکانی ژیان بێتەوە. ئەوسا حەزی لەوەبوو بچێت بە پزیشك، بەڵام بارودۆخی ژیان و باری دەروونی، ڕووە و دونیای نووسینیان برد تا بوو بە شانۆنوسێکی پلەیەك، یان دەتوانین بڵێین، بە گرنگترین شانۆنووس لە مێژووی نەرویژدا.

دواتر خاتوونی ناوبراو دەنووسێت (ساڵی ١٨٤٨ شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری ئەروروپا بەرپابوو کە کاریگەری زۆری لە هێنریك ئیبسن کرد و پاڵی پێوەنا یەکەم شانۆنامەی بە ناوی (کاتیلینا) بنووسێت. دوای ئەوەی شانۆی نەرویژی رازینەبوو ئەو بەرهەمەی تێدا پێشکەش بکرێت، هێنریك ئیبسن بە یارمەتی هاوڕێیەکی لە ساڵی ١٨٥٠ بەناوی خوازراو و بە تیراژی ٢٥٠ دانە بڵاویدەکاتەوە.

دواتر بەمبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەرەو شاری ئۆسلۆ چوو، تاکو بە هۆیەوە لە زانکۆ بخوێنێ. ئەوسا لە دوەروونیدا چەندان پڕۆژەی هونەری و هزری و شیعری هەڵگرتبوو. کە شانۆنامەی دووەمیشی بەناوی (گردی جەنگاوەران) نووسی، ئەو جارەیان شانۆی ئۆسلۆ رازیبوو لەسەر سەکۆ گەورەکەی نمایشبکرێت. جا لەگەڵ ئەوەی جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بینینی بوون، کەچی سەرکەوتنی بەو ئاستە نەبوو. لە ڕاستیشدا هێنریك ئیبسن کاتێکی درێژی پێویست بوو تاکو تامی سەرکەوتن و ناوبانگی بچێژێ.

دواتر لەبەر شەیدابوونی زۆری بۆ شانۆ، پێشنیاریانکرد بێت بە بەڕێوەبەری شانۆی شار، ئەویش ڕازیدەبێت. پاش ئەوەش بۆی ڕەخسا سەردانی کۆپنهاگنی پایتەختی وڵاتی دانیمارك و شاری دەرێسەدنی ئەڵمانی بکات. لەو گەشتەیدا بەشێوەیەکی چاکتر فێرە تەکنیکی شانۆیی بوو. ساڵی ١٨٥٨ کە تەمەنی گەیشتە ٣٠ ساڵ، بووە ڕاوێژکاری شانۆی ئۆسلۆ. ساڵی ١٨٦٤ گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی ڕوویدا، سەرەتا لە ڕۆمای پایتەختی وڵاتی ئیتاڵیا مۆڵەتی خوێندنی پێدرا، ئەویش بەو هیوایەی کە زیاتر لە چارەگە سەدەیەك تێیدا بمێنێتەوە بۆ ئەم وڵاتە چوو. لە ڕێگاشدا وڵاتەکانی ئەڵمانیا و نەمسای بڕی.

لەو ئەزموونەشیدا زۆر شتی نوێ فێربوو، نووسراوەکانیشی ئاراستەی ڕەوتی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییانەیان گرتەبەر، واتە لە قۆناغی ڕۆمانتیکی بەرەو ڕیالیزمی چوون. هاوکات لە ساڵی ١٨٧٩ دراماکی کۆمەڵایەتی بەناوی (خانووی بووکەشوشە) نووسی کە تێیدا بارودۆخی هەژار و بێدەرەتانانی دەربڕیووە. ئەو کارەی لەوانەی پێشوو جیابوو، پرسی ئافرەتی لە کۆمەڵگەی نوێ و ئاستی جیاوازی ژیانیان لەبەرامبەر ژیانی ناو کۆمەڵگەی ئاسایی بەدیار خستووە. ئا لێرەوە نوێخوازی لە هزر و فەلسەفە و ڕوانینی کۆمەڵایەتییانەی خۆی نیشاندا. دواتر کێشەکانی سەردەمەکەی خۆی بەوپەڕی واقیعی و لێپرسراویەتی لە کارەکانی دەربڕی کە لە دوای بڵاوکردنەوەیان لەیەك کاتدا لەسەر سەکۆ گەورەکانی پایتەختەکانی ئەوروپا نمایشدەکران. لەوانە دەقەکانی (گەڕاوەکان)، (دۆژمنی گەل)، (خاتوونی دەریا)..


ساڵی ١٨٩٩ دوا شانۆنامەی بەناونیشانی (ئەو کاتانەی لەناو مردووان بە ئاگادێینەوە) نووسی. دوای ئەوە نەخۆشی بەرۆکی گرت و نەیتوانی دڕێژە بە نووسین بدات تا لە ساڵی ١٩٠٦ کۆچیدوایی کرد. دوای ئەوەی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لەسەرتاسەری ئەوروپا وەك ناودارترین شانۆنووسی ئەوروپی ناسرا.

لەلایەکی دیکەی کتێبەکەیدا، خاتوو تۆریل مۆرا بەو جۆرە دەنووسێت (شایانی باسە هێنریك ئیبسن نەك تەنیا شانۆنووس بوو، بەڵکو شاعیرێکی گەورەش بوو، ساڵی ١٨٧١ دیوانێکی شیعری بڵاوکردەوە بەڵام زیاتر کاتی خۆی بۆ نووسینی دەقی شانۆیی تەرخانکرد. لە نووسینیشدا ستایلی ڕیالیزمی و ستایلی هێماگەری شاعیرانەی پەیڕەو دەکرد. ئەمە جگە لەوەی بەدێدێکی قوڵی سایکۆلۆژیانە، کەسایەتیەکانی دیاریدەکرد، هەر بۆیە لای هەندێك لە ڕەخنەگران بە {فرۆیدی شانۆ} ناسراوە).

لەبەر تواناداریش، کەسایەتییەکانی تەنیا لە ڕووی دەرەوەیان نەدەکێشا بەڵکو بەرەو قوڵایی دەڕوونیشیان دەچوو، بەوەش ئەدگارێکی دیکەی نوێخوازی ئەو دەردەکەوێت، بۆیە دەکرێت بڵێین هێنریك ئیبسن سەرکەوتووانە هونەر و شانۆی تێکەڵ بە فەلسەفە کردووە. بەهەمان ئاستی هونەریش فەیلەسووف بووە، زۆر لە نووسەرە ئەوروپییەکانی دوای خۆشی لەسەر ستایلەکەی ئەو ڕۆیشتوون. دواتر دەتوانین بڵێین کارەکانی هێنریك ئیبسن بیرکردنەوەی شیعراوی درێژن سەبارەت بە پێداویستی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چاکتر لەوەی کە لە واقیع دەژیەت بنوێنن. ژیان سەخت و تاڵە، زۆربەی کاتیش خۆشەویستان لەیەکتری جیا دەبنەوە، مرۆڤیش ئاواتی ئەوە دەخوازێت بەشێوەیەکی چاکتر بژیەت، بەڵام ژیان بۆ خۆی ژیانە.

بندیتۆ کرۆتشەی ڕەخنەگری ئیتاڵی لە ئاستیدا وتویەتی : «هێنریك ئیبسن نووسەرێکی بێ ئومێدبوو لە ژیان، یاخود زانیبووی چۆن لە شانۆنامە و کتێبەکانیدا باس لە چەوساندنەوە و کوێرەوەیەکانی ژیان و بوون بکات».

لەمەشەوە جارێکی دیکە نوێخوازییەکەی دەردەکەوێتەوە ، چونکە نووسەرێکی نوێ ئەو کەسەیە بەدوای ڕاستی دا بگەڕی و ئاشکرای بکات، نەك بیشارێتەوە. مەزنایەتی ئیبسنیش لەوەدایە کە توانیویەتی لە شانۆگەریەکانیدا هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕاستەقینە کۆبکاتەوە. لەوانەیە لایەنی ئایدیالۆژیا و سایکۆلۆژیا و مللمانێی کۆمەڵایەتی و چینایەتی. بەوانەش لە کارەکانیدا سەردەمەکەی خۆی بە وردی ڕەنگدەداتەوە و لە هەر چوار لای جیهانیش کاریگەری هونەر و هزری بەجێدەهێڵێت.



پەیمانی ئاشتی..
کرانەوەیەکی بەرچاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



تۆماس فریدمان

بۆ یەکەمین جارە، من لەگەڵ سەرۆك دۆنالْدۆ ترەمپ، لە بەکارهێنانی وەسفە دڵخوازەکەی، کە ئەویش (نایاب)ـە کۆك دەبم. ئەو رێکەوتنەی کارگێڕییەکەی ترەمپ پێیگەیشت، بۆ ئەوەی وڵاتی ئیماراتی عەرەبی، پەیوەندییەکانی بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ ئیسرائیل بەرپا بکات، لە بەرامبەر ئەوەی ئیسرائیل واز لە هەموو پرۆسەیەکی خستنەپاڵ بەرەی رۆژئاوا بهێنێت، بە تەواوی ئەو وەسفکردنەی ترەمپی لەسەر پیادە دەبێت، کە لە توێتێکی تویتەر وەسفی کردبوو، بەوەی (کرانەوەیەکی بەرچاوە).. ئەوەی رووید، زۆر لەو هەنگاوە گەورانەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێت، وەکو چوونی ئەنوەر سادات بۆ قودس و تەقەکردنی یاسر عەرەفات لەگەڵ ئیسحاق رابین، لە باخچەی کۆشکی سپید. مرۆڤ ئەوەندەی لەسەرە کارتەکانی هەڵسەنگاندن بپشکنێت، بۆ ئەوەی بڕی کاریگەری ئەو دەستەواژەیە لەسەر هەموو لایەنێکی گەورە لە ناوچەکەدا ببینێت. گەورەترین سوودمەند لەو دەستەواژەیە، بلۆکی پشتیوانانی ئەمریکا، ئیسلامی میانڕەو و کۆتاییهێنان بە ململانێیە لەگەڵ ئیسرائیل بە شێوەیەکی کۆتایی. ئەو دەستەواژەیە وا لە بلۆکی لایەنگرە تووندڕەوەکانی ئێران، دژەکانی ئەمریکا و لایەنگرانی ململانێی بەردەوام لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، زیاتر گۆشەگیر بن و لە کاروانەکە دابڕێن. ئەوەیان زەوی لەرزینێکی جیۆسیاسییە.پلانی ئاشتی ترەمپ، ئەوەی جارید کۆشنەر کێشاویەتی و، دەیانەوێت پێوەی پابەندبن، لە راستیدا، هەر ئەویش مادەیەکی خامی بۆ ئەو کرانەوەیە دۆزییەوە. کە بەم شێوەیەیە بوو. پلانەکەی کۆشنەر لە بنەڕەتدا داوای لە ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان کرد، ئاشتی بەرپا بکەن، لەگەڵ رێگەدان بە ئیسرائیل رێژەی ٣٠٪ بەرەی رۆژئاوا بخاتە پاڵ خۆی، چونکە زۆربەی نشینگەکانی لەوێندەرن، هەروەها رێگەش بە فەلەستین بدات، دەوڵەتی خۆی لەسەر رێژەی ٧٠٪ ماوەتەوە بەرپا بکات، لەگەڵ تێکەوڵێکەکردنی هەندێ زەوی لەگەڵ ئیسرائیلدا. فەلەستینییەکان ڕاستەوخۆ دەستەواژەکەیان ڕەت کردەوە، گوایە ناهاوسەنگ و نا دادییە. بەڵام سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نتنیاهۆ- کە زۆر پشتیوانی لە نووسینی ئەو پلانە لایەنگرە لە ئیسرائیل دەکرد و یارمەتیدەریشی بوو- رایگەیاند، ئەو بەنیازە لە سەرەتای مانگی تەممووزدا، تاك لایەنە دەست بە جێبەجێکردنی بەشی تایبەت بە پلانەکەی خستنەپاڵ بکات، بێ ڕەزامەندیی لەسەر ئەو بەشەی، کە بەشی هەرە زۆری نیشتەجێبووانی جوولەکە ڕەتیان کردەوە، ئەویش ئەوەیە دواتر فەلەستینییەکان دەوڵەتی خۆیان لەسەر ٧٠٪ خاکەکانی دیکە بەرپا بکەن. لێرەدا پرسیارێك بە میشکمدا دێت ئەویش ئەوەیە: ئایا دێڤید فریدمان، باڵیۆزی ئەمریکا لە ئیسرائیل، کە هەر خۆیشی لایەنگرێکی سەرسەختی نیشتەجێکردنە، هانی نتنیاهۆی داوە بیر لەو پلانە بکاتەوە و ڕەنگە بۆشی بچێتە سەر؟ بەڵام ئەوەیان هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە کۆشنەر، کە چەندین جار گوێی لە میسر، ئەردەن و وڵاتانی کەنداو دەبوو کە دەیانگوت، ئەو خستنە پاڵەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی تاك لایەنە، دەبێتە هۆی لەباربردنی تەواوی گەیشتن بە دەستەواژەیەك. کۆشنەر هۆشداریی دایە نتنیاهۆ و پێی گوت: «بەو خێراییە نا». کۆشنەر قنیاتی بە تەمپیش هێنا، ڕێگەی جێبەجێکردنی (لایەنە دڵخوازەکەی) پلانەکە لە نتنیاهۆ بگرێت، ئەویش دەستکردنی ڕاستەوخۆیە بە خستنە پاڵ.ئەتامار ڕابینۆڤیچ، کە یەکێ لەدیارترین میژوونووسانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئیسرائیل و باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیلە لە واشنتن وای دەبینێت، ئەوەی ترەمپ، کۆشنەر و شێخ محەمەدی کوڕی زیدان، جێنشینی ئەبوزەبی و جێگری سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان، لەگەڵ نتنیاهۆ کردوویانە ئەوەیە، ئەوان ژینوارێکی خراپیان بۆ یەکێکی دیکەی باشتر گۆڕیووە. ڕابینۆڤیچ لە دیانەیەکیدا دەڵێت:«لە جیاتی خستنەپاڵی ئیسرائیل لەبەرامبەر دەوڵەتێکی فەلەستینی، وایان لە ئیسرائیل کردووە، واز لە خستنەپاڵ بهێنێت، بەرامبەر بە ئاشتی لەگەڵ ئیماراتدا». ئەو پرۆسەیە ئەو کاتە دەستپێکرد، کە یوسف ئەلعتێبەی باڵیۆزی ئیمارات لە واشنتن، وتارێکی بە زمانی عیبری لە ڕۆژنامەی (یەدیعوت ئەحرۆنوت)ـی ئیسرائیلی لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا بڵاوکردەوە، تێیدا هۆشداریی دا، خستنەپاڵی بەرەی ڕۆژئاوا لەلایەن ئیسرائیل، دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەو پێشکەوتنە ئارامەی، کە ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەدەستێهێناوە. سێ بڕاوەی گەورەی دیکەش هەن. یەکەم: شا عەبدوڵڵا، پاشای ئەردەن. شا عەبدوڵڵا، لەوە دەترسا خستنە پاڵی بەرەی ڕۆژئاوا لە لایەن ئیسرائیلەوە، هەوڵەکانی گۆڕانی ئەردەن بۆ دەوڵەتی فەلەستین باشتر بکات. ئەو ترسە ئێستا ڕەویووەتەوە. بڕاوەی دووەم: ڕەوندی جوولەکەی ئەمریکایە. ئەگەر ئیسرائیل بە شێك لە بەرەی ڕۆژئاوای بخستابایە پاڵ خۆی، دووبەرەکی لە نێو هەموو پەرستەگەیەکی جوولەکەکان لە ئەمریکا و، لە نێوان لایەنگرانی تووندڕەوی خستنەپاڵ و لیبرالیزمانی نەیاری خستنەپاڵ ڕووی دەدا. ئەو کارەساتەی کە لە ئاسۆ سەری دەرهێنابوو، ئێستا پووکاوەتەوە. بڕاوەی سێیەم: جۆ بایدنە، چونکە ئەگەر شوێنی ترەمپ بگرێتەوە، نابێت نیگەرانی ئەو کێشە ئاڵۆزە بێت، بەمەش هاوپەیمانێکی لایەنگری زۆر بەهێزتری ئەمریکای لە ناوچەکەدا دەبێت، بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکات. دۆڕاوە گەورەکانی جیۆ سیاسیش، ئێران و هەموو بریکارەکانییەتی لە حزبوڵڵا، میلیشیاکانی عێراق، سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد، حەماس، جیهادی ئیسلامی، حوسییەکان لە یەمەن و تورکیا. ئەوەش لەبەر چەندین هۆکار. تاکو ئێستا، ئیمارات لە سیاسەتی درەوەیدا، خاوەن هاوسەنگییەکی زۆر وردە. بەڵام پەیامێکی دیکەی قووڵتر هەیە، لەوێندەر بە کردار دوو هاوپەیمان لەناوچەکەدا هەن، هەیە دەیانەوێت ئایندە ڕابردوو لە گۆڕ بنێت، هەشە دەیانەوێت ڕابردوو لەسەر لە گۆڕانی ئایندە بەردەوام بێت. ئیماراتیش ڕابەرایەتی هاوپەیمانی یەکەم دەکات، ڕابەرایەتی هاوپەیمانی دووەمیشی بۆ ئێران لێگەڕاوە. ئەوەدەمەی کارگێڕییەکەی ترەمپ، قاسم سلێمانی، سەرکردەی فەیلەقی قودسی لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوودا تیرۆر کرد، کە بە لقی کردەکانی دەرەکیی سوپای پاسدارانی ئێران دادەنرا، ستوونێکم نووسی و تێیدا وتم، ئەمریکا تەنها (گەمژەترین پیاوی ئێرانی کوشتووە) لەبەرچی؟ چونکە نموونەی کارەکانی سلێمانی، خۆی لە ڕاکێشکردنی عەرەب و شیعەکانی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەرەبی سوننە لە عێراق، لوبنان، یەمەن و سووریا بۆ نمایشکردنی هێزی ئێران دەنواند. ئەنجامی هەموو ئەمانەش چی بوو؟ ئێران یارمەتی ئەو چوار وڵاتەی دا، ببنە وڵاتی شکستخواردوو. من لە مێژە چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم، ئەوەش وام لێدەکات ئەو دەستەواژەیە بنووسم :»ناوچەکە هەرگیز وەکو جارانی لێنایەتەوە». ڕاستە هێزەکانی تایەفی، هۆزایەتی، گەندەڵی و بەرەنگاری فرەیی لەوێندەر قووڵن، بەڵام چەندین تەوژمی دیکە هەن، کە لە گەنجی کوڕ و کچ پێکهاتوون و زۆر لە یارییە کۆنەکە، ململانێیە کۆنەکە و برینە کۆنەکە بێزار بوونە، کە بەردەوام لە دووبارەبوونەوە دان. مرۆڤ دەتوانێت ئەوانە ببینێت، کە چۆن لەسەر شەقامەکانی بەیروت ناڕەزایی دەردەبڕن و داوای شێوازی تازەی دەسەڵات بەڕێوەبردن و دەرفەت دەکەن، کە بتوانێت توانا شاراوەکانی ئەوان بە تەواوی لە خۆ بگرێت. ئیمارات، ئیسرائیل و ئەمریکا دەریانخست، مەرج نییە ئایندە ڕابردوو لە گۆڕ بنێت و مەرجیش نییە هەموو جارێك بانگەوازخوازانی ڕق و دووبەرەکی ببەنەوە. ئەوەیان شنەبایەکی فێنکە، ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە بایەکی توند و گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆی بهێنێت، کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.alittihad.ae



یونس حەمەد - ئۆسلۆ



ئەگەرچی کۆماری فەرەنسا یەکێکە لە پێنج وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ،هەروەها هاوشان لەگەڵ بەریتانیای گەورە ،گەورەترین کۆڵۆنیزمی مێژووی هاوچەرخە ، هەمیشە ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە ئاستی کۆڵۆنیزمی جیهانیدا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا و زۆربەی دەوڵەتانی ئەفریکا .. فەرەنسا لە ماوەی ڕابردوودا تایبەتتر لە دوای جەنگی دووەمی جیهان ڕۆڵەکەی کەمتر بینراوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ بەریتانیا کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وڵاتانیان لە ناوخۆیاندا دابەش کردبوو ، دوورکەوتنەوەی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتێکدا بووە کە ناوچەکە بەردەوام گرژی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە دیوە ،هەروەها بەردەوام لە بڕیارداندا دژ بە سیاسەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە لە ناوچەکەدا بەتایبەت دژایەتی جەنگەکانی ئەمەریکای کردووە کە زیاتریان دژ بەعێراق ئەنجامی دا .

فەرەنسا لە سیاسەتدا بەوە ناسراوە کە نەرمە ئەمەش هەتاوەکو لە کاتی سەردەمی کۆڵۆنیزمیدا پەیڕەوی دەکرد کە زیاتر کۆڵۆنیزمێکی کەلتووری بێت تا سیاسی و سەربازی ، ڕاستە سوپا و هێزەکانی فەرەنسا لە وڵاتاندا بە تایبەتی باکوور و ئەفریکا بەگشتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونیان هەبوو ، بەڵام سیاسەتی پەیڕەوکردنی بڵاوکردنەوەی کلتووری وەك زمان و ڕۆشنبیری کە دەبینرێت تا ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتانە ماوە کە کاتی خۆی فەرەنسا داگیری کردوون چ لە ئاستی زمانداریان کلتووریەکەیان کە لە نێونەدە جیهانیەکاندا بە کلتووری (ڕۆمانسییەت) ناسراوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجاران فەرەنسا هێزی بەکارهێناوە بۆ لەناوبردنی نەیارانی وپارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی بەتایبەت لە وڵاتانی ئەفریکا کە بەهۆی سەرهەڵدانی گرووپی جۆراوجۆر دووچاری کێشە دەبنەوە .. فەرەنسا لەم چەند ساڵەی دواییدا سیاسەتی خۆی گۆڕیوە دەیەوێت ئەمجارە ڕۆڵی خۆی لە نەخشە ڕێگای ناوچەکەدا ببینێت ، لە سەردەمی سەرۆك فرانسوا ئۆنلاند ئەم سیاسەتە زەقتر کرایەوە ، ئێستاش سەرۆك ئیمانوێل ماکرۆن دریژەی پێ دەدا و لە نزیکەوە و بەشێوەی مەیدانی دێتە نێو بابەتەکان وەك کێشەکانی سووریا و لوبنان و هەروەها دەتوانرێت ئاماژە بە خاڵێکیش بکرێت کە ئەمجارەیان بەراستەوخۆش هاتە نێو بابەتی عێراق ، دوای سەردانی ماکرۆن بۆ بەغدا ئاگاداری سەرکردەکانی کردووە وپەیامێکی ڕوونی لە مەبەستی سەردانەکەیدا پێدان لە کاتی کۆبوونەوەکانیشدا ئەمانە بە ڕوونی بەدیارکەوتن ، وێڕای ئەمانەش عێراقی ئاگادار کردەوە کە دەبێت کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە بەمەش ماکرۆن پەیام و نیشانەیەکی لەدوای خۆیدا جێهێشت کە فەرەنسا ئەو فەرەنسای جاران نیە، کۆماری فەرەنسای ئێستا دەیەوێت بە هێزەوە بگەڕێتەوە ناوچەکە و ڕۆڵی لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا هەبێت .. گرژییەکانی تورکیا و یۆنان و هەروەها دەستێوەردانی تورکیا لە لیبیا ئەمیش خاڵێکە فەرەنسای بەهێزەوە هێنایەوە سەر هێڵ ، فەرەنسا لەوەش زۆر جیدیە و بە چاوکراوەییەوە دەڕوانێتە ئەم کێشانە بە ئاشکراش هەڕەشە دەکات ئەگەر بێتو تورکیا هێزەکانی لە جموجۆڵانە ئاسایی و یاسایی نین و هانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دەدات لە هەمبەر هەڵسوکەوتی تورکیا بێدەنگ نەبن ،بەڵکو دەبێت هەڵوێستێکی توند وەربگرن تا دەگاتە ئاستی سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری و پشتگیریکردن لە ئەسینا . دۆخی ناسەقامگیری جیهان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرەنسای جارێکی دیکە گەڕاندەوە ناوچەکە، ئەمجارەیان دەیەوێت جێگای پێی خۆی قایم بکات، گرینگە فەرەنسا ڕۆڵی خۆی دووبارە بینێتەوە بە هۆکاری ئەوەی ڕۆڵەکەی بۆ گەلانی ناوچەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە فەرەنسا جگە لە لایەنی سەربازی لایەنێکی ئاشتی و نێوەندگیری دەبینێت ،هەروەها لە کارکردنداسەلماندنی خۆی هەیە و بە گرینگیەوە دەڕوانێتە پرس و کێشەکان . سەبارەت بە کوردستان فەرەنسا هەمیشە تا ڕادەیەکی زۆر فریادەرس بووە لە ١٩٩١ خاوەن بریاری نێودەوڵەتی ٦٨٨ بوو کە چیتر ڕێگا نەدرێت گەلی کورد بچەوسێتەوە ناوچەی دژەفڕینی بۆ دابین کرا ، کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنە میژوویەکەی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢ دواتر دامەزراندنی حکومەتی کوردستان ، هەروەها دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر فەرەنسا نەیهێشت کوردستان بە داخراوەیی بمێنێتەوە دەرگای دیپلۆماسیەتی لە هەلومەرجێکی دژواردا بۆ حکومەتی کوردستان کردەوە ،کە دواتر ڕەوشەکە بەرەو ئاسایی هەنگاوی نا .. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانی ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچن ، لەملاشەوە چەند هەنگاوێکی ئاشتی بە تایبەتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ئارادایە ، جا لێرەدا فەرەنسا خودی خۆی و هەمیش هەندێك وڵاتی دیکە دەیانەوێت ئەو ڕۆڵەی دیار بخرێت بۆ ئەوەی ناوچەکە بێتەنموونەیەك بۆ ئەم قۆناخە سەختە کە لە لێواری داڕمان دایە .

مانشێت

سکای نیوز:

سەرۆکی حکومەتی هیندۆراس ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە نیازە باڵیۆزخانەکەی لە ئیسرائیل بگوازێتەوە بۆ شاری قودس.



یۆرۆ نیوز:

لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا و چەند شارێکی دیکەی ئەم وڵاتە هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام و داوایان کرد یەکێتی ئەورووپا پێشوازی لە پەنابەرانی خێوەتگای لیسبۆسی یۆنان بکات.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

دەزگا ئەمنیەکانی هیند 9 ئەندامی ڕێکخراوی قاعیدەیان دەستگیر کرد کە پلانی ئەنجامدانی کۆمەڵێك هێرشیان لە نیودەلهی پایتەخت داڕشتبوو.



فرانس 24:

بەرپرسێکی ئەمەریکی ڕایگەیاند ئێران خاوەنی تەواوی ئەو پێداویستیانەیە کە بتوانێ تا کۆتایی ساڵ بۆمبێکی ئەتۆمی دروست بکات.



کەنالی ئار تی:


بڕیار وایە دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە 25 ی سێپتەمبەر، بەرپرسانی یۆنان و تورکیا دەست بە گەڕێکی دیکەی دانوستان بکەن.



دۆچە ڤیلە:

سەبارەت بە بەنجامدانی تاوان دژی خەڵکی سڤیل ، حکومەتی هۆڵەندا بە نیازە لە دادگای لاهای داوای یاسایی لە دژی ڕژێمی ئەسەد تۆمار بکات.







وەبەرهێنانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ساڵ دوای ساڵ بەرزتر دەبێتەوە



د.مخلص سليم مراد:

هەرێمی کوردستان خاوەنی سروشتێکی زۆر دەوڵەمەندە و بواری دەیان هەزار جۆر پرۆژەی هەیە

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار

کەرتە ئابوورییەکان لە رێگای وەبەرهێنان دەتوانن کوالێتی و ئاستی ئابووریان بەرزبکەنەوە، کە دەبنە پاڵپشت و سەرچاوەی گرنگ بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا گرنگی زۆر بە وەبەرهێنانی سەرجەم کەرتەکان بەتایبەت کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و پیشەسازی دەدات، لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، کە بە سەرمایەی کەرتی تایبەت و لە لایەن کەرتی تایبەت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە د.مخلص سليم مراد بەرێوەبەری گشتی یاسایی وکارگێری وداراییی دەستەی وەبەرهێنان لە گفتوگۆیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات چەند زانیارییەك لە سەر وەبەرهینانی کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو:

سەبارەت بە وەبەرهێنانی گەشتیاری لە ساڵانی رابردوو گوتی: لە ساڵانی رابردوو زیاتر لە 157 پڕۆژە مۆلەتی وەبەرهێنانی گەشتیاری لە دەستەکەمان بە سەرمایەی زیاتر لە 7ملیار دۆلار لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، 5251 دۆنم زەوی بۆ ئەم پڕۆژانە تەرخان کراوە، لە کۆی 157 پڕۆژە، 58 پڕۆژە لە سەداسەد تەواو کراون خزمەت پێشکەش دەکەن و 100 لە 100 کار دەکەن، زیاتر لە 8254 کارمەند کاری تێدا دەکەن. ئەگەر تەنیا پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی گەشتیاری کە لە دوای ساڵی 2016 پەسەند کراون نەگەیشتوونەتە قۆناغی مۆلەتدان وەربگرین، بەم شێوە بووە: (ساڵی 2016 بریتی بووە لە26 پڕۆژەی پەسەند کراو، 2017 بریتی بووە لە25 پڕۆژەی پەسەند کراو، 2018 بریتی بووە لە58 پڕۆژەی پەسەند کراو 2019 بریتی بووە لە66 پڕۆژەی پەسەند کراو، 2020 بریتی بووە لە26 پڕۆژەی پەسەند کراو)، کەواتە ساڵی 2019 زۆرترین پڕۆژەی گەشتیاری تێدا کراوە.

سەبارەت بە پلانی ساڵانی داهاتووش گوتی: لە ساڵی 2020 دەستەی وەبەرهێنان پلانێکی گشتگیری ڕاگەیاند، کە پێشتر داوای لە وەزارەتەکان کردبوو، پلانی خۆیان بۆ دەستەی وەبەرهێنان بنێرن، لەسەر ئەم بنەمایە دەستەی وەبەرهێنان پلانی دریژخایەنی خۆی ڕاگەیاند، کە 1055 پڕۆژەی لەخۆ گرتووە، لەم ژمارەیەدا، 227 پڕۆژەی گەشتیاری تێدایە، ئەمەش جێگەی دەست خۆشییە بۆ دەستەی گەشتوگوزار کە پلانی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك ئامادە کردبوو، دواتر بۆ دەستەی وەبەرهینیان نارد. پڕۆژەکانیش بەم شێوە دابەش بوون: 89 پڕۆژە لە سنووری پارێزگای هەولێر، 49 پڕۆژە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، 47 پڕۆژە لە سنووری پارێزگای دهۆك، 17 پڕۆژە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە، 21 پڕۆژە سنووری لەئێدارەی گەرمیان، 4 پڕۆژە لە سنووری ئێدارەی ڕاپەڕین.

سەبارەت بە هەمواركردنەوەی یاسای وەبەرهێنان کە چی باشتر و جیاوازتر بۆ گەشتوگوزاری تێدایە، لەم بارەیەوە گوتی: لەسەر خواستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پشت بەستن بە برگە وهێلە گشتیەکانی کارنامەی حکومەت، بەپێی پێویستی ئێستای ئابووری هەرێم گرنگی بە سێکتەرەکان دراوە، لە هەمواركردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، سێ سێکتەری سەرەکی کە بریتین لە (پیشەسازی وکشتوکاڵ و گەشتوگوزار) گرنگیان زیاتریان پێدراوە و لە ئەولەویاتی حکومەتی هەرێم دانراون ئەمەش بە پێ پێویستی ئێستای هەرێمی کوردستانە.

لەبارەی وەبەرهێنانی گەشتوگوزار چ جۆرە پرۆژەیەک دەگرێتەوە و مەرجەکان چین؟

د.موخلیس سلیم مراد گوتی: وەبەرهێنانی گەشتوگوزار تەنیا ئوتێل و مۆتێل و ڕێستۆرانت ناگرێتەوە، بەڵکو پڕۆژەی گەشتیاری زۆر فراوانترە ، هەرێمی کوردستان خاوەنی سروشتێکی زۆر دەوڵەمەندە و بواری دەیان هەزار جۆر پڕۆژەی هەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستان چەندان جۆری گەشتوگوزار هەیە، بۆیە هەموو جۆرەکان دەکرێ وەبەرهێنانیان تێدا بکرێ. ئێستاش پلانی پڕۆژەیەکی زۆر گەورەی وەبەرهێنانی گەشتیاری لەسەر چیای سەفین ئامادەیە، بە هەمان شێوە پلانی پڕۆژەیەکی تڕ لەسەر چیای زاوە ئامادەیە، هەروەها پلانی پڕۆژەی دووکانی گەشتیاری ئامادەیە و دەست کراوە بە جێبەجێکردنی، وە بە هەمان شێوە لەسەر زێی سیروان پلانی پرۆژەیەك هەیە.

لە بارەی ئاستی هەماهەنگی نێوان هەردوو دەستەی وەبەرهێنان و گەشتوگوزار، گوتی: هەماهەنگی زۆر باشە لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەیە و پلانێکی زۆر ڕێك و تۆکمە لە لایان دەستەی گەشتوگوزار پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە و بۆتە بەشێکی سەرەکی لە نەخشەی وەبەرهینانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش جێگای دەست خۆشییە.





چۆن سوود لە یادی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار وەربگرین؟

نادر روستی

27ی ئەیلولی هەموو ساڵێك لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کراوەتە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار، ئەو وڵات و کۆمپانی و ڕێکخراوانەی لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار ئەندامن، بەپێی پەیرەوی ڕێکخراوەکە دەتوانن سوود لە توانی ڕێکخراوەکە لەڕووی مادی و مەعنەوی وەربگرن، ئێمەی کوردستانی چۆن سوود لەو ڕۆژە وەربگرین و بچینە پاڵ وڵات و هەرێم و ڕێکخراوە گەشتوگوزاریەکانی جیهان، کە لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار ئەندامن؟

بە بۆچوونی من، هەوڵی یەکەمان بۆ ئەوەبێت کە گەشتوگوزاری کوردستان بە جیهان بناسێنین. هەوڵی دووەمان ئەوەبێت ببین بە ئەندامی چاودێر لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار. لە ناو هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدابین کە ساڵانە بە شێوەی بەرنامە بۆ دانراو لە ژێر دروشمێکی دیاریکراو ئەم یادە بکەینەوە و لە کاروانی گەشتیاری جیهان دانەبڕێین (جێگای دەست خۆشیە کە زۆربەی ساڵەکان کراوە)، هەر بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاز دەکەم، کە ئەم ساڵ لە ژێر دروشمی (پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گونجاو) لەهەرێمی کوردستان یادی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بکەینەوە، چونکە پلانێکی تۆکمە لە دەستەی گەشتوگوزار بۆ گەشتوگوزاری لادێ دانراوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ ئەم مەبەستە چەند چالاکییەك بە شێوەی مەیدانی و ئەلیکترۆنی ساز بکەین، کە بینە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان، چونکە پێویستە دان بەو ڕاستیە بنێین کە لە هەرێمی کوردستان هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە سەر ئاستی حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیان لە سەر گرنگی و بایەخی گەشتوگوزار لە جیهان و لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزم دایە، لەبەر نەبوونی شارەزایی و زانیاری پێویست لەسەر گرنگی کەرتی گەشتوگوزار لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کولتووری و ژینگەیەوە، حکومەت لە سەرووی هەموو دەزگاکان کەم بایەخی بە گەشتوگوزار داوە و گەشتوگوزاری ڕادەستی کەرتی تایبەت کردووە، تەنانەت ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی حکومەتن، ئەوانیشی فەرامۆش کردوە، وەك تەرخانکردنی بودجەیەك یان دارشتنی چەند یاسایەك بۆ ئیدارەکردنی کەرتەکە، کەرتی تایبەتی گەشتیاریی هەرێمیش بە شێوەیەکی زۆر تەقلیدی و بێ پلان و بێ بەرنامە کار لەم بوارەدا دەکات. دەمەوێت ئەوەش ئاشکرا بکەم کە بۆ ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار پیشنیازی چەند چالاکیەکیان بۆ دەستەی گەشتوگوزار کردووە، هیوادارم دەرفەت هەبێت بتوانین جێبەجێیان بکەین، وەك کردنەوەی خوڵ، کردنەوەی پیشانگای ئەلیکترۆنی گەشتیاری، سازکردنی سمیناری ئەلیکترۆنی بۆ بەرێوەبەر و کارمەندانی کەشتوگوزار.



ماڵی سۆفی کەریمی سەراج بە گەشتیاری کراوە



خانووی کولتووری لە شارەکانی هەرێمی کوردستان زۆرن، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی بۆ بواری گەشتیاری سوودیان لێوەرگیراوە، ماڵی سۆفی کەریمی سەراج یەکێکە لە ماڵە دێرینەکانی سلێمانی، مێژووی دروستکردنی خانووەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1898ز. لە ئێستادا ئەم ماڵە کراوە بە کافتریا و گەنجان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوو دەکەنە ئەم ماڵە، لە هەمان کاتدا بابەتە کولتوورییەکانی لە ناودا پاریزراون و کراوەتە مۆزەخانە و کەلوپەلە دەستکرد و مێژوویەکان لە ناویدا بۆ سەردانی کەران و میوانان لە شێوەی پیشانگا خراونەتەڕوو.

وێنە: شۆڕش وەهبی

سەدان گەنج لە کوردستان حەز و ئارەزوویەکی زۆریان بۆ وەرزشی دریژفتینگی ئۆتومبیل هەیە


بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەت گەنجان ناتوانن گرینگی و بەردەوامی بەم وەرزشە بدەن

ئا: ئیسماعیل سەبور

دریژفتینگی ئۆتومبیل واتە لێکشان و تەناس کردن بە شێوازێکی هونەری و فیزیای و ڕاگرتنی باڵانسی ئۆتومبیل بە شێوازێك کە ئۆتومبیلەکە بەردەوام بێت لە خزین و بتوانرێت نمایشی پێ بکرێت و بۆ یەکەم جار لە فیلمی تۆکیۆ دریژفت ئەم وەرزشە پەرەی پێدرا و گەنجان و شۆفێران لە گشت وڵاتان حەز و ئارەزوویان بۆ ئەم وەرزشە پەیدا کرد و کۆمەڵێك بەشی جیاوازی هەبە لەوانە (کارپارکینگ دریژفت، فۆرمولا دریژفتینگ، دریژفت ڕەیسینگ).

ئاوا فازل گەنجێکی شاری هەولێرە نزیکەی ٨ مانگە پراکتیس و تەمرینی وەرزشی دریژفت کردنی کردۆتە حەز و خولیای خۆی و بە ماوەیەکی کەم توانی بەهۆی زۆری حەز و خولیاوە لە ١١ی ٩ی ٢٠٢٠ نمایشێکی سەرکەوتوو کامل لە سلێمانی پێشکەش بکات بە ئۆتومبێلەکەیەوە، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکا دەیان و سەدان گەنجیتر هەن کە حەز و ئارەزووی زۆر زۆریان بۆ ئەم وەرزشە هەیە بەڵام بە هۆی نەبوونی شوێنی تایبەت بەم وەرزشە ناتوانن بەردەوامی پێ بدەن و بتوانن زیاتر پێشکەون، زیاتر ڕۆژانی هەینی لەگەڵ هاوڕێ شۆفێرەکانی دەڕۆن بۆ شوێنێکی دوور لە شار و ئاوەدانی بۆ نمایش و تەمرین کردن، داواکارن کە شوێنێکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و نایەنەوێت خەڵکی بێزار بکرێن و گەنجان تووشی کارەساتی نەخوازراو لە سەر شەقامەکان ببن، بۆیە ئامانج و تاکە داواکاریان شوێنێکی تایبەتە بۆ ئەم وەرزشە کە لە گشت وڵاتان شوێنی تایبەتی هەیە و گرنگی تایبەتی پێ ئەدرێت.

ئۆتومبێلەکانیش پێویستیان بە کۆمەڵێك مەرجە و بە هەموو ئۆتومبێلێك ئەم وەرزشە ناکرێت!، و لە کوردستان هەواداریکی زۆری هەیە و کۆمەڵێك گروپ و گەنجان هەن لە گشت شارەکان کە هەر جارە و لە شارێك کۆ ئەبنەوە بە مەبەستی نمایش کردن لە ناوبانگترینیان ڕۆیاڵ کڵەبە کە لە 2012ەوە هەیە و دەیان ئەندامی سەرکەوتووی لەو بواره تێدایە.



دوپلانتیس ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد

وەرزشەوانی سویدی، ئارماند دوپلانتیس-ی تەمەن 20 ساڵ لە ڕۆماى پایتەختی ئیتاڵیا بەشداری کێبڕکێی خۆهەڵدانی بەرزی کرد و توانی ژمارەی پێوانەیی 6.15 مەتر تۆمار بکات.

بەمشێوەیە دوپلانتیس توانی نازناوی خاوەن بەرزترین باز بەدەستبهێنێت کە پێشتر وەرزشەوانی ئۆکراینی، سێرگەی بوبکا لە ساڵی 1994دا بە بازدان لە 6.14 مەترەوە ئەو نازناوەی بەدەستهێنابوو، دوپلانتیس توانی دوای 26 ساڵ نازناوەکە لە بوبکا وەربگرێت.

گوستیلەکەی ڕۆنالدۆ بۆ جۆرجینا نرخێکی خەیالی تۆمار دەکات

ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی لیستیکی ئەستێرەکانی وەرزشی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە نرخی گوستیلەکانیان کە بۆ خۆشەویستەکانیان کڕیوە، نرخی گوستیلەکەی ڕۆنالدۆ کە بۆ جۆرجینای خۆشەویستەکەی کڕیوە، لەسەرووی هەموویانەوە دێت، کە بەنرخترین گوستیلەی ئەلماسی مارەبڕینە تا ئێستا، کە قیمەتەکەی دەگاتە 615 هەزار پاوەند، ئەمەی خوارەوەش لیستی ناوەکانە:

- گوستیلەی ڕۆنالدۆ بۆ جۆرجینا 615 هەزار پاوەند
- گوستیلەی جۆردان بۆ داڤیسۆن 500 هەزار پاوەند
- گوستیلەی ئاشلی کۆل بۆ شیریل 275 هەزار پاوەند
- گوستیلەی کایل بۆ والکەر 250 هەزار پاوەند
- گوستیلەی واین ڕۆنی بۆ کۆلین 250 هەزار پاوەند
- گوستیلەی ڕیۆ فیردیناند بۆ کایت 250 هەزار پاوەند
- گوستیلەی جۆن تێری بۆ تووننی 250 هەزار پاوەند
- گوستیلەی کراوچ بۆ کلانسی 200 هەزار پاوەند
- گوستیلەی جاك ویلشەر بۆ ئەندریانی 180 هەزار پاوەند
- گوستیلەی هاری کاین بۆ گۆدلاند 180 هەزار پاوەند

موچە بۆ خانەوادەی نازم شاکر و ناتق هاشم دەبڕدرێتەوە

یانەی قوەی جەویە ڕایگەیاند کە موچەی بۆ خانەوادەی هەردوو ئەستێرەی نێودەوڵەتی کۆچکردوو نازم شاکر و ناتق هاشم بڕیوەتەوە و لەهەمان کاتیش فەهدی کوڕی نازم شاکر لە یانەی ناوبراو دامەزرێنرا.

یانەی قوەی جەویە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوونی کردەوە کە لیوا شەهاب جاهد سەرۆکی کاتیی یانەی قوەی جەویەی وەرزشی سەردانی خانەوادەی نازم شاکری کردووە و هەروەها بەتەلەفۆن پەیوەندی بە خانەوادەی ناتق هاشمیشەوە کردووە، وێڕای هاوخەمی دەربڕین، موچەی مانگانە بۆ هەردوو خێزان ڕاوەتەوە، ئەمەش وەکك ڕێزلینانێك لەم دوو ئەستێرەیە کە لە ساڵانی هەشتاکان خزمەتێکی زۆریان بە یانەکە کردووە

باشترین 10 یانەی تۆپی پێ لە ئەورووپادا



شەیدایانی تۆپی پێی لە ئەورووپا، بە جۆش و خرۆشەوە هانی یانەکانیان دەدەن و شانازییش بە دەستکەوت و نازناوەکانیانەوە دەکەن. ڕیزبەندی باشترین یانەکانی ئەورووپاش بە گوێرەی ژمارەی ئەو نازناوانە دیاریی دەکرێت، کە بەدەستنیان هێناوە. ئەگەر چاوێك بە ڕیزبەندی یانەکاندا بخشێنین، بۆمان دەرکەوێت یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لە سەرووی ڕیزبەندییەکەوە دێت بە کۆکردنەوە 92 نازناوی فەرمی. ڕیزبەندییەکەش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:-

-1 ڕیال مەدرید- ئیسپانیا- (92) ناسناو.
-2 بەرشلۆنە- ئیسپانیا- (91) ناسناو.
-3 بایرن میونشن- ئەڵمانیا- (75) ناسناو.
-4 یۆڤانتۆس – ئیتاڵیا- (68) ناسناو.
-5 مانچستەر یونایتد – ئینگلتەرا- (66) ناسناو.
- 6
لیڤەرپوول – ئینگلتەرا- (65) ناسناو.
-7 میلان – ئیتاڵیا- / ئارسنأڵ – ئینگلتەرا (48) ناسناو.
-8 پاریس سان جێرمان – فەرەنسا- (42) ناسناو.
-9 ئینتەرمیلان – ئیتاڵیا-(39) ناسناو.
-10 ئەتلەتیك بلباو –ئیسپانیا-(34) ناسناو.

ڕەمزی میرەکانی

لیڤەرپوول دێمبێلی دەوێت

یانەی لیڤەرپوول داوای عوسمان دێمبێلی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە دەکات، بۆ بەهێزکردنی هێڵی هێرشبەریی یانەکەی، بەر لە داخستنی دەرگای مێرکاتۆی هاوینە.

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کرد: «بەرپرسانی لیڤەرپوول پەیوەندییان بە ئیدارەی بەرشلۆنە کردووە، داوایان کردووە بۆ ماوەی یەك وەرز و بەشێوەی خواستن دێمبێلی بۆ ڕیزەکانی لیڤەرپوول بگوازنەوە بەشێوەی خواستن».

ئەو سەرچاوە ڕۆژنامەوانییە باس لەوەش دەکات: «یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول بە تواناکانی عوسمان دێمبێلی سەرسامە و پێیوایە دێمبێلی دەتوانێ گوڕوتینێکی زیاتر بە هێڵی هێرشبەری لیڤەر ببەخشێ، شانبەشانی محەمەد سەلاح، مانێ و فیرمینۆ».

عوسمان دێمبێلی لە هاوینی 2017 پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنەوە کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئاست و ئەنجامی یانەکە دروست بکات، بەهۆی پێکانە یەك لەدوای یەکەکانی لە چەند وەرزی ڕابردوودا.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Tue.22 Sep. 2020 No.:(6009)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەموو تاکێکی کوردە

هونەرمەندی لاو توانا کوردی: بۆئەوەی ڕەسەنایەتی بپارێزین دەبێت ئەوئاوازەی هەڵیدەبژێرین

مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت و خۆمان بە دووربگرین لە لاساییکردنەوەی بێگانە



دیدارەبەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی لاو توانا کوردی یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی بە ئەشقەوە دەستیکردووە بەکاری گۆرانی وتن و هاتۆتە ناو بواری هونەر لەم دیانە کورتەدا دڵی بۆخەبات دەکاتەوە:

چیت هەیە بۆتێستای هونەری کوردی؟

بۆ بەشێکی گریانم دێت و هەندێکیش جێگای شانازین.

زۆرگلەی دەکرێت لەتێکەڵکردنی هونەری بیانی بەهونەری کوردی وکاڵبونەوەی ڕەسەنایەتی لەناو هونەر ئەمەتاچەند ڕاستە و کێ هۆکارە؟

زۆر ڕاستە بە داخەوەم لایەنی پەیوەندیدار و خودی گۆرانییبێژەکە هۆکارن.

تاچەندگلەیت لەمامۆستایانی موزیک هەیە، لەوەی کە کاری موزیک بۆخەڵکانێک دەکەن نەدەنگیان خۆشە نەلەهونەردەزانن؟

باشتر وایە ئەو بەرهەمە بە فلتەرێکدا بڕوات بە هاوکاری هونەرمەندێکی باش و خاوەن ئەزموون تاکو بەرهەمێکی سەرکەوتوو بێت.

کێ هۆکارە لەوفەوزایەی لەهونەری کوردی هەیە؟

هەموومان هۆکارین هەر لە کەناڵەکانەوە تا جەماوەر.

ڕات چییە دەربارەی بەکارهێنانی ئافرەت لە کلیپدا؟

ئەگەر ئەو ئافرەتە خزمەت بە هونەری کوردی بکات ئاساییە.

وەکو هونەرمەندێکی لاو چی دەربارەی شەهیدان و پێشمەرگەوسەربەخۆی کوردستان دەڵێیت؟

سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەموو تاکێکی کوردە ، پێشمەرگە پارێزەری نیشتیمانە و جێگای شانازین ، ئەوەی هەمانە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە لە ئاستی گەورەییان سەری ڕێز دائەنەوێنم.

چی بکرێت بۆی لەم فەوزای ناودنیای هونەر ڕزگارمان بێت؟

بگەڕێینەوە سەر ڕەسەنایەتی ، ئەوئاوازەی هەڵی دەبژێرین مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت ، ئەو شیعرەی دەستنیشانی دەکەین بزانین تا چەند شیعریەتی تێدایە ، خۆمان دوور بگرین لە لاساییکردنەوەی بێگانە

ئاوتتە گۆرانی بۆچی بۆنەیەکی نیشتیمانی بچێرت لەژیانیت؟

ئاواتمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان گۆرانی بچڕم

سەرقاڵی چی پرۆژەیەکی هونەریت؟

گۆرانیەکم تۆمار کردووە ناوازی خۆمە و تێکستی (دانا موتیع)ـە ، ئەگەر سپۆنسەرێک هەبێت لە داهاتوودا ڤیدیۆ کلیپی بۆ ئەنجام دەدەم.

تاچەند ڕەسانایەتی هونەرپارێزراوە؟

بە بۆچوونی من هەر میلەتێک لە هەر 50 ساڵێکدا خاوەنی هونەرمەندێک یان شاعیرێکی گەورە بێت ڕەسەنایەتی پارێزراو دەبێت.



هونەرمەند خەلیل سەدیقی

شکۆیەکی تری ئاوازی کوردی



ڕێبوار هەورامی ـ خەبات

هونەرمەندی بەتوانا مامۆستا (خەلیل سەدیقی) یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئاواز و موزیکی کوردی ، بە تەمەنیکی کورتەوە داهێنانێکی مەزنی تۆمار کردووە ، مامۆستا خەلیل لە ساڵی 1930 لە شاری مهاباد لە دایك بووە و لە تەمەنی 39 ساڵیدا لە ساڵی 1970 کۆچی دوایی کردووە .. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی رادیۆی مهاباد لە ساڵی 1953 دا ... زۆربەی گۆرانیەکانی بە زمانی فارسیش گوتراونەتەوەو هونەرمەندە فارسەکان کاریگەر بوون بە دەنگی ئەم هونەرمەندە کوردە .

ئەو مۆبایلە زیرەکانەی کە چاککردنەوەیان ئاسانە




هەردەوان: لەوانەیە مۆبایلەکەت بەباشترین دابنێیت چونکە دوای ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە هەڵت بژاردووە و لەگەڵیدا ڕاهاتوویت، بەڵام شارەزایان باس لە تایبەتمەندی یەکێك لە مۆبایلە بەناوبانگەکان دەکەن کە واەدکات باشترین بێت.لەکاتێکدا مۆبایلەکەت کێشەیەکی تێدەکەوێت دەستبەجێ دەچیتە لای کەسێکی شارەزا و دەتەوێت بەزووترین کات و بەئاسانی چاکبکرێتەوە، شارەزایان باس لەو مۆبایلە دەکەن کە بەکاتێکی کەم چاك دەکرێتەوە و هیچ کێشەیەکی گرانی نییە کە چاککردنەوەی ئەستەم بێت، ئەویش (LG G5)ـە و هەموو پارچەکانی بەئاسانی دەگۆڕدرێن و لەیەك جیادەکرێنەوە و پاتریەکەشی دەردەهێنرێت.

هاوکات دوای ئەویش گووگڵ پێکسڵ و ئایفۆن 7 لەپلەی دووەمدا دێن و شارەزایان بەئاسانی چاکیان دەکەنەوە، بەڵام گالاکسی نێس 7 وەك ئەوانی پێشوو نییە و لەکاتی چاککردنەوەی زۆری دەوێت و هەندێك جاریش چاك ناکرێتەوە.





لەولاتی سویسرا درێژترین نافورەی شوکۆلاتە کرایەوە



خەبات:عەزیز تەنیا-سویسرا

کۆمپانیای(لینت یاند شبرونغلی) سویسری پیاشکرای کرد کە نافورەیەك شوکولاتە دروست دەکەن کە بەرزیەکەی دەگاتە نۆ مەتر لە نزیك شاری زیوریخ لە وڵاتی سویسرا، یەمەش وەکو پەرچەکرداری قەیرانی یابووری جیهان هات بە هۆی ڤایرۆسی کرۆنا کوفید19 کە وڵاتی سویسراش وەك وڵاتێکی گەشتیاری گەورەترین زەرەرمەند بوون شایەنی باسە یێەم نافورەیە گەورەیە ماکینەکی تێکەل کەری شوکولاتە لێ هەڵ دەقوڵێ، لە ناوەڕاستی کۆمەلگا نوێ کەیە یەم کۆمپانیە سویسریە مەزندە دەکات بەو هۆیەوە ی یەم ساڵ نزیکەی 350هەزار گەشتیار سەردانی کۆمپانیاکەیان بکەن. دروست کردنی یەم نافورەیە بۆ ریکلام کردنی یاریزانی بەناوبانگی جیهانی تۆپی سەر میز(روجیە فیدریر) هەلبژێردراوە یەم کۆمپانیای شوکولاتە دەکەوێتە کیلشبرغ لە سەر لێواری دەریاچەی زیوریخ. تێچووەکەی پرۆژەکەش نزیکەی(100) سەدهەزار فرەنگی سویسریە. بە گوێرەی مەزندەکردنی کۆمپانیای پشکنین (یورومونیتور یەنترناشوناڵ) بۆ ساڵی 2020کە پلەی شەشەمی بەدەست هێنا لە جیهان بۆ دروست کردنی شوکولاتە یەوەش وای کردووە بێتە یەکێك لە باشترین کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان لە بازاری دارایی سویسری. بەڵام بەهۆی کۆرۆنا فرۆشتن لە کەمی دابوو.

ئەمڕۆ 2020.9.22 یەکەم ڕۆژی (وەرزی پاییز)ـە لە نیوەگۆی باکوور و یەکەم ڕۆژی (وەرزی بەهار)ـە لەنیوەگۆی باشووردا



ئەمڕۆ، سێشەممە، 2020.9.22 کاتژمێر 04:30 ی تێوارە بەکاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ماوەی شەوو ڕۆژ لەنیوە گۆی باکووری زەوی بە تەواوی یەکسان دەبێت بۆ 12 کاتژمێر ڕۆژو 12 کاتژمێریش شەو، بەمەش لە ڕووی فەلەکییەوە ڕۆژی (سێشەممە) دەبێتە یەکەم ڕۆژو دەستپێکی وەرزی (پاییز) لەنیوە گۆی باکووری زەوی کە بە (هاوسەنگبوونی پاییزی) (Fall Equi-nox) ناسراوەو ماوەکەشی 89 ڕۆژو 20 کاتژمێرو 31 خولەك دەخایەنێت، وە بە پێچەوانەوە، دەبێتە یەکەم ڕۆژی (وەرزی بەهار) لەنیوەگۆی باشووری زەوی کە بە (هاوسەنگبوونی بەهاریی) (Vernal Equinox) ناسراوەو لەهەردوو نیوەگۆدا خۆر ڕێك لە ڕۆژهەڵات هەڵدێت و لە ڕۆژئاوادا ئاوادەبێت.

هۆکاری ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ لاریی تەوەری خۆلانەوەی زەوی لەسەر خولگەکەی بە 23.4392811° پلە بەرامبەر بە خولگەکەی بە دەوری خۆردا، بۆیە تیشکی خۆر هەڵبەزین و دابەزین دەکات لەنێوان هەردوو خولگەی (قڕژاڵ) لەنیوەگۆی باکووری خولگەی (گیسك) لەنیوەگۆی باشووردا، بەمەش گۆڕانکاریی ڕێك و پێکی دووبارەبوونەوە لە ئاست و ڕێژەو ماوەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لەسەر زەوی ڕوودەدات، وە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی بەرچاو لە پلەکانی گەرما لەسەر ڕووی هەسارەکەماندا.

لە ڕۆژی 22 ی ئەیلوولدا، ماوەی نێوان زەوی و خۆر دەگاتە 149.598.023 کیلۆمەتر کە بە (نێوەندی دووریی) دەناسرێت و بەردەوامیش لەخۆر نزیکتر دەکەوێتەوە، بۆیە لە 2020.12.21 دا کە بە ڕۆژی (هەڵگەڕانەوەی زستانە – Winter Solstice) دەناسرێت لە نیوەگۆی باکووری زەوی و ئەوکاتە هەسارەکەمان دەگاتە نزیکترین خاڵ لەخۆرو ماوەی نێوانمان 147 ملیۆن و 95 هەزار کیلۆمەترە، کەچی لە هەمان ڕۆژدا (هەڵگەڕانەوەی هاوینە - Summer Solstice) یە بۆ نیوەگۆی باشووری زەوی! بێگومان هۆکاری ئەم دوو گۆڕانکارییە پێچەوانەییەش لە هەمان ڕۆژدا، دەگەڕێتەوە بۆ لاریی تەوەری خولانەوەی زەوی بەرامبەر بە خولگەکەی و گۆڕانی گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆرو گۆڕانی ماوەی شەوو و ڕۆژە، نەوەك نزیك کەوتنەوەو دوورکەوتنەوە لە خۆر.

وەرگێڕ: ئەژی چەتۆ حەسەن

چۆنیەتی بەکارهێنانی تاکسی

